

هیتلەر حەپی ڤیاگرای بەکارهێناوە 22..



ساموئێل بێکت 18..



ڤالانتاین لەکێ پیرۆزدەکەن؟ 12..

# یاری

پاشکۆیەکی وەرزشیی رۆژنامەی دەستوورە،
رۆژانی دووشەممە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات



موفاجەئەی رۆژ کەریم بەرێوەیە 13..

ژمارە (١٨)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٢/١٠
(٢٤) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net

# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

# بارزانی دەیەوێت جێگرێکی لاوازی هەبێت

**تایبەت بەدەستوور**

دوایئەوەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی رایگەیاند کۆسرەت رەسوڵ ناکرێتەوە بەجێگری سەرۆکی هەرێم، کۆسرەت رەسوڵ داوادەکات ئەو پۆستە بەهەڵبژاردن یەکلابکرێتەوەو دەڵێت ئەو قسانە زیادەرۆیینو کەسیش خێری پێناکات.

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی رۆژنامە وتی «بەپێی زانیارییەکانی من کاک کۆسرەت جارێکی دیکە دانانرێتەوە، داواکراوە کەسێکی دیکە کاندیدبکرێت».

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا، داواکەی بارزانی بۆ گۆڕینی کۆسرەت رەسوڵ بەکەسێکی دیکە، بەهۆی ئەوەوەبووە کە کۆسرەت رەسوڵ کەسایەتییەکی بەهێزی هەیەو قبوڵناکات جێگرێکی کارتۆنی بێت، وتیشی «مەسعود بارزانی بەچەند کەسێکدا راسپاردەی بۆ یەکێتی ناردووە کە کۆسرەت رەسوڵ لەکۆبوونەوەکاندا لەگەڵ وەفدە بیانییەکاندا لەمن زیاتر قسەدەکات، خاوەنی رای سەربەخۆی خۆیەتی».

سەرچاوەکە ئاماژەیبەوەشدا، ئەوەش دوای ئەوەدێت کە کۆسرەت رەسوڵ لەهەولێر کەوتووەتە جموجوڵو سازدانەوەی جەماوەری یەکێتی لەو شارەدا.

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەکردایەتی یەکێتی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ئاماژەبەوەدەدات، پێش هەڵبژاردنەکان یەکێتیو پارتی لەسەرئەوە رێکەوتوون، پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ پارتی بێتو جێگرەکەشی بۆ یەکێتی.

سکرتێری رۆژنامەوانی کۆسرەت رەسوڵ لەروونکردنەوەیەکیدا رایگەیاندووە کە چاوەڕوانی ئەوەبوون پاشگەڕانەوەی سەرۆکی هەرێم لەدەرەوەی وڵاتو بەپێی ئەو رێکەوتنە ستراتیژییەی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا هەیە، ئەم مەسەلەیە یەکلاییبکرێتەوە.

دەستوور پەیوەندیکرد بەچەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتییەوە، بەڵام ئامادەنەبوون لەوبارەیەوە لێدوانبدەن.



مەسعود بارزانی

9 5 2

### ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێم، چالاکییەکانی پارتی بڵاودەکاتەوە

سایتی رەسمی سەرۆکایەتی هەرێم چالاکییەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستن بڵاودەکاتەوە، لەکاتێکدا هێشتا بەرەسمی ئەو دەزگایە نەخراوەتە سەر حکومەت. .. 02

### زۆربەی کاندیدەکانی کۆمەڵ پسپۆڕیی بواری شەریعەتن

زۆربەی کاندیدەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ پەرلەمانی عێراق، پسپۆڕیان لەبواری شەریعەتی ئیسلامدا هەیە، وتەبێژی ئەو حیزبەش دەڵێت لەدیدێکی ئیسلامیانەوە سەیری مەسەلەکان دەکەنو بەرگریش لەمەسەلە نەتەوایەتییەکان دەکەن. .. 03

### سەوزەکان دەستپیدەکەنەوە

لەسەروبەندی نزیکبوونەوە لە١٢ شوبات کەساڵرۆژی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، سەوزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتە، خۆیان بۆ ناڕەزایی دەربڕینو خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری دەکەن. .. 04

### پەلەکرا، یان دەرفەتی تر ماوە؟

یاساناسانو داکۆکیکاران لەکەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە، بێئومێدبوون لەوەی کەیسی هەڵەبجە بەجینۆساید بناسرێت، پێشیانوایە کورد دەرفەتێکی ئەوتۆی نەماوە بۆ بەجینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجە، بەهۆی نەمانی عەلی کیمیاییەوە. .. 05

### شەش ساڵ دوای نەمانی سەدام

هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق لەرۆژی ٧ی ئاداری داهاتوو، جوڵەی وڵاتەکە بەرەو چەسپاندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی سەقامگیر یان رۆچوون بەرەو ئاڵۆزی ئیتنیکی دیاریدەکات، وەکو دەزانرێت لەگەڵ هەبوونی ٣٠٦ رەوتی سیاسی تۆمارکراو بۆ کێبڕکێکردن لەسەر تەنیا ٣٢٣ کورسی ئەنجومەنی نوێنەران، عێراق بەدەست پارچە پارچەبوونی سیاسی گەورەوە دەناڵێنێت. . 10

# گومان دەکرێت دەزگای پاراستن لەپشت پشێویەکانی چەمچەماڵەوە بێت

**تایبەت بەدەستوور**

سەرچاوەیەکی ئەمنی ئاگادار بەدەستووری راگەیاند، بەپێی هەندێک زانیاری گوماندەکرێت کە دەزگای پاراستنو ئاسایشو بەرپرسانی پارتی لەپشت کوشتنو نائارامییەکانی چەمچەماڵەوەبن.

سەرچاوەکە وتی «دەستێوەردان هەیە لەلایەن پارتیەوە بۆ ئاژاوەو دووبەرەکی لەشارۆچکەی چەمچەماڵدا».

سەرچاوەکە ئاماژەیبەوەشدا، (ح. ر) کە بەرپرسێکی پارتییە، (ا. و) کارمەندی ئاسایشی پارتی هانداوە «ئاژاوەگێڕیو تەقە» بکات، بەڵام رازینەبووە، دواتریش (هـ. ن) کە بەرپرسێکی ئاسایشی کەرکوکی پارتییە (ا.و) بانگدەکات کە «پلانەکە»ی (ح. ر) جێبەجێبکات، بەڵام ئەو رازینابێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەرپرسە ئەمنییەکە درکاندویەتی، دوای گەڕانەوەی (ا. و) لەکەرکوکەوە بۆ چەمچەماڵ لەنزیک قەرەهەنجیر لەلایەن ئەو دوو بەرپرسەی پارتییەوە بۆسەی بۆ دادەنرێتو لەلایەن (م. ک. ت) تەقەی لێدەکرێتو (٢٥) فیشەک بەر سەیارەکەی دەکەوێتو هاوڕێیەکی بریندارد‌ەبێت کە دواتر پۆلیسی قەرەهەنجیر (م. ک. ت) دەستگیردەکات کە بەرپرسەکەی پارتی رایسپاردووە بۆسە بنێتەوە.

بەپێی زانیارییەکان (ح. ر) کاتژمێر (٥)ی ئێوارە بەرپرسەکانی پارتی ئاگاداردەکاتەوە، ئەوانیش عەقید عوسمان بەڕێوەبەری پۆلیسی قەرەهەنجیر کە لەسەر لیستی پارتییە ئاگاداردەکەنەوەو پێیدەڵێن دەبێت یەکسەر کێشەکە چارەسەربکەیتو کەس پێی نەزانێت.

سەرچاوەکە وتی «گوماندەکرێت پاراستنی پارتی دەستی هەبێت لەهەموو ئاژاوەو کێشەکانی شارۆچکەی چەمچەماڵدا. وەک «کوشتنی عومەر حسێن کارمەندی ئاسایش، تەقەکردن لەماڵی سەرچڵ ئەحمەدو بەکر چۆلی، هەڵدانی روومانە بۆ ماڵی بیلالی کوێخا رەسوڵ، کە هەموویان یەکێتین».



بەبەرنامە هەوڵی تێکدانی ئارامی چەمچەماڵ دەدرێت



## د. نەجمەدین کەریم: دەبێت جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی حکومەت کوردێکو عەرەبێکو تورکمانێک بێت. ئێمە هەندێکجار هەڵەی ئەوەمانکردووە کە ئێمە نوێنەر بۆ تورکمانو عەرەب، دیاریدەکەین.

07-06..

## عوسمان بانیمارانی: لەپەرلەمان وێنەیەکی گەورەی مەلا مستەفا دانراوە، دەچیتە ژوورەوە هەستدەکەیت بارەگای ناوچەی پارتییە

## توانا عوسمان: فەرزکردنی وێنەی سەرکردەکان کلتورێکی فاشیانەیە

05..

## ئەمریکیەکان کەسی سێیەمی ئەنساریان کوشت

02..

## پارتی سزایەکی توندی بۆ دیندار زێباری ئامادەکردووە

03..

# پارتی سزایەکی توندی بۆ دیندار زێباری ئامادەکردووە

## محەمەدی مەلا قادر: دەمێکە پارتی لەزێباری نامورتاحە

دلێر عەبدوڵلا

بەهۆی ئاشکراکردنی ململانێ ناوخۆییەکانی پارتیو بنەماڵەی بارزانی، مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاریداوە دیندار زێباری ڕێکخەری پێشوی هەرێم بۆ کاروباری نەتەوەیەکگرتووەکان سزا بدات.

لەگەڵ ئەوەی بوونی کێشەو ناکۆکی لەنێو ریزەکانی بنەماڵە دەگەڕێتەوە بۆ پاش مردنی مەلا مستەفا بارزانی، بەڵام دووبارە سەرهەڵدانەوەی ناکۆکیو کێشمەکێشمی سیاسی نێو ئەو بنەماڵەیە، پاش پێگەیشتنی سیاسی نەوەکانو گەورەبوونی دەسەڵاتی پارتی بوو کە لەئێستادا لەدۆخێکی ناجێگیردایەو پێشبینی جۆراوجۆر بۆ ئەوە دەکرێت کە ئەم دۆخەی ئێستای پارتی بەخراپ بەسەر بنەماڵەدا بشکێتەوە.

لادانی دکتۆر دیندار زێباری لەپۆستی ڕێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان، تاڕادەیەکی زۆر کێشەو ناکۆکی نێو ریزەکانی بنەماڵەی بۆ نێو شەقامی کوردی ئاشکراکرد، پارتی لەدۆخی داخراوییەوە دەرهێناو زەنگێکی مەترسیداری بۆ گەورەبوونی کێشەکانی بنەماڵە لێدا، لەکاتێکدا زێباری پایەی سەرەکی باڵەکەی نێچیرڤان بارزانی بوو لەنێو حکومەتدا.

لەلایەکی ترەوە بەیاننامەکەی دکتۆر دیندار زێباری لەپاش لادانی پۆستەکەیو دوورخستنەوەی کە ئاماژە بەوە دەکات بەپلانی نێوخۆیی نوسینگەکەی داخراوە، دۆخی پارتی شڵەقاندو باڵە گەورەکەی مەسعود بارزانی بەتەواوی نیگەرانو تورەکرد، بەڕادەیەک نەک سەرانی بنەماڵە، بەڵکو تەواوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵوێستی توندیان دژی دیندار زێباری گرتەبەر، هەروەک ئەوەی محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بەدەستووری ڕاگەیاند "ئەو ڕاست ناکات ئەسڵو ئەساسی نییە، یەکەم خۆی کردووە بەدکتۆر دکتۆر نییە، دووەم ئەو مەکتەبەی ئەو بەشێکە لەمەکتەبی پەیوەندی دەرەوە، ئەو خۆی سەربەخۆ کردووە، کابینەی شەشەم هەوڵیانداوە دەمجی بکەن لەگەڵ مەکتەبی پەیوەندی دەرەوە، ئەو قبوڵی نەکردووە لەبەرئەوە دەستیکردووە بەو هەراو هۆریایە، مەسەلەکە شەخسیەو هیچیش نییە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە دەست دەستوور کەوتووە، پارتی بەنیازە بەئامادەبوونی مەسعود بارزانی، لەمەڕ ئەو پرسە کۆبوونەوەیەک ئەنجامبداتو سزایەکی توند بەسەر دیندار زێباریدا بسەپێنێت، بەرامبەر ئەو بەیانەی کە پاش داخستنی نوسینگەکەی بڵاویکردەوە.

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەهۆی گەشتەکەی بارزانیو ئامادەنەبوونی، تا ئێستا هیچ ڕێوشوێنێک دژی زێباری نەگیراوەتەبەر، بەڵام لێرەوە پارتی دەست دەکات بەلێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لەزێبارىو ئەوانەی کە لەپشتی کاردەکەن.

لەوبارەوە دەستوور پەیوەندی بەدیندار زێبارییەوە کردو لەمەڕ ئەو زانیارییانە چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد، بەڵام ناوبراو ئەوەی ڕاگەیاند کە نایەوێت لەئێستادا هیچ لێدوانێک بداتو ئاماژەی بەوەکرد کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا ئامادەیی ئەوەی تێدایە وەڵامبداتەوە، چونکە بەوتەی خۆی ئێستا بارودۆخەکە لەبار نییە بۆ ئەوەی قسە لەوبارەوە بکات.

لەبارەی جۆری ئەو سزایەی کە بڕیارە پارتی بەسەر زێباریدا بیسەپێنێت، محەمەد مەلا قادر بەدەستووری وت "شتی سیاسی لەگۆڕێ نییە، شتی سیاسیش من هەستم پێنەکردووە، ئاساییشە هەر خێزان یان بنەماڵەیەک کە گەورەبوو، ڕەنگە هەندێ کێشەی هەبێت، لەخێزانی بچوک کێشە دەبێت ئەنجا چۆن لەگەورە روونادات، قەناعەتیشم نییە قەد کێشەی سیاسی لەناو پارتی رووبدات، دەمێک بوو پارتی لێی مورتاح نەبوو، چونکە پێداگری دەکردو شتەکانی لەئاستی خۆی نەبوو، ئێمە شتەکانمان ڕێکخست، بەڵام ئەو خۆی کردبوو بەپیرمانشار، ئاخر ناکرێت ئەو خۆی کردبوو بەوەزیری دەرەوە، بۆ مەسەلەی سزادان ئەو پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیە، بەڵام ئیجرائاتی ئێمە ئەوەیە دەبێت واز لەو پۆستە بهێنێت، وەک ئەندامی بەشی مەکتەبێک ئیش بکات ئەگەرنا ئەوە خۆی ئازادە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو وەک مەکتەبی سیاسی هەستی بەکێشەو ململانێی نێوخۆیی پارتی نەکردووە، "وەڵلا شتی وانیە ئێستا ڕێکوپێکترین خێزانن کە لەنێو خۆیاندا گونجاون، من هەستم پێنەکردووە، ئەوان سەدان وەچەو نەوەیان هەیە، گەنجێک لەشوێنێک شتێکی ناشرین بکات، نابێتە کێشە، من ئەندامی مەکتەبی سیاسیم هیچ شتێک نییە، زۆریش لێیانەوە نزیکم تا ئێستا شتێک ڕوویـنەداوە کە دووربێت لەنیزامی ناوخۆ."

دەستوور بۆ وەرگرتنی ڕای چەند ئەندامێکی باڵای تری پارتی پەیوەندی کرد بەهەریەکە لەفازیل میرانیو مەحمود محەمەد، بەڵام هیچ یەکێکیان ئامادەی وەڵامدانەوە نەبوون.


دیندار زێباری

# ماڵپەڕی پارێزگای دهۆك، چالاکییەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی بڵاودەکاتەوە

دەستوور لەدهۆک

ماڵپەڕی فەرمی پارێزگای دهۆک، کاروچالاکییەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی بڵاودەکاتەوە، کاتێک سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتیو چەند ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی سەردانی ڕێکخستنەکانی ئەو دەڤەرە دەکەن.

دوای ئەوەی ڕۆژی ٢/٢ فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە سەردانی لقەکانی پارتی دەکەن لەسنووری پارێزگای دهۆک، ماڵپەڕی پارێزگای دهۆک کەماڵپەڕی فەرمی ئەو پارێزگایەیە، کۆبوونەوەو کاروچالاکییەکانی ئەو وەفدە بڵاودەکاتەوە.

لەدەقێکی بڵاوکردنەوەی کاروچالاکییەکەدا هاتووە "فازڵ میرانیو چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەبارەگای لقی یەکی پارتی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی لەگەڵ بەرپرسانی لقەکانی پارتی لەدەڤەری بادینان ئەنجامدا".

فازڵ عومەر سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "٤ ساڵە ئەو سایتە هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا شتی لەوشێوەیە نەبووە، چۆن شتی وا دەبێت؟!".




# زۆربەی کاندیدەکانی کۆمەڵ پسپۆڕیی بواری شەریعەتن

مەعاز فەرحان

زۆربەی کاندیدەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ پەرلەمانی عێراق، پسپۆڕیان لەبواری شەریعەتی ئیسلامدا هەیە، وتەبێژی ئەو حیزبەش دەڵێت لەدیدێکی ئیسلامیانەوە سەیری مەسەلەکان دەکەنو بەرگریش لەمەسەلە نەتەوایەتییەکان دەکەن.

عەبدول ستار مەجید وتەبێژی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کاندیدەکانیان بەرچاوڕوونییەکی تەواویان هەیە لەوکێشەو گرفتانەی لەنێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەند هەن، ڕەتیدەکاتەوە زۆربەی کاندیدەکانیان یەک پسپۆڕییان هەبێت، لەکاتێکدا بەگوێرەی ئەو لیستەی پێشکەشی کۆمسیۆنیان کردووە، زۆربەی کاندیدەکانیان بەتایبەت لەڕیزبەندییەکانی سەرەوە هەموویان پسپۆڕیان لەشەریعەتدا هەیە.

عەبدولستار مەجید وتی "ڕاستە ئەو کەسانە لەپێشەوەی ریزبەندیەکەدان، باچۆنیەتی دەستنیشانکردنی کاندیدەکانمانت پێبڵێم، ئێمە پێشتر داوامان لەئۆرگانو مەڵبەندەکانو سەرکردایەتیمان کردووە کەناوی چەند کاندیدێکمان بدەنێ کە پسپۆڕییان لەبوارە جیاجیاکاندا هەبێت، بەڵام ریزبەندیکردنی ئێمە بەدەنگدان بوو لەسەرکردایەتی، دواجار خەڵکیش ئازادە دەنگ بەکام کاندید دەدات".

لەبارەی کارکردنیان لەپەرلەمانو کاریگەری ئەوکاندیدانەی دەچنە پەرلەمان کە پسپۆڕییان لەبواری شەریعەتدا هەیە، عەبدولستار مەجید وتی "بێگومان بەدیدو تێڕوانینێکی ئیسلامیەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەو گرفتەکان دەکەین، پێمانوایە خەڵکی ئیسلامی بەهۆی پابەندی بەشەریعەتو بەرنامەکەیەوە نابێت مافی نەتەوەکەی پشتگوێ بخاتو بەرگری لێنەکاتو هەوڵی دابینکردنی نەدات، نابێت هیچ مافێکی کوردیش هەبێت ئەو لەدەستی بدات، بەڵکو دەبێت بەهەموو شێوەیەک بیپارێزێت".

لەبارەی داکۆکیکردن لەمافە نەتەوەییەکانی کورد، وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەی بەبەڵگە هێنایەوە کە ئەندام پەرلەمانێکیان لەبەغداد کوژراوە، وتی "تاکە ئەندامی پەرلەمانی کورد کە لەبەغداد شەهید کرابێت لەسەر هاتوچۆ لەنێوان تەوژمو تەیارەکان بۆئەوەی قەناعەتیان پێبکات کە پێویستە مافی کورد نەخورێت، مامۆستا محەمەد سەنگاوی بوو".

# خەڵکی هەڵەبجە داوای گێڕانەوەی ئەرشیفی شارەکەیان لەئێران دەکەن

پ. دەستوور لەهەڵەبجە

خەڵکی هەڵەبجە داوایان لەبەرپرسی کونسوڵگەری ئێران لە سلێمانی کرد هاوکاریان بکات لە دۆزینەوەو گێڕانەوەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجەو گێرانەوەی ئەرشیفی شارەکەیان کە لەکاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەساڵی ١٩٨٨دا براوەتە ئێران.

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور کەسوکاری قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەڕەسمی چەندا داواکارییەکیان ئامادەکردوە تا لەڕێگەی عەلی ڕەزا ئومێدی سەر قونسولی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئاراستەی حکومەتی ئەو وڵاتەی بکەن.

عەلی ڕەزا ئومێدی سێشەمەی پێشوو سەردانی هەڵەبجە شەهیدی کردو کەسوکاری شەهیدان و لایەنە سیاسیەکان بەڕەسمی بانگێشتکرد، بۆ ئەوەی سبەینێ ڕۆژی پێنج شەممە سەردانی کونسولگەری ئێران بکەن.

لەبارەی داواکاریەکانیشیان سەرۆکی کیمیاباران وتی " ئێمە بەلامانەوە گرنگە ئەو (١٣٠٠٠) کتێب و ئەرشیفە جۆراوجۆرانەی هەڵەبجە کە لە ساڵی (١٩٨٨)دەست وڵاتی ئێران کەوتوە بۆمان بگێڕنەوە، جگە لەوەش بەنیازین داوای هاوکاری کردنی بریندارانی چەکی کیمیاوی و ونبووەکانی هەڵەبجە بکەین".

# قایمقامی خانەقین سزای مامۆستاکەی دەدات

فەرمان خێڵانی لە خانەقین

قائیمقامی خانەقین کە خوێندکاری بەشی دەروونناسی کۆلێژی ئادابە، ساڵی پار کەوتووە، لەبەرامبەردا زەوی لەو مامۆستایە وەرگرتۆتەوە کە لە وانەکەیدا خستوویەتی، بەپاساوی ئەوەی مامۆستاکە زەویەکەی فرۆشتووەو نەیکردوە بەخانووە.

محەمەد مەلا حەسەن قائیمقامی خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "من لەبەرئەوەی کەوتووم لەکۆلێژ زەویم لە مامۆستای وانەکە وەرنەگرتۆتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی زەویەکەی فرۆشتبوو بۆیە لێی وەرگیرایەوە، زەوی دەدەین بە هاووڵاتیان بۆئەوەی بیکەن بەخانوو، شارەکە ئاوەدان بکەنەوە، نەک بازرگانی پێوە بکەنو بیفرۆشن".

محەمەدی مەلا حەسەن ئاماژەی بەوەدا لەمەودوا زەوی بەو کەسانە نادەن کە نەیکات بە خانوو، ڕایگەیاند بەڵێننامە بەو کەسانە پڕدەکەنەوە بۆ ئەوەی زەویەکەی بکات بەخانوو، ئەگینا زەوی پێنادەن.



# ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێم، چالاکییەکانی پارتی بڵاودەکاتەوە

فەرهاد لەهەولێر

سایتی رەسمی سەرۆکایەتی هەرێم چالاکییەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستن بڵاودەکاتەوە، لەکاتێکدا هێشتا بەرەسمی ئەو دەزگایە نەخراوەتە سەر حکومەت.

فەیسەڵ دەباغ وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات.

سمکۆ ئەنوەر راوێژکاری سەرۆکایەتی هەرێم، دوای ئەوەی بەڵێنیدا بەوردی بەدواداچوون بۆ هۆکاری بڵاوبوونەوەی کاروچالاکییەکانی مەسرور بارزانی بکات لەسایتی سەرۆکایەتی هەرێمدا، بەڵام دوای ئەوەی پەیامنێری دەستوور لەکاتی دیاریکراودا جارێکیتر پەیوەندی پێوەکرد، بەڵام تەلەفۆنەکەی داخستەوەو وەڵامی نەدایەوە.

کاروان ساڵح ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "بڵاوبوونەوەی کارو چالاکی سەرۆکی دەزگایەکی حزبی لەسایتی هەرێمدا، کارێکی نایاساییە، حزب توانیویەتی دامودەزگاکانی حکومەت بەکاربهێنن بۆ مەرامی حزبی، حکومەتیان کردووەتە پاشکۆی خۆی".

کاروان ساڵح دەڵێت، دەبێت پەرلەمان بەوردی کار بۆ ئەوەبکات دەزگاکانی پاراستنو زانیاریو دەزگا هەواڵگرییەکان بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتو لەچوارچێوەی دەزگایەکی یاسایی تۆکمەدا کۆیانبکاتەوە، وتیشی "لەئێستادا هیچ یاسایەک نییە کە شەرعییەت بدات بەو دەزگایانە کە حکومەت بۆ مەرامی خۆیان بەکاریبهێنن".

یوسف محەمەد مامۆستای زانستەسیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی دەڵێت، خودی سەرۆکایەتی هەرێم نەبووەتە دامەزراوەیەکی نیشتمانی، لەبەرئەوەیە ئەو سایتەی سەرۆکایەتی هەرێم نەیتوانیوە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە کاربکات، ئەو وتی "لەئێستادا دەسەڵاتی بنەماڵەو عەشیرەت دەکەوێتە سەرووی پۆستە فەرمییەکانەوە کە ئەوە دەسەلمێنێت رێز لەدامەزراوەکانی هەرێمو حکومەت ناگیرێت، لەکاتێکدا کە پێویست دەکات بەشێوەیەکی نیشتمانییانە بەڕێوەببرێن".




# ئەمریکییەکان کەسی سێیەمی ئەنساریان کوشت

پ. دەستوور لەموسڵ

هێزەکانی ئەمریکا کەسی سێیەمی ئەنسارولئیسلامیان لەموسڵ کوشت کە پلانی کوشتنی غازی تاڵەبانی بەرپرسی پاراستنی بۆریە نەوتییەکانی کەرکوکی لەئەستۆبوو.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بەدەستووری راگەیاند، رۆژی (٢٠١٠/٢/٧) لەشاری موسڵ لەنزیک گەڕەکی فەیسەڵیە هێزەکانی ئەمریکا مەلا زوبێری زەردەهاڵ کەسی سێیەمی گروپی ئەنسارولئیسلامیان لەماڵەکەی خۆیدا کوشت، لەماڵەکەشیدا رێژەیەکی زۆر لەموادی تەقینەوە دەستی بەسەردا گیراوەو دوو کەسیشی لەگەڵدا گیراوە.

مەلا زوبێری زەردەهاڵی بەئەسڵ کوردەو خەڵکی هەولێرە، لەناوچەکانی بیارەو تەوێڵە بووە، لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە لەناوچەکانی موسڵو کەرکوکو تکریتو دیالەدا کاری کردووە، لەزیاتر لە ٤٠٠ چالاکی ئەنساردا بەشداربووە لەدژی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان.






سەرچاوەکە ئاماژەیبەوەدا مەلا زوبێر فەتوای کوشتنی غازی تاڵەبانی بەڕێوەبەری پاراستنی بۆریە نەوتییەکانی کەرکوکی داوەو دواتر کوشتویانە، وتیشی "ئەمریکیەکان مەلا زوبێریان بەچالاکترین کەسی گروپی ئەنسارولئیسلام ناوەزەد کردووە".

پێشتریش ئەمریکیەکان لەکۆتایی مانگی ٦ ی ساڵی پاردا مەلا هەڵگوردی کەسی دووەمی ئەنسارو شەش لەسەرکردە دیارەکانی ئەم گروپەیان دەستگیرکرد.

# چەند سەرۆک شارەوانییەک بەهۆی گەندەڵییەوە گۆڕدران

شەنگ ماشم عەزیز لەدهۆک

سەرۆکی شارەوانییەکانی پارێزگای دهۆک ئاماژە بەوەدەکات کە تەنها لەماوەی ساڵێکدا ٣٠ سەرۆکی شارەوانیان لەسنووری پارێزگای دهۆکدا گۆڕیوە، بەشێکی زۆریشیان بەهۆی کەمتەرخەمیو گەندەڵیو نەبوونی پسپۆڕییەوە بووە.

حەمید محەمەد ساڵح سەرۆکی شارەوانییەکانی پارێزگای دهۆک، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "بەشێک لەو گەندەڵییانە بەهۆی فێڵکردن بووە لەچۆنیەتی ئامادەکردنی خشتەی ناوی ئەو کەسانەی کە بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران زەوییان پێدەدرا، چونکە سەرۆکی ئەو شارەوانییانەی کە دوورخراونەتەوە، بەئارەزووی خۆیان خشتەکەیان ئامادەکردووە، ئەوەش گەندەڵییەو ئێمە دوورمانخستوونەتەوەو کەسانی ترمان لەشوێنەکانیان داناوە".

ئەو زیاتر قسەی کردو وتی "هەر کەسێکمان گۆڕیبێت، بەهۆی گەندەڵییەک یان کەمتەرخەمییەکەوە بووە، نەک بەهۆی شتی ترەوە".

# وڵاتانی دراوسێ هەوڵی پەکخستنی پلانی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم دەدەن

بیلال جەعفەر

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم ئەوەی درکاند، هەوڵێکی وڵاتانی دراوسێ بۆ پەکخستنی پلانی کشتووکاڵی حکومەتی هەرێم لەئارادایە، بەڵام لەبەر بارودۆخی سیاسی باسناکرێت.

حەمید عەبدوڵا بەڕێوەبەری گشتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵ لەدیوانی وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت، بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەو دەستتێوەردانە لەبەردەستدا نییە، بەڵام "ئێمە هەستی پێدەکەین، چونکە ئەو وڵاتانە پارەیەکی زۆر دەدەنە جوتیارەکانیان بۆئەوەی بەرهەمیان زیادبکەنو هاوردەی بازارەکانی عێراقو هەرێمی کوردستانی بکەن".

سەبارەت بەزیادبوونی بەرهەمی سەوزەو میوەی بیانی لەم چەند مانگەدا لەهەرێمی کوردستان، حەمید عەبدوڵا ئاشکرایکرد، "لەم وەرزەدا لەبەرئەوەی سووتەمەنی زۆر گرانە، وا رێکەوتووین بەرهەمهێنانی سەوزەو میوە لەناو ژوورە پلاستیکییەکانی هەرێمی کوردستاندا رابگرین، بەڵام بۆ بەرگرتن لەبەرهەمی بیانی یارمەتی جوتیارانی هەرێمدەدەین لەرووی مادیو دابینکردنی کەرەستەی کشتووکاڵی، بۆئەوەی بەرهەمی سەوزەو میوەی ناوخۆیی زیادبکرێت".

لەلایەکی دیکەوە د.محەمەد نەجیب پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەکۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی، وتی "دەکرێت حکومەت رێگەی سنوورەکان بەرووی هەناردەکردنی بەرهەمی سەوزەو میوەی وڵاتانی دراوسێ دابخات، بەڵام دەبێت لەناوخۆدا لەو بەرهەمە جوانترو هەرزانترو زۆرتری هەبێت، بەشێوەیەک بەشی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بکات".

# بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک پلەی ئەفسەرە کوردەکان بەرز ناکاتەوە

دەستوور لەکەرکوک

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی پارێزگای کەرکوک بەفەرمانێکی کارگێڕی پلەی ئەفسەرە عەرەبو تورکمانەکان بەرز دەکاتەوە، بەبێئەوەی یەک ئەفسەری کوردی تێدابێت.

لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک، لەنووسراوێکدا کەکۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە، تیایدا پلەی ژمارەیەک ئەفسەری تورکمانو عەرەبی تیادا بەرزکراوەتەوە، بەبێئەوەی هیچ ئەفسەرێکی کوردی تیادابێتو ئەفسەرە کوردەکان لەبەرزکردنەوەی پلەکانیان بێبەشکراون.

لەنووسراوەکەدا کە بەژمارە ٢٩٧ لەرۆژی ٢٠١٠/١/١٣دا دەرکراوە، تیایدا هاتووە "پلەی هەریەکە لەم ئەفسەرانە بەرزکراوەتەوە کە بەعەمید تۆرهان دەستپێدەکاتو بەملازم رائید داود رەشید کۆتایی هاتووە".

تەواوی ناوی ئەو ئەفسەرانەش هاوپێچ لەگەڵ نووسراوەکەدا هاتووە کە ژمارەیان ٩ ئەفسەرەو هەریەکەو پلەیەک لەپلەکانیان بەرزکراونەتەوە، لەکاتێکدا چەندین ئەفسەری کورد لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک چاوەڕوانی بەرزکردنەوەی پلەکانیان دەکەن.

# هەشت هەزار خێزانی عەرەب، لەکەرکوکەوە دەگەڕێندرێنەوە شوێنی خۆیان

زانیار داقوقی

ئیدارەی پارێزگای کەرکوک، لەهەوڵی ئەوەدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خێزانانەی کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٦وە لە کەرکوکدا نیشتەجێبوون کە نزیکەی ٨ هەزار خێزانن.

لیژنەیەکی هاوبەش کە پێکهاتوون لەفەرمانگەی کۆچو کۆچبەرانی کەرکوکو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خێزانانەی کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٦وە بەهۆی بارودۆخی ئەمنیو هەژارییەوە روویان لەکەرکوک کردووە.

محەمەد خزر جبوری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێمە وەک لایەنی عەرەبی بەهیچ جۆرێک کێشەمان نییە لەوەی ئەو کۆچبەرانە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان".

لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک بەدەستوری وت "ئێمە وەک هێزی ئەمنی بەهاوبەشی فەرمەنگەی کۆچو کۆچبەران بەنیازین لیژنەیەک پێکبهێنین بۆ سەرژمێری ئەو خێزانانەی کە خەڵکی کەرکوک نین". هەروەها وتی "بۆ ئەو مەبەستە دەستدەکەین بەلێکۆڵینەوە، تا بتوانین ژمارەیان بەتەواوی تۆماربکەین".

# مەلا جەبار لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دەڕفێندرێت

فەرهاد قادر لەسلێمانی

دوێنێ سێشەممە، جەبار عومەر ناسراو بەمەلا جەبار، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دەڕفێندرێتو کەسو کارەکەشی ئاسایش لەو قەزییە ئاگادار دەکەنەوە.

خالید عومەر برا گەورەی مەلا جەبار بەدەستووری وت "سەر لەبەیانی رۆژی ٢/٩ کاتژمێر (٧:٣٠) خولەکی بەیانی کاتێک جەباری برام دێتە بەردەرگا ئۆتۆمبێلەکەی گەرم بکات، ئۆتۆمبێلێکی (BMW) رەش کە چوار چەکداری تێدابووە پەلاماری دەدەنو دەیفڕێننو خێزانەکەشی لەبەردەم بەلەکۆنەکەوە چاویلێدەبێت تا رادەکاتە خوارەوە، ئەوان دەڕۆن".

خالید عومەر ئاماژەیبەوەشدا، مەلا جەبار پێشتر هیچ کێشەو گرفتێکی لەگەڵ کەسدا نەبووەو گومانیان لەکەس نییە، بەڵام دوابەدوای رووداوەکەش هێزەکانی ئاسایشیان ئاگادار کردووەتەوە، ئەوانیش دەستیان بەلێکۆڵینەوە کردووە.

دەستوور پەیوەندی بەعەمید حەسەن نوری بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات.



www.ashvakurdi.org


"پێویستە هەرێمی کوردستان شوێنێک بێت، تورکمانو عەرەبەکانی کەرکوک لێی نەترسن" لاپەڕە٧

# سەرکردەکان یاسا پێشێلدەکەن!

## هەڵواسینی وێنەکانی مەلا مستەفاو ئیدریسو نێچیرڤانو مەسرور بارزانیو کۆسرەت نایاساییە


نێچیرڤان بارزانی


وێنەی مستەفا بارزانی لەناو پەرلەمانی کوردستان


ئیدریس بارزانی


مەسرور بارزانی


کۆسرەت رەسوڵ

دەستوور

تائێستا لەپەرلەمانی کوردستان هیچ دەقێکی یاسایی لەبارەی هەڵواسینی وێنەی سەرکردەکان لەدەزگا حکومییەکاندا نییە، بەوەش هەڵواسینی هەر وێنەیەک لەپەرلەمانو دەزگا حکومییەکان بەنایاسایی دادەنرێت. بەڵام بەبێ گوێدانە یاسا وێنەی سەرکردەکان دیواری دەزگا حکومییەکان داگیردەکەن

کەریم بەحری پسپۆڕی یاسایی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هیچ یاسایەک یان دەقێکی یاسایی لەپەرلەمان دەرنەچووە کە ئاماژە بەهەڵواسینی وێنەی سەرۆکەکان بکات، بۆیە تەواوی هەڵواسینی ئەو وێنانە نایاسایین".

بەحری ئاماژەی بەوەدا تەنها هەڵواسینی وێنەی تاڵەبانیو بارزانی بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم ڕێگەی پێدراوە. تەنانەت بۆ وێنەی تاڵەبانیو بارزانیش یاسایەک لەپەرلەماندا دەرنەکراوە.

### مەلا مستەفاو ئیدریسو مەسرورو نێچیرڤان بارزانیو کۆسرەت رەسوڵ

### یاسا پێشێل دەکەن؟

لەزۆرێک لەدەزگا حکومییەکاندا تائێستاش وێنەی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریسی کوڕی، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی، کۆسرەت رەسوڵ جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی، مەسرور بارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی پارتی، بەدیوارەکانەوە لەپشتی بەڕێوەبەرەکان یاخود بەدیواری بینا حکومییەکاندا هەڵواسراوە، بەڵام هیچ یاسایەکی پەرلەمانو هیچ بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لەبارەی هەڵواسینی ئەو وێنانەوە بوونی نییە.

بەپێی چەند بەدواداچوونێکی دەستوور، لەهەریەکە لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی، بۆ دەزگا حکومییەکان، وێنەی مەلا مستەفا ئیدریس و نێچیرڤان بارزانی کوڕی لەسەر مێزو دیواری ژووری بەرپرسانی حکومەتەوە هەیە، هەروەها کۆسرەت رەسوڵ بەدیواری دەزگاکانەوە هەڵواسراوە.

لەبانکی گوێژەی شاری سلێمانی کەبانکێکی حکومییە، وێنەی کۆسرەت رەسوڵ هەڵواسراوە، لەگەڵ چەند دەزگایەکی تر، هەروەها وێنەی نێچیرڤان بارزانیش لەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمدا هەیە.

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەیەکی ئاگاردار بەدەستووری ڕاگەیاند بەنوسراوی فەرمی سەرجەم بارەگاکانی ئاسایشو خاڵەکانی پشکنین ئاگادارکراونەتەوە کە دەبێت وێنەی مەسرور بارزانی هەڵبواسن.

عوسمان بانیمارانی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان، وتی "بوونی ئەو وێنانە لەئێستادا لەناو پەرلەمان بەڵگەیە بۆئەوەی کەپەرلەمان مەرجەعییەتی خەڵکی کوردستان نییە".

کەریم بەحری هەڵواسینی ئەو وێنانەی زیاتر گەڕاندەوە بۆ میزاجی ئەو کەسانە، "هەڵواسینی وێنەکان تەعبیر لەخۆشەویستی ئەو کەسانە دەکەن بۆ ئەو سەرکردە، بەڵام هەڵواسینی وێنەی سەرۆکیش لەدەزگاکاندا هەر نایاساییە".

### وێنەی شێخ مەحمود لادراو یەکێتیش بێدەنگ بوو

لەخولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا لەساڵی ١٩٩١، پارتی لەهۆڵی خوارەوەی پەرلەمانی کوردستاندا، وێنەیەکی گەورەی مەلا مستەفای هەڵواسی، یەکێتیش بڕیاریدا هاوشانی ئەو وێنەیە، وێنەی شێخ مەحمود هەڵبواسرێت، ئەوەش بەڕێککەوتنی هەردوولایان جێبەجێکرا.

عوسمان بانیمارانی بەدەستووری وت "بەپێی ڕێککەوتنی یەکێتیو پارتی وێنەی مەلا مستەفاو شێخ مەحمود هەڵواسران، بەڵام نازانم ئەو ڕێککەوتنە تا چەند یاساییە". ئەو وتی "زیاتر منافەسەیەکی حیزبی بوو".

دوای شەڕی ناوخۆو دابەشبوونی هەرێمو کەرتبونی حکومەت بۆ دوو ئیدارە، پارتی لەهەولێر وێنەکەی شێخ مەحمودیان لابردو تەنها وێنەی مەلا مستەفا مایەوە.

بانیمارانی وتی "یەکێتی لەسەر مافەکانی خۆی لەپێکهێنانی حکومەت لەخولی گواستنەوەی پەرلەمانی کورستان پێی لەسەر دانانەوەی وێنەی شێخ مەحمود دانەگرت، وێنەی مەلا مستەفا مایەوەو وێنەکەی شێخ مەحمود ونبوو".

تاریق جەوهەر راوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان وتی "ئەو وێنەیەی مەلا مستەفا پێشتر دانراوە وەک ڕێزێک بۆ ئەو سەرکردەیە بۆ ڕۆڵو تێکۆشانی لەو بوارەدا".

تاریق جەوهەر ئاماژەی بەوەدا کە وێنەی سەرکردەی تریش لەپەرلەماندا هەیە، "بەڵام مەرج نییە، لەهەمان شوێنو بەهەمان قەبارە بێت".

عوسمان بانیمارانی ئەندامی خولی پێشوی پەرلەمانی کوردستان، وتی "لەهۆڵی پێشەوەی پەرلەمان وێنەیەکی گەورەی مەلا مستەفا دانراوەو کاتێک دەچیتە ژوورەوە هەستدەکەیت بارەگای ناوچەی پارتییەو هەستناکرێت هۆڵی پەرلەمانە". جگەلەوەش پارتی لەهەر ژوورێکی پەرلەمانتاراندا وێنەیەکی مەلا مستەفای هەڵواسیبوو، بەڵام لەوکاتەی عوسمان بانیمارانی سەرۆکایەتی فراکسیۆنی سەوزی دەکرد، تەواوی وێنەکانی ژووری پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەی لێکردەوە.

ئەو وتی "لەبەرئەوەی ئێمە دوو حیزبی جیاوازینو هیچ کاتێکش مەلا مستەفا سەرۆکی حیزبی ئێمە نەبووە، بۆیە لێمانکردەوە".

بانیمارانی لەدرێژەی قسەکانیدا وتی "وێنەی مەلا مستەفاش بەیاسایی هەڵنەواسراوە، لەبەرئەوەی هیچ کات نە سەرۆک کۆمار بووەو نە سەرۆک هەرێم بووەو نە شۆڕشەکەی سەرکەوتوو بووە".

### کلتوری فاشیانە پەرەپێدەدات

بەڕای ڕۆشنبیران هەڵوایسنی ئەو وێنانە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کلتوری عەشایەریو میزاجی کەسی، هەروەها بۆ سەرکردە کوردەکان کەبەردەوام حەز بەهەڵواسینو پیرۆزراگرتنیان دەکەن لەلایەن هاووڵاتیانەوە.

توانا عوسمان ڕۆژنامەنوسو روناکبیر، دەڵێت "هەڵواسین یان فەرزکردنی وێنەی سەرکردەکان بەسەر دەزگاکاندا، بەبڕیارێکی حیزبی یان لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ئەوە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بۆنمونە ئەگەر ئەو وێنەیە بەفۆرمێکی ناحەز دابەشبکرێت بەسەر دەزگاکانو فەرزبکرێت بۆ هەڵواسین، ئەوە بەشێکە لەکلتوری پیرۆزکردن لەلایەن حیزب، یان سەرۆکەکان خۆیانەوە". توانا وتی "ئەوە دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی گرنگیدانی بەدەموچاوی کەسەکان لەبری گرنگیدان بەپۆستو کارەکانیان".

لەبارەی مەسەلەی فەرزکردنی وێنەوە، توانا عوسمان وتی "هەر سەرکردەیەک بیەوێت، وێنەی خۆی فەرزبکات بۆ هەڵواسین، ئەوە بێگومان کلتورێکی فاشیانەیەو دەیەوێت بەوشێوەیەو لەو ڕێگەیەوە خۆی بسەپێنێت".

# پەلەکرا، یان دەرفەتی تری ماوە؟

## "بەهۆی نەمانی تاوانباری سەرەکییەوە، بەجینۆسایدکردنی کەیسی هەڵەبجە زۆر قورسە"

ئالان نازم لەسلێمانی

یاساناسانو داکۆکیکاران لەکەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە، بێئومێدبوون لەوەی کەیسی هەڵەبجە بەجینۆساید بناسرێت، پێشیانوایە کورد دەرفەتێکی ئەوتۆی نەماوە بۆ بەجینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجە، بەهۆی نەمانی عەلی کیمیاییەوە.

داکۆکیکارانو شارەزایانی یاسایی پێیانوایە کورد پەلەیکرد بەلەسێداردانی عەلی کیمیایی، چونکە ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن هەوڵەکان بۆ بەجینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجە، پێویستبوو لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی دوابخرایە.

مامۆستایەکی بەشی یاسای لەزانکۆی سلێمانی، بەدەستووری وت "لەبەرئەوەی تۆمەتباری سەرەکی عەلی حەسەن مەجید مردووە، زۆر قورسە کەیسی هەڵەبجە بەجینۆسایدبکرێت".

ئەو وتی "چونکە زۆرگرانە کەیسەکە وەکو جینۆساید بەسەر تۆمەتبارەکانی تری وەکو هاشم سوڵتانو ئەوانی تردا بسەپێنرێت، چونکە ئەوان کەسانێکی سەربازیو پیشەیی بوون، نیەتی لەناوبردن لەلای ئەوان نەبووە".

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەقوربانیانی هەڵەبجە، بەدەستووری وت "لەلایەک دڵخۆشنین بەلەسێدارەدانی عەلی کیمیایی پێش ئەوەی کەیسی هەڵەبجە بەجینۆساید بناسرێت، چونکە لەسێدارەدانی ناوبراو ناکاتە ئەوەی کەیسەکەمان بەجینۆساید بناسرێت، بەڵام لەلایەکەوە دڵخۆشین بەوەی ئەو تاوانبارە لەسێدارەدراوە".

لوقمان پێیوایە دەبێت لەمەولا بەشێوەیەکی عاقڵانە مامەڵە بکرێتو هەموو هەوڵێک بۆ بەجینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجە بدرێت.

گۆران ئەدهەم سەرۆکی تیمی پارێزەرانی دادگایکردنی تاوانبارانی کەیسی هەڵەبجەبوو، دەڵێت: وەسفی یاسایی تاوانەکە بابەتێکە کەئەوان چوار تاوانبارنو ئەو مەسەلەیە دەسەڵاتی دادگای تەمیزە. ئەو وتی "ئەگەر بیانەوێت کەیسەکە بەجینۆساید بناسێنن ئەوا هیچ ڕێگر نییە کە عەلی کیمیایی لەسێدارەدراوە یان نا".

گومانی ئەوەدەکرێت هەندێک هۆکاری سیاسی، بووبێتە هۆی ئەوەی عەلی کیمیایی لەسێدارە بدرێت، چونکە مانەوەی عەلی کیمیایی زیاتر کاریگەری لەسەر بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە هەیە.

بەپێچەوانەی گۆران ئەدهەمەوە، ئەو مامۆستایەی زانکۆ، وتی "پێدەچێت هۆکاری مێژوویی یان سیاسی هۆکاربووبن لەوەی کە لەسێدارە دراوە، چونکە ئەگەر عەلی کیمیایی زیندوو بمایەتەوە، زۆر نزیکبوو کەدادگای تەمیز دۆسیەکە بگێڕێتەوە بۆ دادگای تایبەت، بۆ دادگاییکردنی لەسەر جینۆساید". هەروەها وتی "لەوانەیە ئێمەی کورد لەبەغداد خۆمان هۆکار بووبین لەوەی کەزوو لەناوبچێت، هەڵەبجەبێت یان ئەنفال گرنگ ئەوەیە عەلی کیمیایی لەناوبچێت، بیرمان لەوە نەکردووەتەوە کەجێکەوتەی مێژوویی هەیە ئەگەر لەسەر جینۆساید ئیدانە بکرایە، چونکە ئێمەی کورد زیاتر لەڕێگەی هەڵەبجەوە ناسراوین".

عەلی حەسەن مەجید ناسراو بەعەلی کیمیایی، ئامۆزای سەدام حسێن، لە٢٠١٠/١/٢٥، بەهۆی ئەو تاوانانەی دەرهەق بەگەلی کوردی کردبوو لەسێداردرا، دوای ئەوەی پێشتر دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری لەسێدارەدانی دابوو، بەڵام هاووڵاتیانی کوردستانو بەتایبەت کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە، دوای لەسێدارەدانی داوای بەجینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجە دەکەن.

داکۆکیکاران لەمافەکانی کەسوکاری


تۆڵەکردنەوە، بواری بەدەستهێنانی زەمانەتی یاساییو نێودەوڵەتی نەهێشتەوە

کیمیابارانویاساناسان پێیانوایە هەڵەیەکی تریش لەپەلەکردن بەلەسێدارەدانی عەلی کیمیایی کراوە، لەوەی پێشئەوەی دادگای تەمیز بڕیاری لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی بدات لەسەر کەیسی هەڵەبجە، ناوبراو لەسەر کەیسی ئەنفال لەسێداردراوە، ئەوان پێیانوایە دەبوو دادگای تەمیز لەسەر کەیسی هەڵەبجەش ئەو بڕیارەی بدایە، چونکە کاریگەری لەسەر مەسەلەی بەجینۆساید دەبوو.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی، بەدەستووری وت "بەپێی مادەی (٣٠٠) لە (قانون أصول محاكمات جزائية)، ئەو کەسەی کەحوکمدەدرێت لەدادگای تایبەتدا، ئەگەر پێشئەوەی دادگای تەمیز بڕیارەکە جێبەجێبکات بمرێت، ئەوا هێشتا ئەو کەسە تۆمەتبار یان بێتاوان دەبێت، نەک تاوانبار". پێشیوایە ڕەنگە ئەوەش هۆکارێکی تری سیاسی لەپشتەوەبێت کەسەرکردایەتی کورد لێی بێئاگابن.

گۆران ئەدهەم وتی "لەڕووی یاساییەوە عەلی کیمیایی لەسەر کەیسی ئەنفال لەسێدارەدراوە، بەڵام ئەمە هیچ لەگرنگی بابەتەکە کەمناکاتەوە، چونکە هەمووی شەهیدی کوردستانن".

# داوادەکرێت لیواکانی پێشمەرگە دوور لەئینتیمای سیاسی بێت

## حیزبە بچوکەکان متمانەیان بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە نییە



زاڵبوونی ئینتیمای حیزبی، گومان لەسەر پێکهێنانی سوپای یەکگرتوو دروستدەکات

**نەجات ئەحمەد لەهەولێر**

سیاسەتمەدارانو بەرپرسە حیزبییەکان داوا دەکەن هێزەکانی پێشمەرگە کەتازە ڕێکخراونەتەوە، دوور لەئینتیمای سیاسی کار بکەن، بەڵام بەشێکیان بەدووری دەزانن ئەو کارە سەرکەوتووبێت.

وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم لەمانگی ڕابردوودا پێکهێنانی هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتووی ڕاگەیاند، بەناوی (هێزەکانی پاسەوانی هەرێم) کە لەچوار لیوا پێکدێت.

بەرپرسانی ئەو وەزارەتە ئاماژەیان بەوەدا کە لەمەولا هێزەکانی پێشمەرگە دوور لەئینتیمای سیاسی کاردەکەن، بەڵام بەرپرسانی بەشێک لەحیزبەکان گومان لەوە دەکەن پارتیو یەکێتی بتوانن خۆیان لەدەستێوەردانی حیزبەکان بپارێزن.

لەدوای ئەو ڕاگەیاندنەی وەزارەتی پێشمەرگەو دوای ئەوەی دەنگۆی زیادکردنی موچەی پێشمەرگە هاتەئاراوە، هەر زوو ئەوانەی داوایاندەکرد ببنە پێشمەرگە دەبوو بەتەسکییەی حیزبی دابمەزرێن، ئەوەش گومانەکانی هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگەی دوور لەئینتیمای سیاسی لای سیاسەتمەداران زیاتر کرد.

جەبار یاوەر مەندە وتەبێژی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم، ڕایگەیاند: ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمو بەناوی هێزی پێشمەرگەی پاسەوانی هەرێمەوە دەبێتو هیچ پەیوەندییەکی بەوەزارەتی بەرگری عێراقەوە نابێت.

یاوەر، بەدەستووری وت "ئەو هێزە دوور لەئینتیمای سیاسی دروستدەکرێتو هەر هێزێک لەدەرەوەی ئەو هێزەش بمێنیتەوە، ئەوا نایاساییەو قبوڵناکرێت".

بەپێچەوانەی، بۆچوونەکەی جەبار یاوەرەوە، محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان، پێیوانییە پارتیو یەکێتی بتوانن ئەو هێزە دوور لەئینتیمای سیاسیو لەچوارچێوەی حیزبی بەدوور بگرن.

حیزبی سۆسیالیست تائێستا هێزی پێشمەرگەیان ماوەو لەرەبیەکانی سورێننو خاوەن چەکو تفاقی خۆیانن، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور هێزی پێشمەرگەی ئەو حیزبە تائێستا داوایان لێنەکراوە بچنە ناو هێزەکانی پاسەوانی سنووری سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەوە.

محەمەد حاجی مەحمود وتی "ئەگەر داوامان لێبکەن، ئەوا ئێمە ئامادەین، بەمەرجێک وەک ئەوانەی خۆیان پێگەو ئیمتیازاتیان هەبێت".

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش، باس لەوەدەکات کەئەوانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان هێزی پێشمەرگەیان ماوەو ئامادەیی خۆیان دەربڕی کەهاوکاری ئەو هەنگاوەی هێزی پێشمەرگە بکەن، "بەمەرجێک هەمان مامەڵەی هێزەکانی پارتیو یەکێتی لەگەڵ ئەواندا بکرێت".

لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی، بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر شێوازی پێکهێنانی ئەو هێزە.

محەمەد حاجی مەحمود، ڕەشبین بوو بەرامبەر بەدروستکردنی ئەو هێزە، گەر بەشێوەی تێکەڵکردنی پێشمەرگەکانی یەکێتیو پارتیو لایەنە سیاسییەکان بێت.

ئەو وتی "ئەو هێزانەی یەکێتیو پارتی، نابنە هێزێکی ئەکادیمیو نیزامی، چونکە ئەوانە بەرامبەر شەڕی ناوخۆیان کردووەو زەحمەتە لەیەک لیواو فەوجدا کۆبکرێنەوە".

بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، کاتێک ئەمەریکا بڕیاری نەهێشتنی هێزی میلیشایدا، هێزی پێشمەرگەیان نەماوە، بەڵام داوای پشکدەکەن لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان.

محەمەد بازیانی وتەبێژی ئەو حیزبە وتی "ئێمەش وەکو حیزبێکی کوردستان ئەو مافەمان هەیە، ئەگەر هێزەکە پەیوەندی بەحیزبەکانەوە هەبێت".

بازیانی وتی "پێویستە سود لەپێشمەرگەکانمان وەربگیرێتو سریەو فەوجی تایبەت بەخۆمان هەبێت"، هەروەها وتی "دەتوانین کار بۆ کۆکردنەوەی پێشمەرگەکانمان بکەین لەبەرئەوەی ئەزمونیان هەیە".

ئەو پێیوابوو کەدەبێت ئەو هێزە دوور بێت لەیەکێتیو پارتیو هێزێکی نیزامی بێت.

یەکێک لەکێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو ناوەند پەیوەستە بەهێزی پێشمەرگەوە، حکومەتی عێراق ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کەهێزەکانی پێشمەرگەی هەرێم سەر بەحیزبەکاننو ئامادە نییە بودجەو موچەی تەواوی هێزی پێشمەرگە خەرجبکات، لەکابینەی پێنجەمیشدا ئەم کێشانە نەتوانراوە چارەسەر بکرێت.

جەبار یاوەر وتی "ئەمەی ئێستا هەیە لەهەرێمی کوردستان کەهەر یەکەو بۆ خۆی لیوای تایبەتو فەوجی تایبەتی هەیە، لێمان قبوڵناکرێتو دەبێت بەشێوازێکی سەردەمیانەو نیزامی هێزێکی تازەی پێشمەرگەی کوردستان دروستبکەین".

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست، بەپێویستی دەزانێت کەئەو هێزانەی ئێستا هەموویان خانەنشین بکرێنو سەر لەنوێ هێزێکی تر دوور لەلایەنە سیاسییەکان بەمیکانزمێکی گونجاو دروستبکرێت.

قادر عەزیزیش وتی "دەبێت ئەو هێزە سۆزی بۆ کوردستانو پاراستنی دەستەکەوتەکان هەبێت، نەک بۆ حیزبەکان".

زۆربەی‌لایەنەسیاسییەکانی‌هەرێمی کوردستان لەپێش ڕاپەڕینو دوای ڕاپەڕین خاوەنی هێزی پێشمەرگەبوون کە لەسەر ئینتیمای حیزبەکانیان دروستکرابوون، دواتر لەبەر بارودۆخی ئابووریو سیاسی، هەندێک لایەن ئەو هێزانەیان لەدەستداوە، بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە لەئێستادا کەس هێزی پێشمەرگەی نەماوەو هەموو ئەو هێزانە یان لەنێو فەرماندەییەکانن یان لەنێو لیواکانن.

جەبار یاوەر، دەڵێت "ئەو کەسانەش کەدەیانەوێت لەو هێزەدا بەشداربن، بەپێی مەرجەکانی سەربازی وەردەگیرێن".

لەبارەی ئەو کەسانەی کەپێشتر پلەیان لەنێو فەوجو لیوا تایبەتییەکاندا هەبووە، یان‌لەشاخ‌پلەی‌پێشمەرگەیاتی باڵایان هەبووە، یاوەر وتی "پۆست بەشکردن نییەو پلەی سەربازی بەپێی بڕوانامەکان دەدرێت بەکەسەکان، گەر کەسێکیش لەشاخ پلەی هەبووبێت، بەپێی یاسا خانەنشین دەکرێت، ئەو خەڵکانەمان دەوێت کەبتوانن سیستمی سەربازی بەڕێوەببەن، خۆ نابێت یەکێک خوێندەواری نەبێتو بیکەی بەبەرپرس".

# سەوزەکان دەستپێدەکەنەوە

## کار بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری لەساڵیادی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی دەکرێت

**هیوای سەلیمی**

لەسەروبەندی نزیکبوونەوە لە١٢ شوبات کەساڵرۆژی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، سەوزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتە، خۆیان بۆ ناڕەزایی دەربڕینو خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری دەکەن.

چاوەڕوان دەکرێت ئەم هەفتەیە ئێران بەبارودۆخێکی تایبەتدا تیپەڕبێت، ئاماژەکان باس لەهاتنەئارای ڕۆژێکی هەستیار بۆ داهاتووی قەیرانە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە دەکات، چونکە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتە خۆیان بۆ خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری ئامادەکردووە.

ناڕەزاییەکانی ئەوان بەشێوەیەکی بەربڵاو پەرەیسەندووەو خەریکی خۆڕێکخستنو ئامادەکارین، حکومەتی ئێرانیش ڕێوشوێنی جیاجیای گرتووەتەبەر.

### بانگهێشتی بەشداری بۆ خۆپیشاندان دەکرێت

هەفتەیەک لەمەوپێش موسەویو کەڕوبی، ڕێبەرانی باڵی ڕیفۆرمی ئێرانی داوایان لەخەڵک کرد تا بەهێمای سەوزو بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە لەبۆنەی ١٢ی شوبات کەدەکاتە ساڵرۆژی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەشداری لەخۆپیشاندان‌دا بکەن.

ڕێبەرانی باڵی ڕیفۆرمی ئێران داواشیان لەدەسەڵات کردووە وەڵامی خواستەکانی جەماوەر بداتەوە کەداوای هەڵبژاردنێکی ئازادو ئازادکردنی سەرجەمی دەستگیرکراوە سیاسییەکانو کۆتاییهێنان بەتوندوتیژی دەکەن.

دوابەدوای داواکاری ئەو دوو کەسایەتییە نەیارەی‌دەسەڵات، سەرجەمی ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر بەباڵی ڕیفۆرم لەئێراندا کە زۆربەی ئەندامەکانیان لەگرتووخانەکاندا دەستبەسەر کراون، لەڕێگەی ڕاگەیەندراوەوە داوای بەشداری بەربڵاوو چالاکانەی خەڵکیان کردووە.

ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش بەشێوەیەکی بەربڵاو کەوتوونەتە خۆیانو تا ئێستاکە چەندین ڕاگەیەندراو لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو کوردەوە، لەوانە ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو... ڕووەو خەڵکی ئێران بڵاوکراوەتەوە.

زۆربەی هەرە زۆری ماڵپەڕو وێبلاگو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنتەرنێتیش بەشێوەیەکی بەربڵاو، شەوو ڕۆژ سەرقاڵی ڕێکخستنو ئامادەکردنی جەماوەرن بۆ ئەو ڕۆژە هەستیارە.

### شارەکانی ئێران بەبارودۆخێکی نائاساییدا تێدەپەڕن

ئەگەرچی هێنانی چەکدار بۆ سەر شەقامەکان، کۆنترۆڵکردنو چاودێریکردنی هاووڵاتیان، خۆپیشاندانو نائارامی، ڕووخساری زەقو بەرجەستەی ئەم ٨ مانگەی ڕابردووی سەرجەمی شارەکانی ئێران بووە، بەڵام لەنزیکبوونەوە لەپێنجشەممە، ١٢ی شوبات، ئەو بابەتە خێراترو بەربڵاوتر پەرەیسەندووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی جەرەس کە سەر بەباڵی ڕیفۆرمیستەکانە، زۆربەی شەقامەکانی شاری تارانو لەوانە شەقامی ئینقلابو مەیدانی ئازادی پڕ کراوە لەگاردی دژەشۆڕشو چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ئەو لەشکەرکێشییە بۆ ترساندنو تۆقاندنی ناڕازییانە.

لەلایەکیترەوە نزیکەی یەک هەفتەیە لەشاری لاری سەر بەپارێزگای فارس لەنێوان خەڵکو هێزە ئەمنییەکان تێکهەڵچوونو توندوتیژی لەئارادایەو باس لەوەدەکرێت کەزۆربەی کاتەکانی ڕۆژ، شار لەکۆنترۆڵی خەڵکی نارازیدایە.

نائارامییەکانی شاری لار پەیوەست بەکاروباری ئیداری ئەو شارەیە، کەچی بەشێوەیەکی خێرا خواستە پیشەییەکانی خەڵکی ئەوشارە بۆ خواستە سیاسییەکان گۆڕدراوەو تا ئێستا بەدەیان بانکو شوێنی حکومی لەلایەن خەڵکی تورەی ئەو شارەوە ئاگری تێبەردراوە.

### نیگەرانییەکانی حکومەت پەرەدەستێنێت

درێژەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم ٨ مانگە، دەسەڵاتی ئێرانی تووشی جۆرێک لەترس کردووەو درێژەی ئەو ناڕەزایەتییانە لەڕۆژی پێنجشەممە، بەڕای چاودێرانی سیاسی ڕەنگە زەمینەیەکی نوێ بخوڵقێنێت.

حکومەتی ئێران بۆ بەرگرتن لەچالاکی ناڕازییان لەو ڕۆژەدا خەریکی مانۆڕدانەو هەڵوێستو لێدوانی جیاجیا لەوبارەوە بڵاودەکرێتەوە، هاوکات لەگەڵ درێژەی گرتنو تەنانەت لەسێدارەدانی چەند چالاکوانێکی سیاسیی لەهەفتەکانی ڕابردوودا هەڕەشەی هێزە ئەمنییەکان، پێشنوێژی ئەم هەفتەی تاران داوای لەناڕازیان کرد کەدروشمی توند نەدەن.

هاوکات پارێزگاری تاران لەڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردووە کەئەوان توندوتیژی‌نانوێننو‌داوای‌ڕاگرتنی یەکێتی ڕیزەکانی جەماوەریان کردووە. لەپەیوەندیەکدا لەگەڵ ماڵپەڕی "ئەخباری ڕوز" کە سەر بەئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتە، پارێزگاری تاران ڕایگەیاندووە کەزۆر ئەستەمە بۆ دەسەڵات لەو ڕۆژەداو لەبەرچاوی سەدان کامێراو ڕۆژنامەوانی دەرەکی توندوتیژی بەکاربێت.

چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان کەئێران لەبەردەم تەقینەوەیەکی بەهێزی جەماوەریدایەو بۆ ئەو مەبەستە سێ فاکتەری، بزووتنەوەیەکی زیندوو، قەیرانی قوڵی ئابووریو گوشارە نێودەوڵەتییەکان وەک بەڵگە دەهێننەوە.

ڕووداوەکانی یادی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی دیاریکەری زۆر یەک لەئەگەرەکانی داهاتووەو سەرجەمی سەرنجەکان لەچاوەڕوانی ئەو ڕۆژەدایە.



چاوەڕواندەکرێت کوردستانی ئێران پشتگیری بزووتنەوەی سەوز بکات



– دەبێت راستییەک بزانین راستە زۆرینەی خەڵکی کەرکوک کوردن، بەڵام رێژەیەکی گەورەش لەکەرکوکدا کوردنین، ئەگەر بێتو کەرکوک والێنەکەین کەوا ئەوان دڵنیابن لەژیانیان لەناو کەرکوکو گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان مافو پێویستییەکانیان دابیندەکرێت، پشتگیری گەڕانەوەی کەرکوک ناکەن بۆسەر هەرێم، بەبۆچوونی من وەک هەرێمی کوردستان دەتوانرێت چەند شتێک هەر لەئێستاوە بکرێت، بۆ نمونە دەبێت جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی حکومەت کوردێکو عەرەبێکو تورکمانێک بێت، هەروەها لەپەرلەمانیش دەبێت شتێکی لەوجۆرە هەبێت، کۆتا بۆ ژمارەیان دابنرێت، بەڵام خۆیان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، ئێمە هەندێکجار هەڵەی ئەوەمانکردووە کە ئێمە نوێنەر بۆ تورکمانو عەرەب دیاریدەکەین، لەبەرئەوەی وادەزانین کەسێکە لەگەڵ هەموو شتێکی ئێمەدا بووە، بەڵام ئەوەندە باسی پێویستیو کەموکوڕی ناوچە عەرەبو تورکمانەکان ناکەین، وادەزانین ئەوە بۆ ئێمە باشەو خزمەتی ئێمە دەکات، بەڵام بەبۆچوونی من ئەوە عەرەبو تورکمان زیاتر لەئێمە دووردەخاتەوە وەک لەوەی نزیکییان بخاتەوە.

**دەستوور:** هیچ ئومێدێک هەیە ئەو هەنگاوانەی باستکرد، لەدوای ئەم قۆناغەی ئێستاوە بگیرێتەبەر؟

د. نەجمەدین: لەو بارەوەڕەدام لەهەرێمی کوردستاندا ئەم هەنگاوانە بنرێت، سەرکردایەتی سیاسی کورد، مام جەلالو سەرۆکی هەرێمیش کاک مەسعود بەپێی قسەکردن لەگەڵیانداو باسکردنی ئەم مەسەلەیە پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن. گرنگ ئەوەیە کە مێژووی کەرکوک، مێژوویەکی کوردستانییە، واتە کەرکوک بەشێکە لەکوردستان ئەوە گرنگە، ئەگینا لەسەرئەوەی کێ حوکمی کەرکوک دەکاتو چۆن حوکمی کەرکوک دەکرێت لەدوای هاتنەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە دەبێت بەندبێت بەخەڵکی کەرکوکەوە کە خۆیان دەنگ بەکێ دەدەن.

**دەستوور:** هەندێک لەوانەی رەخنە لەسیاسەتی حزبەکوردییەکان دەگرن بەتایبەت یەکێتیو پارتی، دەڵێن کورد بەبێ ئەجێندایەکی پێشوەخت هاتۆتەوە کەرکوک لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە، تۆ لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا کۆکیت؟

**د. نەجمەدین:** بەبڕوای من کە کورد هاتەوە کەرکوک دەیتووانی ستراتیجیەتێکی باشتری بۆ کەرکوک دابنایە، یەکەم بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکە ئاوارانەی خۆمان، دووەم بۆ مامەڵە لەگەڵ تورکمانو عەرەب، لەگەڵ کلدانو ئاشوور، لەگەڵ دیاناتە جیاوازەکانی ئێرە، دەبووایە ستراتیجیەتێکی باشتری بۆ ئەوە دابنایە، لەوانەیە ئەم کێشەیە بەم شێوەیە نەبوایە، بەڵام ئەوەی رۆشتووە دەبێت لەئایندەدا بکرێت.

**دەستوور:** نەبوونی ئەجێندا گورزێکی کوشندە نەبوو بۆ نەگەڕانەوەی کەرکوک، دواتریش حێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠؟

**د. نەجمەدین:** بەبڕوای من، ئێمە هەڵەی گەورەمان لەکەرکوک نەبوونی ستراتیج بوو، هەڵەی گەورەمان ململانێی حیزبی بوو لەکەرکوکدا کە دەبووایە کوردایەتی بوایە، بەبۆچوونی من حیزبایەتی زۆرترە، حیزبایەتیش مونافەسەیەکی دروستکرد کە بووە هۆی ئەوەی تارادەیەک ریزەکانی کوردیش بەو یەکگرتووییە نەبوو کە هەیە، چونکە کە ململانێی حیزبی هەبوو تۆو لایەنی تریش کە کورد نین دەتەوێت بیانهێنیتە لای خۆت، ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو خەڵکانەی کوردنین نیگەرانبن، تەنانەت خەڵکی کوردیش تارادەیەک توشی بێ هیوایی بوون لەم مەسەلەیەدا.

**دەستوور:** مەسەلەیەک هەیە لەسەر گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆچوونی ئەمەریکایە، دەوترێت بەشێک لەمدۆخەی کەرکوک کە تا دێت ئاڵۆزتر دەبێتو گرفت لەبەردەم جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)دا دروستدەبێت، ئەمەریکایە رازینییە کەرکوک بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر رازیبوو کەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، دەڵێن رازی بوونی ئەمریکا بەگەڕانەوەی کەرکوک، رازی

> جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ زیاتر بەخۆمانەوە بەندە، وەکو کورد

بونییەتی به راگەیاندنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، تۆ بەهۆی ئەوەی ساڵانێکی زۆر لەئەمەریکا ژیاویتو لەنێوەندە سیاسیو بڕیار بەدەستەکانی ئەمەریکاوە لانیکەم نزیکایەتیت هەبووەو ئاگاداربوویت، بۆچوونو سیاسەتی ئەمەریکا لەگەڵ کەرکوکدا چۆن دەبینیت؟

**د. نەجمەدین:** بۆچوونی رەسمی ئەمەریکا ئەوەیە کە رێز لەدەستوری عێراق دەگرن، مادەی ١٤٠یش بەشێکە لەدەستووری عێراق، بەڵام ئەوان هەڵبەتە نیگەرانیان هەیە لەسەرئەوەی کە توندوتیژی رووبدات لەکاتێکدا کە بڕیاری ئەوەبدرێت، یان لەکاتێکدا بڕیاری گەڕانەوەی کەرکوک بدرێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەوان بۆچوونی وایان هەیە دەڵێن هەرچەند رێز لەدەستوور دەگرینو مادەی (١٤٠) بەشێکە لەدەستوور دەبێت هەندێک شت بەتەوافوق بێت، لەوانەیە هەندێک لەخاڵەکان بێتە گۆڕین یان بەشێوەیەکیتر بێت، بۆیە دەڵێم ئەگەر بێتو دژایەتی عەرەبو تورکمان کەمبکەینەوەو وایان لێبکەین کە ئەوان ترسی ئەوەیان نەبێت بێنەوە ناو هەرێمی کوردستان، هەڵوێستی ئەمەریکا بەوشێوەیە نامێنێت، لەبەرئەوەی ئەمریکاش ترسی لەدروستبوونی ئاڵۆزی نامێنێت، بەمەرجێک ئەگەر بێتو ئێمە عەرەبو تورکمان لەگەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دڵنیا بکەینەوە.

**دەستوور:** دەتوانین بڵێین ئەمەریکا لەگەڵئەوەدایە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) زیاتر دوابکەوێت بۆ ئەوەی دۆخەکە هێمنتر بێتەوە؟

**د. نەجمەدین:** ناتوانم وابڵێم، جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ زیاتر بەخۆمانەوە بەندە وەکو کورد، هەروەها بەحکومەتی عێراقیشەوە، ئەمەریکا دەڵێت هەوڵئەدەم لەیەکتری نزیکتان بکەمەوە، ناڵێت دژی مادەی (١٤٠)م، یان دەبێت دوابخرێت، بەڵام ئەمەریکا دەیەوێت کەشێکی وادروستببێت کە بتوانرێت مادەی (١٤٠) جێبەجێبکرێتو ریفراندۆمیش بکرێت، لەوانەی بۆچوونی جیاواز لەسەر شێوەو کاتی ریفراندۆمەکە، بەڵام هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە مادەی (١٤٠) بەلایەنی هێنانەدی بارودۆخێک لەعێراقدا بەگشتی گرنگە، تا ئەمەریکا بتوانێت هێزەکانی بکشێنێتەوەو کێشەی گەورە روونەدات، دەزانن مادەی (١٤٠) لەو رووەوە گرنگەو کێشەی ناوچە دابڕاوەکان چارەسەربکرێن.

**دەستوور:** هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نزیکەی مانگێکی ماوە، بەڕێزیشت گەڕاویتەتەوە بۆ ئەوەی لەکەرکوک سەرۆکایەتی لیستی هاوپەیمانی بکەیت، بەگشتی سەنگی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردن لەکەرکوکدا چۆن دەبینیت، دەتوانن ئەو ژمارەیەی لەهەڵبژاردنی پێشوودا هەیانبووە بەدەستی بێننەوە؟

**د. نەجمەدین:** هیوادارم هەموو خەڵکی کوردستان لەکەرکوک بچن بۆ دەنگدانو وەک کورد دەنگ بەلیستی کوردی بدەن، دەنگ بەکاندیدی کورد بدەن، ئایا هەمان رێژەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لەکەرکوکدا دەهێنینەوە، ئەوەش دەکەوێتەوە سەر ئەوەی هەموو خەڵک دەچن بۆ دەنگدان یان ناچن، بەمەرجێک ئەوە بکرێت لەو باوەڕەدام بەهەمان سەنگی پێشوو لەکەرکوکدا دەمێنینەوە.

**دەستوور:** چۆن بڕیارتدا بگەڕێیتەوە کەرکوکو سەرۆکایەتی لیستی هاوپەیمانی بکەیت؟

**د. نەجمەدین:** هەڵبەتە من لەتەمەنێکی زۆر گەنجییەوە لەناو بزوتنەوەی کوردستاندا بوومو لەساڵانی حەفتاکاندا لەیەکێک لەحیزبەکانی کوردستاندا لەسەرکردایەتییدا بوومو پێشمەرگایەتیم کردووە، لەئەمەریکاش باوەڕناکەم رۆژێک لەکورد دابڕابم، رەنگە خەڵکانێک چوونو سیاسەتییان نەکردبێتو دواتر هاتبێتنەوە، بەڵام من رۆژێک دانەبڕاوم، ئێمە لەئەمەریکا رێکخراومان دامەزراندووە بۆ ئەوەی چالاکی بەردەوام بێت لەسەر بردنە پێشەوەی بەرژەوەندی کوردستان، نەک چالاکییەکانمان پەیوەندی بەباشوری کوردستانەوە هەبووبێت، بەڵکو پەیوەندی بەکوردستانی باکوورو رۆژهەڵاتو رۆژئاواشەوە هەبووە، کارکردنمان دیارە لەئەمەریکا کە چیمانکردووە، دیارە هاتنەوەم بۆ ئێرە هۆکاری سەرەکی هاتنەوەکەم ئەوەیە بتوانم لەنزیکەوەو لەناوەوە خزمەت بەگەلەکەم بکەم، بەتایبەت بەخەڵکی کەرکوک، هەوڵبدەم بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان.

**دەستوور:** بۆچونێک هەیە گوایە بەڕاسپاردەی بەشێک لەناوەندە سیاسیو بڕیار بەدەستەکانی ئەمەریکا گەڕابیتەوە؟

**د. نەجمەدین:** نەخێر، ئەوە وانییە، بەئارەزووی خۆمو بەبڕیاری خۆم هاتوومەتەوە، وەکو کوردێکو خەڵکی کەرکوک گەڕاومەتەوە، راستە لەئەمەریکا ژیاومو رەگەزنامەی ئەمەریکیشم هەیە، بەڵام کوردمو کەرکوکیم، لەبەرئەوە هاتومەتەوە، بەڕاسپاردەی کەسیش نەهاتوومەتەوە.

**دەستوور:** لەکەرکوک جگە لەلیستی هاوپەیمانیو لیستە کوردییەکانی تریش، لیستی گۆڕانیش هەیە، ئایا بوونی لیستی جیا لەکەرکوک بەسرووشتی دەزانیت، یان بۆچوونێکی جیاوازت لەسەری هەیە؟

**د. نەجمەدین:** پێمخۆشبوو ئەگەر کورد هەمووی بەیەک لیست بوینایە، بەڵام ئێستا واقیعەکە ئەوەیە لیستی جیاواز هەیە، لیستی جیاوازیش ئەگەر دوای هەڵبژاردنەکان هەڵوێستمان یەک بێت، لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشدا بەشێوەیەکی مەدەنییانە ئەم هەڵبژاردنە بەڕێوەبەرینو دواتریش هەڵویستمان یەک بێت، من بەکێشەی نازانم.

> بەراسپاردەی ئەمریکا نەگەڕاومەتەوە

**دەستوور:** پێتوایە لیستی گۆڕان لەکەرکوک بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) کە لەسلێمانی لەیەکێتیو پارتی بردەوە، لەکەرکوکیش هەمان شت دوبارە ببێتەوەو سوود لەناڕەزای خەڵکی کەرکوک وەربگرنو ئەو هەلە بقۆزنەوە؟

**د. نەجمەدین:** کەرکوکو سلێمانی جیاوازییان زۆرە.

**دەستوور:** هەندێک مەترسی ئەوەدەکەن ئەو ململانێیەی لەنێوان گۆڕانو هاوپەیمانیدا هەیە بەتایبەت لەگەڵ یەکێتیدا، لەکەرکوک مەترسیدار دەبێتو رەنگە بارگرژیو هەندێک شتی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە کە زیان بەمەسەلەی نەتەوەی بگەیەنێت، تۆ ئەو مەترسیە بەدیدەکەیت؟

**د. نەجمەدین:** تا ئێستا نیشانەیەکی ئەوەم نەبینیوە کە توندو ناخۆشی لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا بەتایبەت لەنێوان لیستی هاوپەیمانیو لیستی گۆڕاندا لەکەرکوک رووبدات.

**دەستوور:** هیچ دانیشتنێک لەنێوان ئێوەو سەرۆکی لیستی گۆڕان لەکەرکوکدا هەبووە، بەتایبەت کە سەرۆکی لیستی گۆڕان لەکەرکوک کەسێکە پێشتر لەیەکێتیدا نەبووەو بگرە کەسێکی سەربەخۆ بووە؟

د. نەجمەدین: کاک ئاوات باش دەناسم، بەڵام لەوەتەی هاتوومەتەوە هیچ دانیشتنمان نەبووە، بەڵام زۆر برادەر لەسەرکردایەتی گۆڕان هەیە قسەشیان لەگەڵ دەکەینو دۆستیشمانن، ئەمە هەڵبژاردنەو دیموکراتیەتە، زۆرجاریش هەیە تەماشا دەکەیت لەخێزانێکدا بۆچوونی جیاواز هەیە، من لە وڵاتێکی دیموکراتی ژیاوم لەبەرئەوە ئەو شتانە زۆر سادەیە، لەهەمان خێزاندا کۆماریو دیموکراتیش هەیە، تەنانەت دووکەس بەشەخسی دەناسم راوێژکاری گەورەی سەرۆکی ئەمەریکا بوون، ژنو مێردن، یەکێکیان کۆمارییەو ئەویتریان دیموکراتە، زۆرجاریش پێکەوە دێنەسەر تەلەفزیۆنو پێکەوە موناقەشە دەکەنو هێرش دەکەنە سەر لایەنی بەرامبەریانو بەرگری لەلایەنی خۆیاندەکەن.

**دەستوور:** جگە لەپەیوەندی دۆستایەتیو هاوڕێیەتی، دانیشتنی سیاسیتان نییە لەگەڵ سەرۆکی لیستی گۆڕان لەکەرکوکدا، بەتایبەت دەوترێت کەرکوک هەستیارترە بۆ ئەوەی وا بکەن لێرە بارگرژی دروستنەبێت؟

**د. نەجمەدین:** هەموو هەوڵێک دەدەین بۆئەوەی کرژیو ناخۆشی لەنێوانماندا روونەدات، بەڵام وەک دوو لیستی جیاوازیش دەبێت راستییەکەی بڵێین کە مونافەسە هەیە، هەر لیستێک دەیەوێت بۆخۆی دەنگ بهێنێت، دەچیتە ناو خەڵکو پێیان دەڵێیت دەنگ بەئێمە بدەنو دەنگ بەگۆڕان مەدە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ئەوە توندوتیژی بێت، ئەوە مونافەسەیەکی دیموکراتیانەیە، مونافەسەیەکە لەنێوان دوو لیستی جیاوازدا هەیە، بەڵام ئەوە نابینم لەکەرکوک توندو تیژی رووبدات.

**دەستوور:** پێشبینی دەکەیت لیستە کوردییەکان لەکەرکوک چەند کورسی بەدەستبهێنن؟ چەند بۆ هاوپەیمانیو گۆڕان؟

**د. نەجمەدین:** هیوادارم لیستە کوردییەکان بەتێکڕای حەوت کورسی بەدەستبێنن، ئەگەر هەشت کورسی بێنن ئەوە زۆر باشترە، هیوادارم لەشەش کەمتر نەبێت، بەڵام بەحەوت کورسی رازین، ناتوانم دیاریبکەم لیستی هاوپەیمانی چەند کورسی دەهێنێتو لیستی گۆڕان چەند، چونکە بەڕاستی لێرە راپرسی تەواو لەعێراقدا نییە تا پێی بخەملێینین، بەپێی دیداری خەڵکو قسەی خەڵکو هاتنیانو کاردانەوەیان لەو باوەڕەدام لیستی هاوپەیمانی سەرکەوتوو بێت.

**دەستوور:** پێش هەڵبژاردن هەمیشە مەڵبەندو لقەکانی یەکێتیو پارتی راپرسی دەکەن، راپرسی واتدیوە، ئاستی لیستەکەتان چۆنە؟

**د. نەجمەدین:** من هیچ تەماشای ئەو راپرسییانەی ئێرە ناکەم، لەبەرئەوەی راپرسی ئێرە بەشێوەیەکی زانستی ناکرێت، هەندێکجار ژمارەی راپرسی دێننە بەرچاوم، بەڵام هیچ بایەخێکی پێنادەم، چونکە راپرسییەکە لەسەر بنەمایەکی زانستی ناکرێت، ئەم راپرسییەی لێرە دەیکەن، لەهیچ شوێنێکی دنیادا نەمبینیوە بەوشێوەیە راپرسی بکرێت، چونکە لەوڵاتانی تردا کۆمپانیا راپرسی دەکات.

> پێویستە شەقامەکانی کەرکوك چاکبکەین بۆ ئەوەی هەموو کەس سودی لێوەربگرێت



> بووم بەسەرۆکی لیستی هاوپەیمانی تا هەوڵبدەم بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان



# "پێویستە هەرێمی کوردستان شوێنێك بێت، تورکمان‌و عەرەبەکانی کەرکوك لێی نەترسن"

## د.نەجمەدین کەریم بۆ دەستوور

سازدانی: وریا حەمە تاهیرو گۆران وەهاب

**د. نەجمەدین کەریم سیاسەتمەدارو رووناکبیر کە بڕیارە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، سەرۆکایەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە کەرکوک بکات، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت، ئایندەی کەرکوک رووناکە، پێشی وایە کورد سیاسەتێکی دروستی بەرامبەر بەتورکمان‌و عەرەبەکانی کەرکوک پەیڕەو نەکردووە.**

**د.نەجمەدین ئاماژە بەوەدەدات خەڵکی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوک پێکەوە برایانە دەژین، بەڵام "حیزبە سیاسییەکان بارودۆخەکەیان ئاڵۆزترکردووە".**


د. نەجمەدین کەریم

**دەستوور:** لەئەمەریکاوە گەڕاویتەوەو لەپارێزگای کەرکوک سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکەیت، نزیکەی دوو مانگە لەکەرکوکیت، بەپێی ئەو دیدارو کۆبونەوانەی لەوماوەیەدا کردووتە، بارودۆخی کەرکوکو ئاستی ژیانی خەڵکی شارەکە چۆن دەبینی؟

**د. نەجمەدین:** ئاستی ژیانی خەڵک لەکەرکوک بەراستی بەشێوەیەکی گشتی باش نییە، لەکەرکوک کەموکوڕی زۆرە، داخوازی خەڵک زۆرە، کەموکوڕییەکان هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە، لەبەرئەوە ئەمڕۆ کەرکوکو خەڵکی ئەو شارە بەکاتێکی زەحمەتدا لەڕووی ژیانی رۆژانەیانەوە تێدەپەڕن، هەڵبەتە لەڕووی سیاسییەوە کێشەی جیاواز هەیە، بەڵام خەڵکەکە ئەوەش دەزانن کە ئەمڕۆ کورد لەکەرکوک ئازادەو مەترسی رۆژانەی لەسەر نیە وەک لەسەردەمی رژێمدا هەبوو.

**دەستوور:** لەبواری گشتیداو لەڕووی سیاسییەوە، رەخنەی ئەوە هەیە لێرە جگە لەوەی نەتوانراوە سەقامگیرییەکی سیاسی‌و دۆخێکی جێگیر دروستبکرێت، تەنانەت نەشتوانراوە لەڕووی ئەمنییەوە بارودۆخێکی جێگیر دروستبکرێت، هیچ هیوایەک بەدیدەکرێت لەنێوان ئەم هەموو ململانێ نەتەوەیی‌و حیزبیانەدا؟

**د. نەجمەدین:** بەبۆچوونی من داهاتووی کەرکوک داهاتوویەکی رووناکەو کاریدەوێت‌و کاتی پێویستە، کارەکان دەبێت بەهێزتر بکرێن، دەبێت سوود لەکات وەربگرین بۆ ئەوەی ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بەکەرکوکەوە هەیە لەڕووی سیاسییەوە زوو جێبەجێبکرێن، ئەگەر تەماشای ئەمڕۆی کەرکوک بکەین باری ئەمنی لەگەڵ ساڵانی پێشوودا جیاوازییەکی زۆری هەیە، تەنانەت لەگەڵ مانگەکانی پێشووشدا، نزیکەی دوو مانگە گەڕاوەمەتەوە بۆ کەرکوک، شارەکە بەشێوەیەکی گشتی ئارامە، هەڵبەتە ترس هەیە، تیرۆریست دەتوانێت کاری خراپ ئەنجامبدات لەشارەکەدا، بۆیە دەبێت وریابین، لەهەمانکاتیشدا پۆلیس‌و ئاسایشی ئەم شارە بەشێوەیەکی گشتی بەرەو باشی رۆیشتووە.

**دەستوور:** ئەگەر بەگشتی سەیری ململانێ سیاسییەکانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی شارەکە بکەین، ململانێیەکی توندو ئاڵۆز لەنێوانیاندا هەیە، پێتوایە ئەو ململانێیانە بەقۆناغێکی دروستدا دەڕوات؟

**د. نەجمەدین:** لێرە دەبێت خەڵکی تورکمان‌و عەرەب‌و کوردو کلدان‌و ئاشووری، لەهەندێ گروپی سیاسی جیابکەینەوە، گروپی سیاسی هەن بەتەئکید هەڵوێستی وایان هەیە کە لەبەرژەوەندی کەرکوک نییە، هەندێک لەم گروپانە پەیوەندییان بەلایەنی توندوتیژی‌و پاشماوەی بەعسەوە هەیە، گروپ هەیە لەبەر بەرژەوەندی شەخسی خۆیان پەیوەندییان لەگەڵ شوێنانی دەرەوە بەستووە کە هەڵوێستی وادەنوێنن لەبەرژەوەندی خەڵکی کەرکوکدا نیە، بەڵام ئەو خەڵکانەی لەکەرکوک دەژین، کۆمەڵگەی کوردی‌و عەرەب‌و تورکمان‌و کلدان‌و ئاشوری‌و دیانەت‌و تائیفە جیاوازەکان، بەبۆچوونی من لەگەڵ یەکدا بەوشێوە نییە، خەڵکی نزیکترن لەوەی کە لەمیدیاکان‌و لەهەندێک میمبەری سیاسییدا باسدەکرێت.

**دەستوور:** واتە کۆکیت لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت، ئەو پێکەوە ژیانەی لەنێوان خەڵکی خوارەوەی ئەو نەتەوانەدا هەیە، باشترە وەک ئەو لێکتێنەگەیشتنەی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی شارەکەدا هەیە ؟

**د. نەجمەدین:** بەڵێ ئەوە زۆر راستە، بەبۆچونی من خەڵک لەناو ئەمشارەداو لەناو بازاردا، کوردو تورکمان شەریکن، کوردو عەرەب شەریکن، سەردانی یەکتر دەکەن، دۆسایەتییان لەگەڵ یەکتری هەیە، بەشێکی زۆریان پێکەوە هاتوونەتە لای ئێمەو ئێمەش چوینەتە لای ئەوان، لەبەرئەوە وابزانم ئەو پەیوەندییەی لەناو لایەنە سیاسییەکاندا هەیە، پەیوەندییەکی ئەوتۆ نییە کە بڵێی بەتەواوەتی باشبێت، چونکە خزمەت بەژیانی خەڵکی ناو کەرکوک ناکات کە ژیانێکی نزیکبوونەوەیە لەیەکترو ژیانێکە کە خەڵکەکە پێکەوە دەتوانن ئیدارە بکەن، بەبۆچوونی من ژیانێکی باش پێکەوە دەبەنە سەر.

**دەستوور:** کەواتە گروپە سیاسییەکان دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن؟

**د. نەجمەدین:** بەدڵنیاییەوە دەڵێم هەندێک لەو لایەنە سیاسیانەی زۆر دەنگیان دەبیستین‌و دەیانەوێت بەناوی تورکمان یاخود عەرەب‌و لایەنی ترەوە قسە بکەن، پەیوەندییان هەیە بەلایەنی توندوتیژییەوە، بەلایەنی تیرۆریست، هەندێکیشیان پەیوەندییان بەوڵاتانی دەورپشتەوە هەیەو هانیاندەدەن بۆ ئەوەی هێمنی‌و ئاسوودەیی لەکەرکوکدا دروستنەبێت.

**دەستوور:** لەم دۆخەدا پێویستە کورد چ سیاسەتێک پەیڕەوبکات؟ هەندێکجار حیزبە کوردییەکان پارەیانداوە بەحیزب‌و عەشیرەتە تورکمان‌و عەرەبیەکان بۆ راکێشانی سەرنجیان.

**د. نەجمەدین:** بەبۆچونی من چۆن ئێمە وەک کورد دەبێت خۆمان نوێنەری خۆمان هەڵبژێرین، تورکمان‌و عەرەبیش بەهەمان شێوە دەبێت خۆیان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، دەزانین لەوانەیە بەپارە یەکێک بڵێ دەنگت پێدەدەم، بەڵام کاتێک چووە سەر سندوقی دەنگدان کەس لەوێ نییە، بەبڕوای من ئەوە هەڵوێستێکی راست نییە بتوانین بەپارە دەنگی خەڵک بکڕین.

**دەستوور:** ئەو بارگرژییەی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی کەرکوکدا هەیە، کێ بەرپرسە لەهێنانەئارای دۆخێکی وائاڵۆز، لایەنە کوردییەکان، تورکمانەکان، عەرەبەکان یان هێزەکانی ئەمەریکا کە لێرە بوونێکی بەردەوامییان هەبووە، یان حکومەتی ناوەندی؟

**د. نەجمەدین:** بەبۆچوونی من هەرکەسێک تارادەیەک بەشی خۆی بەردەکەوێت، بەڵام لێرەدا تەماشای ئەوەبکەین کێ بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسە لەمە، پێش هەموو کەسێک دەڵێم، لەلایەن لایەنی کوردییەوە هەڵەکراوە، بەڵام لایەنی کوردیش هەوڵێکی زۆریداوە بۆ ئەوەی دۆستایەتی‌و پێکەوە ژیان لەگەڵ خەڵکی ئەم شارەدا بەهەموو پێکهاتەکانییەوە دروستبکات، بەتەئکیدی ئەگەر تەماشای لایەنە توندوتیژە عەرەبەکان بکەین، زۆری ئەمانە پاشماوەی حزبی بەعسن ماونەتەوە، عێراقی تازەیان پێ قبوڵنییە، پەیوەندییان هەیە لەگەڵ لایەنی توندڕەوو تێرۆریستدا، لەوڵاتانی دراوسێی عێراقدا وەک سوریاو وڵاتانی تریش، ئەگەر تەماشای هەڵوێستی جەبهەی تورکمانی بکەین، هەڵوێستێکی دۆستانە نییە بەرامبەر بەکورد، تەماشا دەکەیت لەهەموو قسەکانیاندا لەمیدیاو لەشوێنانی تر وەک دژایەتییەک بەرامبەر بەداخوازییەکانی کورد نیشاندەدەن، تەنانەت بەتەنها قسەیان لەگەڵ دەکەیت‌و شتی باشدەکرێت دەڵێن باشە، بەڵام کاتێک دەچنە بەردەم میدیاو پێکەوە وەک سیاسەتمەدار قسەدەکەن، هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بەکورد دۆستانە نییە، خۆشمان دەزانین بەرەی تورکمانی پێشتر پەیوەندییەکی بەهێزو نزیکی لەگەڵ لایەنی دەسەڵاتی تورکیادا هەبووە، هەڵبەتە ئەم پەیوەندییانە ئێستا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووەو بەو شێوەیە نییە، حکومەتی ئێستای تورکیا کە ئەردۆگان‌و گوڵە، دۆستایەتی خۆیان بەرامبەر بەکورد نیشانداوەو دەیانەوێت پەیوەندی نێوان تورکیاو کورد چاکبکرێتەوە، هیوادارم ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی ئەو لایەنە تورکمانییانەی بەتووندی تەماشای مەسەلەی کەرکوکو پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان دەکەن، رەوشتیان بگۆڕدرێت.

**دەستوور:** باستلەوەکرد سیاسەتی کوردی بەشێکی هەڵەبووە لەمامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا، پێتوایە دەبێت کورد لەومەودا چ سیاسەتێک بگرێتەبەر بۆئەوەی لەلایەک نزیکایەتی‌و دۆستایەتی نەتەوەکان بکات، لەلایەکی دیکەوە بەجۆرێک بێت خزمەت بەگەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان بکات کە ئەمە خەونی لەمێژینەی خەڵکی کوردستانە؟

**د. نەجمەدین:** بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان جگە لەهەوڵی خۆمان کە دەبێت زۆر بەهێزی بکەین چ لەکەرکوک خۆی‌و چ لەبەغداو هەرێمی کوردستانیش، پێویستیمان بەوەهەیە کوردستانیش شوێنێک بێت کە تورکمان‌و عەرەب نەترسن، بەتایبەت کاتێک کەرکوک گەڕایەوە لەگەڵماندا بژین، دەبێت تورکمان‌و عەرەب دڵنیا بکەینەوە، هەڵبەتە شێوەی جیاواز بۆ ئەمە هەیە، بەڵام بەبۆچوونی من دەبێت هەندێک خاڵ کە پەیوەندی بەعەرەب‌و تورکمانەوە هەیە بڵاوبکرێتەوە، وەک چۆنیەتی بەشداربوونیان لەبەڕێوەبردنی کەرکوکدا دوای ئەوەی گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، رۆڵی تورکمان‌و عەرەب لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەسەرۆکایەتی، لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا چ رۆڵێکیان هەبێت، رۆڵی تورکمان‌و عەرەب لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا، قەبارەیان چۆندەبێت، دەبێت بۆ ئەم خاڵانە هەندێک روونکردەوە بدەین بۆ دڵنیاکردنەوەی عەرەب‌و تورکمانەکان، چونکە دەزانین ئەگەر وەک کەمایەتی لەناو سنوری وڵاتێک بێت، یان هەرێمێک بێت نیگەران دەبن، خەڵکانێکیش هەیە ئەم نیگەرانیانەیان بەشێوەیەک بەکارهێناوە لەلای ئەو کەمایەتییانە کردوویانە بەترس، ئەمە بۆتە هۆی ئەمەی دووربین لەیەکتری، لەناو کەرکوکیش وەک ئیدارەی کەرکوک زۆرینەی ئەنجومەنی پارێزگا کوردە، هەروەها لەهەرێمی کوردستاندا پێویستە کارەکانمان بەو شێوەیە بێت کە بۆ هەموو خەڵکی کەرکوک بێت، بۆ نمونە کە ئاوەدانکردنەوە دەکەین تەماش دەکەین ئەگەر نەخۆشخانەیەک دروسبکەین یان کەلوپەل بۆ دابینبکەین، ئەو نەخۆشخانەیە بۆ هەموو کەسە، بۆ کوردە بۆ تورکمانە بۆ عەرەبە.

پێویستە جادەکانی کەرکوک چاکبکەین بۆ ئەوەی هەموو کەس سوودی لێوەربگرێت، واتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو عەرەب‌و تورکمانانەی لەکەرکوک دەژین‌و چەندین ساڵە لێرەدەژین، رێگرنەبن لەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەبێت کارەکانمان لەناو کەرکوکو لەهەرێمی کوردستاندا ئەوان بۆ لای خۆی رابکێشێت.

**دەستوور:** باستلەوەکرد پێویستە لەهەرێمی کوردستان دۆخەکە بەشێوەیەک ئامادەبکەین کە عەرەب‌و تورکمانەکان نەترسن لەوەی بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، پێتوانییە بەشێک لەترسەکە لەسەر هەڵسوکەوتی بەرپرسەکانی کورد لەکەرکوک نەبێت، بەڵکو لەئیدارەی هەرێمی کوردستاندا بێت، لەوەیە ترسیان لەوەنەبێت کە لەکەرکوکدا بەشدارییان نەبێت، بەڵکو دەترسن لەهەرێمدا بەشدارییان پێنەکرێت‌و پشتگوێبخرێن؟

**د. نەجمەدین:** دڵنیام زۆربەی خەڵکی کەرکوک، تورکمان‌و عەرەب بەتایبەتی تارادەیەکی زۆر، ئەگەر ئێمە بێین‌و کەشێکی وا لەهەرێمی کوردستاندا دروستبکەین بەشێوەیەکیش لەناو کەرکوکدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، رێگرنابن لەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان...

دەبێت جێگری سەرۆکی هەرێم‌و جێگری سەرۆکی حکومەت کوردێك‌و عەرەبێك‌و تورکمانێك بێت

بەبڕوای من، ئێمە هەڵەی گەورەمان لەکەرکوك، نەبوونی ستراتیژو ململانێی حیزبی بوو لەکەرکوکدا کە دەبوایە کوردایەتی بوایە

هیوادارم لیستە کوردییەکان بەتێکڕایی حەوت کورسی بەدەستبهێنن، ئەگەر هەشت کورسی بهێنن، ئەوە زۆر باشترە

www.arsivakurd.org



# شەش ساڵ دوای نەمانی سەدام

## عەرەبە سونەکان، لەتاکتیکو ستراتیژیاندا جیاوازن

*ماریتا ئوتاوێو دانیال کیاسی

هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق لەڕۆژی ٧ی ئاداری داهاتوو، جوڵەی وڵاتەکە بەرەو چەسپاندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی سەقامگیر یان ڕۆچوون بەرەو ئاڵۆزی ئێتنیکی دیاریدەکات، وەکو دەزانرێت لەگەڵ هەبوونی ٣٠٦ ڕەوتی سیاسی تۆمارکراو بۆ کێبڕکێکردن لەسەر تەنیا ٣٢٣ کورسی ئەنجومەنی نوێنەران، عێراق بەدەست پارچە پارچەبوونی سیاسی گەورەوە دەناڵێنێت.

لەنێو ئەو ٣٠٦ ڕەوتە تۆمارکراوەی هەڵبژاردنەکە، ٢٥١ ڕەوتیان وەکو بەشێکی لیست یان هاوپەیمانێتییەک بەشداری دەکەنو تەنیا ٥٥ ڕەوتیان بەشێوەیەکی ڕەسمی لەگەڵ هیچ حیزبێکی تر هاوپەیمانێتییان نەکردووە، هەروەها هەڵبژاردنەکە کێبڕکێی نێوان حیزبە عەلمانییو ئایینیو هاوپەیمانێتییەکان لەقەبارەی جۆراوجۆرو پاڵێوراوی سەربەخۆ بەخۆیەوە دەبینێت، لەچەند پارێزگایەکی دیاریکراودا، گرژیی ئێتنیکی یان سیاسی توندتردەبێتو ئەگەر زۆرە ماوەی پێش هەڵبژاردنەکە ئاڵۆز بێت.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی دووەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، پێدەچێت سونەکان دڵنیانەبن لەو ستراتیژەی پێویستە پەیڕەوی بکەنو وەکو هەردوو ساڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥، لەناوخۆیاندا دابەشبوون، ئەو جۆرە کێشانە وایکرد، نوێنەرایەتی سونە نیوەناچڵ بێتو ئەمەش تووڕەی کردن، هەروەها نفوزییانی لەپەرلەمان کەمکردەوە، ئەگەر ئەم ئاراستەیەی ئێستا بەردەوام بێت، مەترسی ئەوە لەئارادایە، ڕەوشەکە لەئاییندەشدا بەردەوام بێت، سونەکان تواناکانیان بەشێوەیەک پەرشو بڵاودەکەنەوە وەکو ئەوەی ناکۆکی ڕاستەقینە لەسەر ئامانجو بەرنامەی حوکمڕانی نییە بەقەدەر ئەوەی لەسەر خواستی تاکەکەسیو دوژمنایەتیی یەکترییە، لەکاتێکدا لایەنە شیعەو کوردەکان کەبەدەست هەمان کێشەوە دەناڵێنن، بەڵام ئاکامەکەی زۆر مەترسیدارتر دەبێت بۆ سونەکان، ئەمەش لەبەرئەوەی سونەکان ژمارەیان کەمەو ئامانجێکی کۆتاییان نییە کەیەکیان بخات، شیعەکان تا ڕادەیەک ژمارەیان دەیانپارێزێتو کوردەکانیش ئەو ڕاستییە دەیانپارێزێت کە لەکۆتاییدا لەدەوری ئامانجی حوکمڕانی فیدراڵی کۆدەبنەوە، هەرچەندە لەمەسەلەی تردا ناکۆک بن.

### کۆمەڵە سیاسییەکانی سونە

لەچوارچێوەی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥، سیاسەتمەدارانی سونە توانییان لەدوو بەرەی سیاسیی پانو بەریندا یەکبگرنەوە، ئەوانیش بەرەی تەوافوقی عێراقی کە ٤٤ کورسیو بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی کە ١١ کورسی بەدەستهێنا، هەرچەندە ژمارەیەک لەسونە بەدەسەڵاتەکان لەپەراوێزی پرۆسەی سیاسی مانەوە، یان لەبەرئەوەی بێزراو بوون هەروەکو بەعسییەکانی پێشوو، یاخود لەبەرئەوەی بەرەنگاربوونەوە پرۆسە پێشتیوانلێکراوەکەیان لەلایەن ئەمەریکا هەڵبژارد، ئەمانەش بەشداریکردنی سونەکانی لاوازکرد.

بازرگانی بەدەنگی دەنگدەرەوە دەکرێت

هەردوو بەرەکە نوێنەرایەتی سونەیان لەپەرلەمان دەکرد، بەرەکان بەرهەمی هاوپەیمانێتی بەرژەوەندیی هەڵبژاردن بوون لەبنەڕەتدا زیاتر لەوەی دوو حیزب بن کەنوێنەرایەتی ڕەوتی ئایدۆلۆژیی یان داواکاریی سیاسی ڕوونو ئاشکرابن، بەرەی تەوافوق کە حیزبی ئیسلامی عێراقی باڵادەستە تیایدا ژمارەیەک ڕێکخراوی عەلمانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا کە بەپەلەو شپرزەیی چوونە ناوییەوە لەبەرنەبوونی ئەلتەرناتیڤی باشتر.

بەرەی دیالۆگی نیشتمانی لەلایەن ساڵح موتڵەگی کۆنە بەعسییەوە کە لەحەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو ئەو حیزبەی بەجێهێشتبوو پێکهێنرا، لەساڵی ٢٠٠٥ موتڵەگ بووە ئەندامی ئەو لیژنەیەی ڕاسپێردرابوو بەگەڵاڵەکردنی ڕەشنووسی دەستووری عێراق، بەڵام لەکۆتاییدا ڕەشنووسەکەی ڕەتکردەوە کە داوای پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندی لاوازو هەرێمی فیدراڵی بۆ کوردەکان دەکاتو زەمینە خۆشدەکات لەبەردەم پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵی تر، موتڵەگو بەرەی عێراق بۆ دیالۆگی نیشتمانی لەجیاتی ئەو ڕەشنووسە داوای گەڕانەوەی دەوڵەتی عێراقی ناوەند بەهێزیان کرد، هەروەها دژایەتی حیزبی ئیسلامییان کردو بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە بەتەواوی خۆی تەسلیمی حکومەت کردووە.

ساڵی ٢٠٠٨ بەهۆی زیادبوونی ناکۆکییەکانی نێوان حیزبی ئیسلامیو سیاسەتمەدارە عەلمانییەکان کەسەرەتا چووبوونە ناو ڕیزەکانی هاوپەیمانێتیی نیشتمانییەوە، بەرەی تەوافوق هەرەسی هێنا، لەهەمان کاتدا، وردەوردە حیزبی ئیسلامیش ئەندامەکانی لەدەستدا تا دواجار دابەشبوون، تاریق هاشمی سەرۆکی حیزبەکەو یەکێکە لەجیگرەکانی سەرۆک کۆمار بەخواستی خۆی دەستی لەکارکێشایەوەو حیزبێکی تایبەت بەخۆی پێکهێنا (حیزبی تەجدید)، ژمارەیەک کەسایەتی دیاری تر ڕیزەکانی تەوافوقیان بەجێهێشت، جگە لەئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی کە لەبەرە جیابووەو دواتر پارچە پارچە بوو، مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانو ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی هاوپەیمانێتیی تایبەت بەخۆی پێکهێنا کە هێشتا زۆر بچوکەو ئەو سەنگەی نییە. لەگەڵ هەرەسهێنانی هاوپەیمانێتییەکانی پێشوو، چەند هێزێکی نوێی سونە بوونە جێی بایەخپێدان، کاتێک ئەندامانی هۆزەکان کە پشتیوانییان لەڕێکخراوی قاعیدە کردو ناڕازیبوون، بوونە بەشێک لەهەوڵەکەی واشنتۆن بۆ لەناوبردنی ڕێکخراوەکە. پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕزگاریی ئەنبارو ئەنجومەنەکانی سەحوەی هۆزەکان خاڵی وەرچەرخان بوون لەجەنگەکەدا، ئەمەش وایکرد قاعیدە کۆنترۆڵ بکرێتو ئاستی توندوتیژیش لەوڵاتەکەدا کەمبێتەوە، هەر ئەم هەنگاوە وایکرد کە هێزی نوێی سیاسی سونەکان لەدایکببێت کە خواستی تایبەتیی سیاسییان هەبێتو بەتوندیش حیزبی ئیسلامی ڕەتبکەنەوە، ئەنجومەکانی سەحوە شکستیان هێنا لەوەی بەرەی یەکگرتووی سیاسی پێکبهێنن، زۆربەی سەرکردەکانیان چوونە ناو هاوپەیمانێتییە جیاوازەکانەوە.

### تاکتیکیان جیاوازە

سونەکان یەکن لەناڕەزاییان بەرامبەر کەمبوونەوەی نوێنەرایەتیی سیاسیان، بەڵام قورسە ئەوە دیاریی بکرێت کە ئایا نوێنەرایەتی سونەکان لەڕاستیدا نیوەناچڵە، هەروەها کارێکی قورسە بزانرێت ئایا ئەمە ئاکامی ڕیزبەندی لایەنەکانی ترە لەدژیان یاخود بەهۆی کەمی ئاستی بەشداریکردنیانە لەهەڵبژاردنەکاندا.

تا ئەو کاتەی سەرژمێریی گشتی لەعێراق دەکرێت کەئەمە زۆر قورسە لەبەرئەوەی مەسەلەیەکی زۆر هەستیارە لەو کۆمەڵگایانەی لەناوخۆیاندا ناکۆکنو ناتوانرێت بەئاسانی لێکۆڵینەوە لەو بانگەشانەی لاوازی نوێنەرایەتی یان زیادکردنی بکرێت.

ئەم زوڵمو ستەمە پاڵی بەهاشمییەوە نا مافی ڤیتۆ لەدژی یاسای هەڵبژاردن بەکاربهێنێت کە پەرلەمان لە١٨ی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابوردوودا دەنگی پێدا، لەسەر ئەو بنەمایەی کەنوێنەرایەتییەکی شیاوی عێراقییەکان لەدەرەوە فەراهەم ناکات، بەڵام لەبەدبەختی سونەکان، هاشمی لەڕێی بەکارهێنانی ڤیتۆوە ئەو هەلەی دایە ئەنجومەنی نوێنەران کە پاشگەزببێتەوە لەبڕیاری ڕێگەدان بەکۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکە بڕیار لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکانی بەسەر پارێزگاکان بدات، بەگوێرەی قسەی کوردەکان، کۆمسیۆن پێشنیازیی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی کورسییەکانی بەدڵی سونەکان کردووە بەپێچەوانەی کوردەکانەوە، دوای بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ، پەرلەمان دەنگیدا لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنو بەوپێیە ژمارەی کورسیی هەموو پارێزگاکان بەهەمان ڕێژە زیادکراو بەوشێوەیە سونەکان ئەو تایبەتمەندییەی کە ببووە مافی خۆیان بەگوێرەی ژمارەکانی کۆمسیۆنی باڵا لێیان سەندرایەوە.

### قەیرانی یاسای هەڵبژاردن

سەرەڕای ئەوەی سیاسەتمەدارانی سونە کۆکن لەسەرئەوەی پێکهاتەکەیان شایستەی نوێنەری زیاترە، بەڵام ژمارەیەکیان هاشمییان بەشکستهێنان لەبەکارهێنانی ڤیتۆ دژی ڕەشنووسەکەی یەکەمجار تۆمەتبارکرد، لەناوخۆیاندا یەکنەبوون لەسەر هەڕەشەکانی بەکارهێنانی ڤیتۆ لەدژی یاسا هەموارکراوەکە جارێکی تر، پێکهاتەی سونە یەکگرتوویی یان ستراتیژێکیان لەبارەی شێوازی مامەڵەکردن لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە نیشان نەدا. دوای ئەوە مەسەلەی یاسای هەڵبژاردنو بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ چارەسەر کرا، کاتێک پەرلەمانتاران بەچەند خولەکێکی کەم بەر لەوادەی دیاریکراو لەنیوە شەوی ڕۆژی دووشەممەی ٧ی کانوونی یەکەم ڕێککەوتن لەسەر بەهەند وەرگرتنی داواکارییەکانی یەکەمجاری هاشمی، مەسەلەی دابەشکردنی کورسییەکان بەزیادکردنی سێ کورسی چارەسەرکراو ژمارەی کوتایی کورسییەکانی پەرلەمان بووە ٣٢٥و ئەو سێ کورسییە زیادکراوە بۆ پارێزگا کوردییەکان دەبێتو ئەوانی تریش بەو شێوەیە دابەشکراون کە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق پێش بەکارهێنانی ڤیتۆ لەلایەن هاشمییەوە دیاری کردبوو، ئەمەش مانای وایە پارێزگا عەرەبە سونەنشینەکان ژمارەی کورسییەکانیان زۆر زیاتر دەبێت لەو ژمارانەی ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام کوردەکانیش ژمارەی کورسییەکانیان زیاددەبێت. ژمارەی کورسییەکانی قەرەبووکردنەوە (تەعویزی) دەبێتە ١٥ کورسی لەگەڵ تەرخانکردنی هەشت کورسی بۆ کەمینەکان، عێراقییەکانی نیشتەجێی دەرەوەش دەنگدەدەن بەنوێنەرانی پارێزگاکانیانو هیچ کورسییەکیان بۆ تەرخان نەکراوە.

### هێزە سونییەکانی ئێستا

لەجێی دوو بەرەکەی کە نوێنەرایەتی سونەکانی لەساڵی ٢٠٠٥و دواتر دەکرد، ژمارەیەک زۆر هێزی سیاسی پەرشوبڵاوو پێکهاتە ئاڵۆز جێی گرتونەتەوە کەئەمانەن:

١-حیزبی ئیسلامی ئەندامی باڵادەستە لەهاوپەیمانێتییەک کە سەرتاپای عەرەبی سونەیەو ناوی بەرەی تەوافوقە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی دیاری بەرەکە تەوافوقیان بەجێهێشتوە، لەبەرئەوە پێناچێت وەکو هەڵبژاردنەکەی پێشوو بەرەی تەوافوق ژمارەیەکی زۆر دەنگ بهێنێت.

٢-بەرەی عێراقو حیزبی تەجدید لەگەڵ ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشوتر کە شیعەیە لەناو جوڵانەوەی نیشتمانی عێراقدا یەکیانگرتووەتەوە کە سونەکان زۆرینەن تیایدا، ساڵی ٢٠٠٥ بەخت یاوەری عەلاوی نەبوو، سەرکەوتنی جوڵانەوەکەشی لەمساڵدا تاڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بەدەنگدان بۆ لایەنە سونەکان.

٣-ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی دیاری عەرەبە سونەکان، لەوانە ئەیاد سامەڕایی سەرۆکی پەرلەمانو سەعدون دلێمی وەزیری پێشووی بەرگریو ئەحمەد ئەبوریشەی سەرۆکی ئەنجومەنەکانی سەحوە لەعێراق، چوونەتە ناو هاوپەیمانێتیی یەکێتیی عێراق کە زۆرینەی عەرەبی سونەیە.

٤-تەنیا گروپە بچوکەکانی عەرەبە سونەکان چوونەتە ناو هاوپەیمانێتیی دەوڵەتی قانون کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی دەکاتو پێشبینی دەکرێت ژمارەیەکی زۆر دەنگ بهێنێت، بەحوکمی پۆستەکەی مالیکی، لەکاتێکدا مالیکی بای دایەوە بەلای ئەم گروپە بچوکانە، زۆر دوژمنکارانە بوو بەرامبەر ئەو گروپانەی کە ڕکابەرێکی ڕاستەقینەی هاوپەیمانێتییەکەی دەبن، بەتایبەتی هێرشیکردە سەر جوڵانەوەی نیشتمانیو دواتر ساڵح موتڵەگو بەوە تۆمەتباری کرد کە ئەجێندایەکی بەعسییانەی هەیە.

٥-ئەنجومەنی ڕزگارکردنی ئەنبار چووەتە ناو هاوپەیمانێتی نیشتمانییەوە کەزۆربەی هەرە زۆریان عەرەبی شیعەنو پێدەچێت دەنگی زۆر بەدەستبهێنێت. مەشهەدانی نەچووەتە ناو هیچ هاوپەیمانێتییەکو بەتەنیا هاوپەیمانێتییەکی بچوکی پێکهێناوەو ڕەنگە سەنگێکی وای نەبێت.

### ناکۆکییەکانیان بەردەوامە

سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی هێزە عەرەبە سونییەکان دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، لەڕووی باشییەوە ئاماژەیەکە بۆئەوەی سونەکان هەوڵی تەواودەدەن تا زیاتر تێکەڵی سیستمی سیاسی ببن، هەر لەلایەنی باشییەوە، دەکرێت وا سەیری خۆڕێکخستنەوەی عەرەبە سونەکان بکرێت کەئەمە هەوڵێکە بۆ گرەنتی ئەوەی نوێنەرایەتی سونەکان وەکو پێویست بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کێ لەهەڵبژاردنەکەدا سەردەکەوێت.

لەلایەنی خراپیشەوە، سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی هێزە عەرەبە سونەکان ئامانجی خواستی تاکەکەسی کەهێشتا بووەتە هۆی دروستکردنی ناکۆکی قوڵ لەنێوان سەرانی ئەو پێکهاتەیەدا بەدەردەخات. ململانێی تاکەکەسیو هەروەها ئامادەنەبوونی زۆربەیان بۆئەوەی کار لەگەڵ حیزبی ئیسلامیدا بکەن، وا لەعەرەبە سونەکان دەکات بچنە ناو هاوپەیمانێتی جیاوازەوە، نەک لەبەرئەوەی لەئامانجەکانیاندا لەگەڵ ئەو هاوپەیمانێتییانەدا یەکدەگرنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی حیزبە سونییەکانی ڕکابەریان چونەتە ناو هاوپەیمانێتییەکانی ترەوە.

*ئەم بابەتە لەلایەن پەیمانگای کارنیگی بۆ ئاشتی لەلایەن هەردوو توێژەرەوە ئامادەکراوە

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: دەستوور**

     



# ئایندەی عەرەبە سونەکان لەعێراقو نیگەرانییەکانیان

ئا: نەوزاد سدیق

**واشنتۆن پشتیوانێکی گەورەی عەرەبە سونەکانە**

لەوتارێکیدا رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی نووسیویەتی "دوای چەندین ساڵ لەرووخانی رژێمی سەدام کە لەساڵانی حوکمڕانیدا عەرەبە سونەکان لەهەموو شتێکەوە لەپێشەوەبوون، بۆ نمونە زۆربەی پۆستەکانی حکومەت بەدەستی ئەوانەوەبوو، لەکاتێکدا عەرەبە شیعەکانو کوردەکانیش بەتەواوی پەراوێزخرابوون، نیگەرانن لەوەی پشکێکی دادپەروەرانەیان لەداهاتی سامانی سەرەکی وڵاتەکە کە نەوتە بەرناکەوێت، جگەلەوەش لەپرۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانو سەقامگیرکردنی ئاسایش بێبەشدەکرێن".

بەگوێرەی رۆژنامەکە، واشنتۆن بووەتە پشتیوانێکی گەورەی سونەکان، ئەمە لەکاتێکدا سەرانی ساسی عەرەبە سونەکان نەیانتوانیوە بەتەواوەتی نوێنەرایەتی پێکهاتەکەی خۆیان بکەن بەهۆی بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکەی پێشوی پەرلەمانی عێراق.

داواش لەلێپرسراوانی ئەمەریکا دەکات، فشارەکانی خۆی بۆ کەمکردنەوەی گرژیو ئاڵۆزییەکانی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بەکاربهێنێت، فشار بخاتە سەر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کە وا لەعەرەبە سونەکان بگەیەنێت لەعێراقی ئێستاو داهاتوو رۆڵی خۆیان دەبێتو پەراوێز ناخرێن.

رۆژنامەکە مالیکی بەوە تۆمەتبارکردوە کە گەمەیەکی ترسناک دەکاتو ئامۆژگارییەکانی کریستۆفەر هیلی باڵیۆزی ئەمەریکاو رای ئۆدێرنۆی فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق لەگوێ ناگرێتو ئاژاوەی تایەفی دەنێتەوەو وەکو سەرکردەیەکی نیشتمانیی مامەڵە ناکات.




سوننەکان لەئاییندەی سیاسییان نیگەرانن

**سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکەی عێراق، بۆ عەرەبە سونەکانو وڵاتە عەرەبییەکانیش زۆرگرنگە**

لەمیانی وتارێکیدا حامد ئەلحەمود لەرۆژنامەی قەبەسی کوێتی پێیوایە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی داهاتوو بەتەنیا بۆ دیاریکردنی ئایندەی عەرەبە سونەکان گرنگ نییە، بەڵکو کاریگەریشی لەسەر سەرجەم وڵاتە دراوسێکانی عێراقو ئەو وڵاتە عەرەبییانە دەبێت کە کەمینەی شیعەیان هەیە.

ئەلحەمود لەوتارەکەیدا دەڵێت "ئەنجامی هەڵبژاردنەکە تەنیا بۆ عێراق جێی بایەخ نییە، بەڵکو بۆ زۆرێک لەوڵاتە عەرەبییەکانیش گرنگە بەتایبەتی کە عێراق بارێکی پێچەوانەی وڵاتەکانی وەکو سعودیەو کوێتو سوریاو یەمەنی هەیە کەتیایاندا شیعە بەژمارە کەمن، بارودۆخی عەرەبە سونەکان لەعێراق هاوشێوەی رەوشی شیعەیە لەو وڵاتانەی ناومان هێناون، گونجانی نێوان شیعەو سونە لەعێراق یان روودانی هەر گۆڕانکارییەک دەبێتە مایەی لاوازبوونی ناسنامەی تایەفی هەریەکێکیان لەبەرامبەر دەرکەوتنی ناسنامەی نیشتمانی کە کاریگەریی گەورەی لەدروستکردنی گۆڕانکاریی لەوڵاتە دراوسێکانی عێراق دەبێت".

نووسەرە کوێتییەکە پێیوایە، تەقینەوەکانی چەند مانگی رابوردووی بەغدا، وای لەمالیکی کرد خۆی بهاوێتەوە باوەشی لایەنە سیاسییەکانی شیعە دوای ئەوەی ماوەیەک بوو خۆی لەعەرەبە سونەکان نزیکدەکردەوە، جگە لەوەش وازهێنانی تاریق هاشمی لەحیزبی ئیسلامیو نزیکبوونەوەی لەئەیاد عەلاوی بەگۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێش ناودەباتو لەو بارەیەوە دەنووسێت "چاودێرانی عێراق، دوو گۆڕانکاریی گرنگ لەماوەی چەند مانگی رابوردودا بەدی دەکەن کە یەکەمیان نزیکبوونەوەی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی قانونە کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، دوای ئەوەی مالیکی سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەخۆنزیکردنەوە لەهێزە سیاسییەکانی سونەو عەلمانییەکان، بەڵام ئەو تەقینەوانەی لەچەند مانگی رابوردودا ناوەڕاستی بەغدایان هەژاندو بوونە هۆی کوژرانو بریندارببوونی سەدان کەسی بێتاوان، جەماوەرێتی مالیکیان لاوازکرد، ئەمەش ناچاری کرد خۆی بهاوێتەوە باوەشی هاوپەیمانێتی سەرەکی شیعەکان.

دووەمیشیان بریتییە لەپاشەکشەی تاریق هاشمی لەبەرەی تەوافوقی سونەو چوونە ناو هاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراقییەی عەلمانی کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکاتو پاڵێوراوانی سەرجەم پێکهاتەکانی لەخۆگرتووە، دوای ئەوەی دەستبەرداری سەرۆکایەتی حیزبی ئیسلامی بوو، ئەمەش درکپێکردنێکی پێشوەختە بەوەی ئایندەیەکی باشتری عەرەبە سونەکان لەعێراق لەمیانی خولانەوە لەناو رێکخراوە سیاسییە سونەکاندا بەدینایەت، بەڵکو لەڕێی کرانەوە بەڕووی ئەو بیرمەندانەی شیعە دەبێت کەپێیانوایە سەقامگیریو بەرەوپێشچوونی عێراق لەڕێی بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانیو لاوازکردنی ناسنامەی تایەفییەوە بەدیدێت، نووسەر پێیوایە لەئایندەدا دەستبەرداربوونی عەرەبە سونەکان لەپۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ سیاسەتمەدارێکی عەرەبی شیعە، رەنگە دەستپێشخەرییەکی گرنگ بێت بەئاراستەی لاوازکردنی پرەنسیپی دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان لەسەر بنەمای ئینتیمای تایەفی کە لەدوای رووخانی سەدامەوە، زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانی عەرەبی سونە رەخنە لەو پرەنسیپە دەگرنو بەدەستکردی ئەمەریکای دەزانن.

**گرێ کوێرەی عەرەبە سونەکان چییە؟**

بەڕای چاودێرانی سیاسی، گرێ کوێرەی عەرەبە سونەکان لەدوای رووخانی رژێمی سەدام بریتییە لەنەبوونی مەرجەعیەتێکی ئایینی وەکو عەرەبە شیعەکانو کاریگەریی ئێرانو سوریا لەسەر هەندێک گروپو لایەنی سیاسیی سونەکان کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریاندەهێنن.

ئەو چاودێرانە نیگەرانن لەوەی لاوازبوونی عەرەبە سونەکان لەعێراقو بەهێزبوونی عەرەبە شیعەکان، دەبێتەمایەی باڵادەستی زیاتری ئێران لەناوچەکە بەوپێیەی بەشێکی زۆری هێزە شیعەکان کە لەدەسەڵاتدان لەو وڵاتەوە نزیکن، جگەلەوەش هانی کەمینەکانی شیعە لەکوێتو بەحرێنو سعودیە دەدات بۆئەوەی بەسودوەرگرتن لەهەلومەرجی نوێی عێراق، دەست بەجموجوڵ بکەنو ئەمەش دەبێتە مایەی دروستکردنی فشار لەسەر وڵاتەکانیان کە جارێکی تر بەقازانجی ئێران دەشکێتەوە.

# ریشەکێشکردنی بەعس، سونە لەدەسەڵات دووردەخاتەوە؟

ئا: دەستوور

رۆژی ٧ی مانگی کانوونی دووەمی رابوردوو، بەپاساوی ئەوەی پەیوەندییان بەڕژێمی پێشووەوە هەبووەو داکۆکی لێدەکەن، دەستەی لێپێچینەوەو دادپەروەریی، ٩ قەوارەی سیاسی کە زۆربەیان عەرەبی سونەنو نزیکەی ٤٥٨ی پاڵێوراوی لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بێبەشکرد.

بەپێی ناوەندێکی توێژینەوەی ئەمەریکا، بڕیارەکەی دەستەی لێپێچینەوە کاردەکاتە سەر ژمارەی دەنگی لایەنەکانی عەرەبی سونەو قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکانیان، هاوکات کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نێوان شیعەو سونەکان.

**هۆکارەکانی ئەو بڕیارە**

بەگوێرەی پەیمانگای کارنیگی بۆ ئاشتی، بڕیارەکەی دەستەی لێپێچینەوە لەدوورخستنەوەی ئەو پاڵێوراوانە لەهەڵبژاردنەکەی مانگی داهاتوو، سیاسییەو دەرەنجامی دژبەیەکی بەرژەوەندییەکانە، لەبەرئەوەی عەلی لامی کەسەرۆکایەتی دەستەکە دەکات، خۆی ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقە کە بەشێکە لەهاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراقیو هەموو هێزە شیعەکانی جگە لەحیزبی دەعوە لەخۆگرتووەو خودی لامی خۆی بۆ هەڵبژاردن پاڵاوتووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە: بڕیارەکەی دەستەی لێپێچینەوە بەلای هەندێک لەئەندامەکانییەوە فاکتەری سیاسی لەپشتەوەیە، هەرچەندە لەم قۆناغەو بەهۆی ئاشکرانەکردنی ناسنامەی سەرجەم دوورخراوەکان ناتوانرێت شیکردنەوەیەکی دروست بۆ کەسایەتی پاڵێوراوەکان بکرێت، بەڵام رۆژنامە عێراقییەکان پێشبینی دەکەن کە دوورخراوەکان لەهەردوولا بن (عەرەبە شیعەو عەرەبە سونەکان)، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو هاوپەیمانێتی سەرەکی شیعەکان، هاوپەیمانێتی دەوڵەتی قانونو هاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراق هیچ پاڵێوراوێکیان دوورنەخراوەتەوەو زۆربەی دوورخراوەکان لەهاوپەیمانێتی هێزە سونییەکانو عەلمانییەکانن، بۆ نمونە جوڵانەوەی نیشتمانی عێراقی ٧٠ پاڵێوراوی دوورخراوەتەوە.

پەیمانگاکە دەڵێت "پێدەچێت، دوابڕیار لەسەر چارەنووسی دوورخراوەکان لەسەر بنەمای سیاسی بێت نەک یاسایی، لەبەرئەوەی دەستەی لێپێچینەوەو دادپەروەریی پاساوێکی گوماناوی بۆ بڕیارەکەی هێناوەتەوەو پشتی بەمادەی ٧ی دەستوور بەستووە کەباس لەوەدەکات نابێت هیچ قەوارەیەک پشت بەڕەگەزپەرستیو تیرۆرو تەکفیرکردنی ئەوانی ترو پاکتاوی رەگەزیی یان هاندانی بدات بەتایبەتی بەعسییە سەدامییەکان".

**ئەو لایەنانەی زەرەرمەند دەبن لەبڕیارەکە**

دیارترین پاڵێوراو کە بەهۆی بڕیارەکەی لیژنەی لێپێچینەوە لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکە بێبەشدەبێت، ساڵح موتڵەگە کە ساڵی ٢٠٠٥ بەرەی دیالۆگی نیشتمانی پێکهێناو لەهەڵبژاردنەکەی ئەو ساڵەدا ١١ کورسی پەرلەمانی بردەوە.

هەروەک بێبەشکردنی موتڵەگو حیزبەکەی گورزێکی گورچکبڕ بوو لەجوڵانەوەی نیشتمانی ئەلعێراقی کە هاوپەیمانێتییەکی گەورەی هێزە عەلمانییەکانەو ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات. سەرەتا عەلاوی هەڕەشەی پاشەکشەی کرد لەهەڵبژاردنی پەرلەمان ئەگەر بڕیارەکە لەدژی موتڵەگ هەڵنەوەشێنرێتەوە، بەڵام دواتر لەلێدوانەکانیدا نەرمی نیشاندا، ئەوەی کێشەکەی بۆ جوڵانەوەکە ئاڵۆزترکردوە، قەدەغەکردنی سەعد ئەلجەنابیو فراکسیۆنەکەیو گردبوونەوەی کۆماریی عێراقییە. بەڕای پەیمانگاکە، بەبێ بەشداریکردنی موتڵەگو جەنابی کە دیارترین ئەندامانی سونەی هاوپەیمانێتییەکەن، بەشداریکردنی هێزە سونەکان لەهاوپەیمانێتییەکەی عەلاوی کەخۆی شیعەیە، ئەو کاریگەرییەی نابێت.

> هیچ کاندیدێکی لیستی دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراق دوورنەخراونەتەوە، ئەوەش گومان دەخاتە سەر کارەکانی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری

**کاردانەوەی سونەکان**

هەر لەشیکردنەوەکەیدا، پەیمانگای کارنیگی نووسیویەتی "ئەوەی جێی سەرنج بوو گەورە سیاسەتمەدارانی سونە بەتوندی بێبەشکردنی موتڵەگو پاڵێوراوەکانی تریان لەهەڵبژاردنەکە رەتنەکردەوە کە رەنگە ئەمە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت بترسن لەوەی هەر نارەزاییەکی گەورە وا لەدەستەکە بکات، هەنگاوی تریان لەدژ بهاوێت یان لەلایەن لایەنگرەکانیانەوە بەوە تۆمەتباربکرێن کە داکۆکی لەبەعسییەکان دەکەن بەتایبەتی لەو پارێزگایانەی دانیشتوانەکانیان تێکەڵەن لەعەرەبی شیعەو عەرەبی سونە". ئاماژەی بەوەشداوە "رەنگە هۆکارێکی تری کاردانەوەی بێدەنگی سونەکان لەبەرامبەر بڕیارەکەی لیژنەی لێپێچینەوە لەبەرئەوە بێت کە موتڵەگو جوڵانەوەی نیشتمانی عێراق زۆرترین پشتیوانییان لێدەکرێت لەنێو عەرەبە سونەکاندا، بۆیە پەراوێزخستنی موتڵەگ هەلێکی باشە بۆ حیزبە سونەکانی تر ئەگەر داوا لەلایەنگرەکانی نەکات بایکۆتی هەڵبژاردنەکە بکەن تا دەنگ بەمان بدەن". ئاشکراشیکردووە "تەنیا لایەنی عەرەبی سونە کە بەتوندی قەدەغەکردنی بەشداریکردنی موتڵەگی مەحکوم کردوە، حیزبی ئیسلامی عێراقی بوو، لەبەرئەوەی دووسەرکردەی دیاری خۆیشی لەخۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردن دوورخراونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر زۆرە بەهۆی لەدەستدانی بنکەی جەماوەرێتی لەهەڵبژاردنی ئەم جارە دەنگی کەمتر بەدەستبهێنێتو نارەزاییەکەشی دەرفەتێکە بۆ سەرنجڕاکێشانی دەنگدەرانی عەرەبی سونە".

پەیمانگاکە باسی لەوەکردوە ئەوەی جێی تێڕامانە قەدەغەکردنی پاڵێوراوەکان هیچ پاڵێوراوێکی ئەنجومەنەکانی سەحوەی نەگرتوەتەوە، هەرچەندە هەریەک لەقەوارەکانی ئەنجومەنی رزگاری ئەنبار لەناو هاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراقو بەرەی نیشتمانی بۆ رزگارکردنی ئەنبار لەگەڵ هاوپەیمانێتی دەوڵەتی قانونو ئەنجومەنی سەحوەی عێراق لەگەڵ هاوپەیمانێتیی یەکێتیی عێراقی عەلمانی بەشداریی لەهەڵبژاردندا دەکەن.

کارنیگی رونیکردووەتەوە "بۆ بەرگرتن لەدروستبوونی هەر قەیرانێک بەهۆی بڕیارەکەی دەستەی لێپێچینەوە، چەندین خولی گفتوگۆ بەڕێوەدەچێتو لەو چوارچێوەیەدا مانگی رابوردوو جۆی بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی عێراقی کردو داوای کرد ئەو مەسەلەیە بخرێتە دوای هەڵبژاردنەوە بۆئەوەی پرۆسەکە لەوادەی خۆیدا بەڕێوەبچێت".

ئا: محەمەد عەلی خەفاف

لەماوەی هەفتەیەکدا هێرش کرایە سەر دوو بینای سەر بەپارتی کۆمەڵگەی دیموکرات کە یەکێکیان بینای ناوەندی پارتەکەیە، ئەمە چەندەمین جارە هێرش دەکرێتە سەر بینای پارتە کوردییەکانو پێشتریش دەتەپە چەندین جار هێرشی جیاجیای کرایە سەر، جگە لەو هێرشانەش سیاسەتمەدارە ناودارەکانی کورد لەباکوور بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕەشە لەشارە تورکنشینەکانی تورکیا بوونەتەوەو لەدوایین هێرشیشدا هەڵکوترایە سەر کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی ئەحمەد تورک سەرۆکی دەتەپەی داخراو لەشاری ئیزمیر.

**هێرش کرایە سەر بینای ناوەندی بەدەپە**

ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بینای ناوەندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (بەدەپە) لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە هێرشی کرایە سەر، هەرچەندە ئەوەی هێرشەکە هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە، بەڵام بیناکە زیانی مادی پێگەیشتو تەواوی شووشەکانی شکان، دوابەدوای ڕووداوەکەش هێزە ئەمنییەکانی ئەنقەرە کەوتنە گەڕان بەدوای ئەنجامدەرانی کارەکەدا، سەرچاوەکانی هەواڵ لەتورکیاش لەزاری بەرپرسانی بەدەپەوە بڵاویانکردەوە کە تۆماری کامێرای چاودێریی سەر شەقامەکە لەلایەن پۆلیسەوە سڕاوەتەوە بۆئەوەی نەتوانن بیاندۆزنەوە، ئەمە لەکاتێکدا هێزەکانی پۆلیس بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لێی ئەو تۆمارەیان بردبوو.

لەو بارەیەشەوە سەلاحەدین دەمیرتاش لەگەڵ وەزیری ناوخۆدا کۆبوونەوە، سەرۆکی بەدەپە داوای لێکرد کەچۆنێتی ئەنجامدانی سڕینەوەکەو ناسنامەی ئەو پۆلیسەی ئەو کارەی ئەنجامداوە بۆ ڕوونبکەنەوە.

**ئاتالای سەردانی بەدەپە دەکات**

بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا وێڕای پەیوەندیکردن بەسەلاحەدین دەمیرتاشی سەرۆکی بەدەپە بۆ هەواڵپرسینو دڵنیابوون لەساغو سەلامەتییان، واش بڕیارە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا سەردانی بینای ناوەندی پارتەکە لەشاری ئەنقەرە بکاتو ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو هێرشەوە بەبەرپرسانی پارتەکە ڕابگەیەنێت.

**هێرشێکی دیکە لەکۆجا ئەلی**

لەدوای هێرشەکەی ئەنقەرەوە هێرشێکی دیکە، بەڵام ئەمجارە لەڕێی بەردەوە کرایە سەر بینای بەدەپە لەشاری کۆجا ئەلیو هەرچەندە بیناکە زەرەرو زیانێکی زۆری پێگەیشت، زەرەری گیانی بەدواوە نەبوو، دواتریش بەرپرسانی پارتەکە سکاڵای یاساییان لەسەر هێرشبەرەکان تۆمارکرد، بەرپرسی ڕێکخستنەکانی بەدەپەش لەشارەکە وێڕای ئیدانەکردنی هێرشەکە ڕایگەیاند: هێرشەکان پلان بۆ درێژراوبوونو لەکاتێکدا ئەنجامدراون کە زۆرینەی ئەندامانی پارتەکە لەبیناکەدا ئامادەبوون، ئامانجیش لێی سووکایەتیکردن بووە بەبەدەپەو ئەندامەکانی، هەروەک بۆ ئیدانەکردنی هێرشەکە بەدەپەییەکان ڕێپێوانێکی هێمنانەیان سازکرد.

**کاپڵان چەند پرسیارێک لەوەزیری ناوخۆ دەکات**

حەسیب کاپڵان پەرلەمانتاری بەدەپە چەند پرسیارێک ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆی تورکیا دەکات، لەبارەی ئەو هێرشانەی تا ئێستا کراونەتە سەر پارتە کوردییەکانی وەک دەتەپەو بەدەپە، لەو نووسراوەدا کاپڵان دەپرسێت تا ئێستا چەندجار هێرش کراوەتە سەر بینای ناوەندی دەتەپەو بینای شارو شارۆچکەکانی.

لەدوایین هێرشدا کە کرایە سەر بینای ناوەندی بەدەپە بەهۆی ئەوەوە بوو کە پاسەوانی پێویست وەک بینای پارتەکانی دیکە لەلایەن حکومەتەوە بۆ بیناکە دابین نەکرابوو، هێرشبەرەکان ڕێگرییان لەهێرشکردن لێنەکرابوو، یەکێک لەپرسیارەکانی دیکەی کاپڵان، ئەوەیە کە تا ئێستا بەهۆی هێرشکردنە سەر دەتەپەو بەدەپەوە چەند کەس دەستگیرکراونو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە؟

لەدوای ئەوەی کەبەدەپە بەرپرسیارێتی پاراستنییان خستە ئەستۆی حکومەت، بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند سێ کەس بەتۆمەتی بەشداریکردن لەهێرشەکە دەستگیرکراون، بەڵام تا ئێستا ڕووننەبۆتەوە کە ئەوانە تاوانبارەکانن یاخود نا، ئاماژەی بەوەشکرد: لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەردەوامەو بەمزووانە هەموو شتێک ڕووندەبێتەوە.

**یان کێشەی کورد چارەسەر دەکەین یان دەتوێینەوە**

حوسەین چەلیک جێگری ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی ئاکەپە، ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی چارەسەری کێشەی کوردو کرانەوەی دیموکراتی داو وتی "یان ئێمە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەین یانیش کێشەکە ئێمە دەتوێنێتەوە"، هەروەک چەلیک ئاماژەی بەوەشکرد: ئەوان وەک دەسەڵاتەکانی ڕابردوو بیرناکەنەوە لەبارەی کێشەی کوردەوە، چونکە نەیانگوتووە چۆن هاتووە با هەروا بڕوات، کەواتە بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنیان دەکەوێتە ئەستۆ. وتیشی "سەرۆک وەزیری تورکیا بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی تورکیا لەهەوڵێکی چڕوپڕدایە".

ئەوەشی نەشاردەوە: ماوەی سی ساڵە لەتورکیادا خوێن دەڕژێو خەڵک دەکوژرێ، بەڵام ئاکەپە هەوڵدەدات چارەسەر بۆ هەموو کێشە ڕیشەییەکان بدۆزێتەوە.



لەگەڵ پرۆسەی گەڕانەوەدا، حیزبە کوردییەکان هێرشیان دەکرێتەسەر

# هێرش بۆ سەر بیناو بارەگاکانی بەدەپە دەستیپێکرد

## جێگرەکەی ئەردۆگان: یان کێشەی کورد چارەسەر دەکەین، یان کێشەکە ئاکەپە دەتوێنێتەوە



# خاوێنییەکانی سیاسەت، لەیلا زانا، ئەردۆگان!

حەسەن جەمال


لەیلا زانا


ئەردۆگان

لەیەکێک لەدانیشتنەکانی کۆنفرانسی "کێشەی کورد، تورکیاو یەکێتی ئەورووپا" لەپەرلەمانی یەکێتی ئەورووپادا لەیلا زانا وتەیەکی پێشکەشکرد، سەرەتای وتەکەی بەزمانی کوردی دەستپێکردو بەهۆی ئەوەی وەرگێڕی فەوری نەبوو، بەتورکی درێژەی پێدا، باسی لەوە کرد کە کوردەکان دەیانەوێ بەئازادیو یەکسانی بژین.

بیر لەو هەموو ئازارانە دەکەمەوە کە چەشتوویەتیو ئەو ئەشکەنجانەی کە دراوەو زیاتر لەدە ساڵ زیندانی کراوە، تەنها لەبەرئەوەی کە کوردەو خەباتی لەپێناو ناسنامەی کورددا کردووە، کاتێک گوێم لەو دەگرت مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩١م بیر دەکەوتەوە، ئەو دەمەی تازە هەڵبژاردنە گشتییەکان ئەنجامدرابوون، لەیلا زاناو هاوڕێکانی لەسەر لیستەکانی سەهەپە بەشداری هەڵبژاردنیان کردبوو، وەک پەرلەمانتار هەڵبژێردرابوون، هەرگیز ئەو ڕۆژە لەبیرناکەم، وەک یەکەم ژنە پەرلەمانتاری کورد لەیلا زانا چووە سەر مینبەری پەرلەمانو سوێندی بەزمانی کوردی خوارد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پەرلەمان بشڵەژێت، قیامەت هەستێو ئاخیری دونیا بێت، ئەو ڕۆژە لەیادەوەریمدا هەڵکەنراوە، چونکە لەهەمان ڕۆژدا گوڵدانی کۆماری شکاو ڕۆژنامە وەک باینجانی لەناوەڕاستەوە لەتکراو بوو بەدوو کەرتەوە، لەوکاتەوە تا ئێستا ١٩ ساڵ تێپەڕیوە، ئەوەی کە دەبینرێ ئەوەیە کە لەیلا زانا ئەو بزێوییەی ئەو دەمەی نەماوە، بێگومان سیاسەتو تێڕوانینەکانی بەرامبەر بەکێشەی کورد نەگۆڕیوە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو هەموو ساڵە لەئازار وای لێکردووە ببێتە کەسێکی پێگەیشتوو لەسیاسەتدا، لەبەرزییەکی زیاترەوە سەیری کێشەکان دەکاتو زاراوەکانی بەوریاییەکی زیاترەوە بەکادەهێنێو بووەتە خاوەنی شێوازی کەسێکی دانا، دەتوانرێ ئەوەش بگوترێ کە لەڕێی ئەو جیاوازییە چکۆلانانەی لەوتەکەی پەرلەمانی ئەورووپایدا خستبوونیە نێو وتارەکەیەوە بەشێوەیەکی جیاوازتر لەبزووتنەوەی سیاسی کوردی دەڕوانێ، لەئاستێکی بەرزترەوەو ڕەخنەگرانەتریش ئەوەی کە پێشتر دەیگوت ئێستاش دەیڵێ، بەڵام بەشێوازێکی جوانترو زمانێکی نەرمتر. لەم ڕووەشەوە لەیلا زانا جیاوازی لەنێوان خۆیو ئەمینە ئاینادا دروستدەکات، چونکە بەگشتی ئەمینە ئاینا ئەو شتانەی کە پێویستە دوا شت بیانڵێ بەشێوازێکی زۆر ڕەقو بێئەوەی هیچ سڵی لێبکاتەوە دەیانڵێ.

بەشێک لەوتەکانی لەیلا زانا کە گرنگی بە"خوڵقاندنی زمانێکی نوێ" دەکرد لێرەدا دەنووسمەوە "ئەو شتانەی کە دەکرێ دوا شت بیانڵێین گەر لەسەرەتاوە وتران، ئەوە هەڵەیە، پێویستە بەرامبەر بەوەی دەیڵێین وریا بین، ڕێکەوتن، دیالۆگی سیاسیو ئاشتی دوو لایەنن، نەک تاک لایەنە".

ئەم وتانەی زانا بۆ دیاریکردنی هەندێ شت سوودبەخشن، ئەوەندەی ڕوونە ئەم وتە ڕەوایانەی لەیلا زانا هەندێ لەسیاسەتمەدارە کوردەکانیش دەگرێتەوە، ئەگەر بمانەوێ کێشەی کورد لەتوندوتیژی پاکبکەینەوەو لەڕێگەی کەناڵە ڕێپێدراوەکانی سیاسەتی دیموکراسییەوە بیهێنینەوە ئارا، ئەوا گوێگرتن لەم وتانەی لەیلا زانا سودی هەیە، گوتنی ئەوەی کە دەبێت دواجار بیڵێین لەسەرەتاوە، یاخود داواکردنی ئەو شتانەی کە دەبێت دوا شت داوا بکرێن لەسەرەتاوە، بەگوتەی من: تێکەڵاوکردنی ئەو شتانەی ئەولەویەتیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە نیانە! لەم ڕوانگانەوەو بێئەوەی ورياییەکی تەواو نیشانبدەیتو بتەوێ لەکرانەوەی دیموکراتی یان چارەسەری دیموکراتیدا کە پەیوەستە بەکێشەی کوردەوە، بەشدار بیت ئەمە ئەگەرێکی لاوازە، بۆ ڕووخاندنی ڕێگرییەکانی بەردەم ئاشتیو ڕێککەوتن پێویستە تاڵەکانی سیاسەت لەپشت پەردە داخراوەکانەوە وردتر بچنرێتەوە، یەکەم شت بیر لەو شتانە بکرێتەوە کە ڕێیان تێدەچێت، وەک لەوتەکەمدا لەکۆنفرانسەکەش ئاماژەم بۆ کرد ئێستا کاتی پیرۆزکردنی چەکو توندوتیژی نییە، بەڵکو کاتی دەستهەڵگرتنە لەپەلەپیتکەی چەکەکانو لەبەرامبەر هەموو نەرێنییەکاندا کاتی دەستگرتنە بەپەتی دیالۆگو ئاشتییەوە، بەهۆی ئەو سەرنەگرتنەی کرانەوەی دیموکراسی ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانو حکومەتەکەی لەپەرلەمانی ئەورووپادا بەشێوەیەکی زۆر خراپ ڕەخنەیان لێدەگیرێ، زۆرینەی ئەم ڕەخنانەش ڕەخنەی بەجێو ڕەوان.

جگە لەو تیرانەی لەبارەی کرانەوەی دیموکراتییەوە بەئەردۆگانەوە دەنرێ، هی دیکەشی لەبارەی کرانەوەی ئەرمەنییەوە تێدەگیرێ، ئەم کەشە ڕەخنەئامێزە کە لەبەرزترین ئاستیدایە تەنها لەچوارچێوەی پەرلەمانی ئەورووپادا نییەوبەس، بەڵکو دەوروبەری کۆمسیۆنی یەکێتییەکەشی گرتۆتەوە، لەکۆمسیۆنی ئەورووپادا ڕەخنەکان بێئەوەی ئاڕاستەی ناوێکی دیاریکراو بکرێتو بخرێتە بەردەم جەماوەر لەپشت پەردەکانەوە دەگیرێ، بەڵام ئەگەر حکومەتەکەی ئاکەپە بەخۆیدا نەچێتەوە، خۆی کۆنەکاتەوە ئەوا پێدەچێت ڕەشەبای ڕەخنەکان لەبرۆکسل لەبەرامبەر تورکیادا زۆر بەهێزتر ببێت، سەودایەکی خۆش!

**و. لەتورکییەوە: محەمەد عەلی کەمال**

www.archivakurd.org

# "حکومەتی هەرێم پێویستە پێداچوونەوە بەسیاسەتەکانیدا بکات بەرامبەر بەئێرانو ئۆپۆزسیۆنەکانی"

## عەبدوڵڵا موهتەدی بۆ دەستوور

سازدانی: هیوا سەلیمی

**عەبدولای موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا دەڵێت کۆماری ئیسلامی بەبەرنامە هەوڵی ئەوە دەدات دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابوری عێراق سەقامگیر نەبێت. تا بتوانێت زۆرترین دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا بکات.**

**موهتەدی ئەوە روونده‌کاتەوە کە لاوازبونی پێگەی کورد لە عێراق کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان هەیە.**



عەبدوڵڵای موهتەدی

**دەستوور:** بەردەوام باس لەدەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لەکاروباری عێراق دەکرێت، تەنانەت دەوترێت کە ئێران گەورەترین هێزی ناوچەیی گۆڕەپانی سیاسی عێراقە، رای ئێوە لەمبارەوە چییە؟

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** کۆماری ئیسلامی یەکەمین دەوڵەت بوو کە عێراقی بەرەسمی ناسیو بەوجۆرە هەوڵیداوە خۆی دۆستو دڵسۆز نیشانبدا بۆ گەلی عێراقو دەوڵەتەکەی، بەڵام بەپێچەوانەوە یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە بەتایبەتی تێکۆشاوە بۆئەوەی سەقامگیری سیاسیی لەعێراقدا نەبێ، بەرژەوەندی ئێران لەوەدا نییە کە عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی کە تێیدا بەها دیموکراسییەکان جێگیربێ، چونکە ئەوە بەقازانجی خۆی نازانێ، ئێران پێی خۆش نییە لەدراوسێیەتی ئەودا دەوڵەتێکو وڵاتێک هەبێ کە وردەوردە بەرەو دیموکراسی بچێ، دیموکراسی تێیدا بچەسپێو سەقامگیربێ، بێگومان ئەوە دەبێتە مۆدێلێک بۆ ئێرانو حکومەتی ئێران ئەمەی پێ خۆش نییە.

لەبەرئەوەی کە سەقامگیری سیاسیو لەسەرپێی خۆ راوەستانو ئاسایش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەستێوەردانی دەرەکی وردەوردە کوێرببێتەوە، یان مەجالی بۆ نەمێنێ، لەحاڵەتێکدا کە گێرەوکێشەو تەکەتولاتو ناسەقامگیری لەعێراقدا ببێ، رەنگە هەموو لایەنەکان پێویستیان بەپشتیوانی دەرەکی هەبێ لەململانێکانی ناوخۆیانداو ئەوە رێگا دەکاتەوە بۆ ئێران بۆ دەستێوەردانی زۆرتر، تا ئێستا سیاسەتی ئەوە بووە.

هۆکارێکی دیکە هۆکاری ئابوورییە، بۆچی ئێران حەز بەسەقامگیری ئەمنیو سیاسی ناکا، لەبەرئەوەی کە سەقامگیری ئەمنیو سیاسی بەدوای خۆیدا پەرەسەندنی ئابووری دێنێ، دەزانین کە عێراق یەکێک لەسەرچاوە گەورە نەوتییەکانی جیهانی لەبەردەستدایە، ئەم پارەی نەوتە ئەگەر سەقامگیری سیاسییشی لەگەڵدا بێ، ئەگەر تەکنۆلۆژی دەرەکیشی لەگەڵدا بێ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وردەوردە عێراق پەرەسەندنی ئابووری بەخۆیەوە ببینێ، گەشەی بەردەوام بەخۆیەوە ببینێو زۆر شتی تر...، لەوحاڵەتەدا پێویستییەکی ئەوتۆی بەئێران نامێنێو لەململانەیەکی مێژوویی لە نێوان ئێرانو عێراق بۆ باڵادەستی لە دەسەڵات بۆ ناوچەکە، ئێران تووشی نشوست دەبێ.

**دەستوور:** هەوڵەکانی حکومەتی ئێران لەهەرێمی کوردستان چۆنە؟ ئایا بەشێوازێکی تایبەتیتر لەوەی کە بۆ هەموو عێراق باست کرد، ئەم هەوڵانە لەکوردستاندا لەئارادایە؟

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** ئێران بەهیچ شێوەیەک دڵخۆش نییە بەکیانێکی کوردی کە لەئەمنو ئاسایشدا بێو خەریکی گەشەی ئابووری بێو وردەوردە جێگەیەک بۆ خۆی لەعێراقو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەجیهاندا پەیدا بکا، هەوڵیداوە بەهەموو جۆرێک، هەر لەکاولکردنی ئابوورییەوە کە ساڵانی دوای راپەڕین کردی تا ئەو هەموو تۆپبارانانەی کە دەیکا تا کاری تیرۆریستی کە دەیکردو تا ئێستا کاری ئیستیخباراتی کە دەیکا، بەس یەک شت کە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە سەرەڕای ئەم هەموو دەستێوەردانانە، ئێران هەمیشە زمانێکیتری بەکاربردووە، تۆ لەپەیوەندی لەگەڵ ئێران هەرگیز نابێ ئەو شتەی کە بەزمانی دادێ بیکەی بەپێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکەی، بەڵکو کردەوەکانی دەبێ رەچاو بکەی، قسەی ئێران زۆر کەم توونودتیژی تێدایە لەسەر عێراقو کوردستان، هەمووی باسی دۆستایەتیو دڵسۆزیو هاوکارییە، بەڵام لەراستیدا گەورەترین هێزێک کە هەوڵدەدات بۆ دەستێوەردانی نەرێنی لەبارودۆخی عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

**دەستوور:** هەبوونی هەرێمێکی فیدراڵی کوردی لەباکووری عێراق تا چەند توانیویەتی یان دەتوانێ کاریگەری لەسەر پرسە سیاسییەکانی پارچەکانیتری کوردستانو بەتایبەت لەسەر کوردستانی رۆژهەڵات دابنێ؟

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** ئەزمونی کوردستانی عێراق لەسەر کوردستانی ئێران کاریگەری پۆزەتیڤی هەبووەو نوختەی هیوا بۆ هەموو کوردو بەتایبەت بۆ کوردستانی ئێرانە کە سنوورێکی یەکجار زۆری لەگەڵ کوردستانی عێراقدا هەیە، هاتوچۆیەکی زۆر هەیە، تێکەڵاوێکی زۆر هەیەو پەیوەندییێکی دێرینی زۆر مێژوویی لەنێوان ئەو دوو پارچەیەدا هەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بەراستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ویستبێتی دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی ئێراندا بکات، زۆرتر خودی کاریگەرییەکە لەخودی ئەزمونی کوردستانی عێراقو هەبوونی چەندەها زانکۆ کە بەزمانی کوردی دەخوێنن، هەبوونی ئەو هەموو رۆژنامە کوردییە، هەبوونی کەناڵە کوردییەکان، هەبوونی ئەو هەموو بۆنە فەرهەنگیو رۆشنبیرییە، هەر ئەوەی کە کوردێک لەهەرێمی کوردستان بەناوی سەرۆک ناوی لێدەبرێتو کوردێکیتر سەرۆک کۆماری عێراقە، ئەوەی کە کوردستان پەرلەمانی هەیە، حکومەتی هەیە، سەرۆک وەزیری هەیە، ئەوەی کوردستان جێگەو پێگەیەکی لەسیاسەتی جیهانیدا بۆخۆی دەستەبەر کردووە، ئەوانە هەمووی ئەو شتانەن کە کاریگەری دادەنێنو لەلایەکیتریشەوە کۆماری ئیسلامی پێی ناخۆشەو هەست بەوەدەکا کە زیانی لێدەکەوێ.

دیارە پەیوەندی لەنێوان حکومەتی هەرێمو کۆماری ئیسلامی زۆر ئاساییەو هەموو کەس دەبێ ئەو مافە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی بناسێ، حەقی خۆیانە لەگەڵ دراوسێکانیان نێوانیان خۆش بکەن، حەقیانە پەیوەندییەکی دیپلۆماسیان هەبێو ئەمنو ئاسایشی خۆیان لەو رێگەوە بپارێزن، حەقیان هەیە پەیوەندی ئابووریو بازرگانیان هەبێو کەڵکی لێوەربگرن بۆ گەشەکردنی وڵاتەکەی خۆیانو هەرێمەکەی خۆیان، ئەوەی کە لەراستیدا هەمیشە هێڵێکی سوور بووەو هەمووان بەهێڵی سووریان زانیوە بریتیە لەوەی کە ئەو پەیوەندییەو ئەم دیپلۆماسیە کە حکومەتی هەرێم هەیەتی لەگەڵ دراوسێکانی، نەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی کورد لەپارچەکانی دیکەدا.

**دەستوور:** بڕیارە لەداهاتوودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئەنجامبدرێتو ئاماژەکان باس لەهەوڵەکان بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لەدەسەڵاتی ناوەندی دەکەن، لاوازبوونی پێگەی کورد لەبەغداد تاچەند کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبە سیاسیەکانی ئەو پارچەیە هەیە کە بەچەشنێک نوێنەرایەتی ئەو بزووتنەوە دەکەن، ئایا پێتانوانییە لەحاڵەتێکی لەوشێوەدا چارەنووسێکی هاوشێوەی رێکخراوی موجاهدین بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران بێتەئاراوە؟

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** کوردی عێراق نیشانیداوە کە هۆکارێکی گرنگی سەقامگیریو گەشەکردنی سیاسیو چەسپاندنی دیموکراسیو تەنانەت هۆکارێکی گەشەسەندنی ئابووری عێراقیشە، هەربۆیە لاوازبوونی ئەو بەقازانجی هیچ هێزێکی پێشکەوتنخواز نییەو ناتوانێ ببێ، بەبڕوای من تەنیا نەیارانی کورد، نەیارانی دیموکراسیو هێزە پاشکەوتنخوازەکانو هێزە کۆنەپەرستەکان کەڵکی لێوەردەگرن، لەسەر کوردستانی ئێران بێگومان کاریگەرییەکی نێگەتیڤی دەبێ، لەبەرئەوەی لەهەمانکاتدا کە هەریەک لەپارچەکانی کوردستان خەباتی خۆیانو چارەنووسی خۆیانیان هەیە، بەڵام هەموشیان بەهیواو خۆشییەوە دەڕواننە ئەزمونی یەکتر، پێشمونایە بەو ئاسانییە ئێمەمانانی ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی رۆژهەڵات، بکەوینە ژێر فشاری کەسەوە.

**دەستوور:** هۆکارەکانی ئێوە کامانەن کەئاوا بەدڵنیاییەوە قسە دەکەی؟ بۆ پێتانوانییە شتی واناکرێ؟

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** بۆ بکرێ! دیارە ئێران زۆری پێخۆشە ئەوە رووبدا، بەڵام من تازە ئێران لەو جێگەو پێگەیەدا نابینم کە شتی ئاوا فەرز بکا بەسەر کەسدا، بەدوو هۆکار: یەکەم ئەوەی کە



**رای گشتی کوردی ئێران، ئێستا لەسەر ئەوەیە بەشداری بزووتنەوەی سەوز بکەین**

من حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێم هێندە بەکزو لاواز نابینم کە ببنە پیاوی ئێران یان ئەوەندە بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە، عێراق خۆی خەریکە دەبێتە وڵات، خەریکە جێگەی خۆی پەیدادەکا، ناڵێم ئێران کەسی نییە، ئێران زۆر کەسی هەیە لەناو عێراقدا، بەڵام پێم ئاسان نییە کە ئەوانە بتوانن ئاوا بەئاسانی ببن بەگوێ لەمستی ئێران، ئەو جێگەشی کە دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، من پێموایە کە ئەوان لەبەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی هەڵوێستیان زۆر لەوە دۆستانەترە، بەخەڵکو حکومەتیشەوە کە کاری وابکەن، بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەک لەلاوازکردنی ئێمەدا نییە، ئێمە خۆمان ئەحزابی کوردی ئێران دەبێ هەست بەبەرپرسیارێتی بکەینو خۆشبەختانە کردوومانە، ئێمە دەبێ کارێک نەکەین گرفتی گەورە دروستبکەین بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە لاوازبوونو سەرکەوتنی ئەوان هی ئێمەشەو پێویستە بیانوو نەدەینە دەست هیچ کەس.

دووهەم هۆکار ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران لە٨ مانگی رابردوودا زۆر زۆر لەوە لاوازتر بووە کە جاران بوو، ئێران تووشی قەیرانی زۆر گەورە بووە، بۆیە من زۆر بەزەحمەتی دەبینم کە خۆی بۆ دەرباز بکرێ لەو قەیرانانە، بۆیە من پێموایە بەحکومەتی عێراقو بەحیزبەکانی عێراقەوە، بەهەرێمی کوردستانو هەموو لایەنەکانییەوە، پێویستە پێداچوونەوەیەک بکەن بەسەر پرسی دەوڵەتی ئێرانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، من پێموایە بەپێچەوانەوە وەختی ئەوە هاتووە کە دۆستایەتیو هاوپەیمانیو نزیکایەتی خۆیان لەگەڵ ئێمەی کوردی ئێرانی زیاتر بکەن، ئێران روو لەگۆڕانە، ئێران لەبەردەم گۆڕانی گەورەدایە، ئەم بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی کە لەدونیا بەبزووتنەوەی سەوز ناسراوە، لەپاشەکشەدا نییە، لەهەڵچوونو پەرەسەندندایە، کوردی ئێران لە٨ مانگی رابردوودا باسو لێکۆڵینەوەی سیاسی بەربڵاوی لەمبارەوە کردووەو ئێستا دەتوانم بڵێم رای گشتیی کوردی ئێران سەرجەم لەسەر ئەوەیە کە جۆرێک هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەدا دروستبکاتو بەگشتی من ئایندەی کۆماری ئیسلامیو ئەستێرەی بەختی کۆماری ئیسلامی هێندە بەدرەوشاوە نابینم، پێموایە وەختی ئەوە هاتووە کە هەموو هێلکەکان نەخرێنە سەبەتەیەکەوە.

**دەستوور:** لەیەکێک لەرۆژنامەکانی باشوور راپۆرتی یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتەئاراوە، چەند ماڵپەڕێکی ئێرانیش بەپشتبەستن بەم راپۆرتە رەخنەیان لەحکومەتی هەرێم گرت، ئەم بابەتە هەڵای نایەوە، رای ئێوە لەمبارەوە چییە؟

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** من بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بەرووداوێکی ناخوازراوو ناپێویست دەزانمو لەراگەیاندێکی خۆشماندا ئەو هەواڵەمان رەتکردۆتەوە، پێموایە کاریگەری زۆری نابێ، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەک قسەوباسو هەیەجانێکی سیاسی لەراگەیاندنی کوردستانی باشووردا پێکهێنا، بەڵام پێموانییە کاریگەریەکی زۆری هەبێو ئەوندە دەزانم کە رای گشتیی کوردی ئێرانی لەو بابەتەوە دڵیان زۆر ئێشاوە.

> لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی هاوکاریکردنی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، کوردەکانی رۆژهەڵات دڵیان رەنجاوە

> بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك لەلاوازکردنی ئێمەدا نییە، نابێت ئێمەش کارێك بکەین گرفتی گەورە دروستبکەین بۆ هەرێمی کوردستان

> دیارە پەیوەندی لەنێوان حکومەتی هەرێمو کۆماری ئیسلامی زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوەی هێڵی سوورە، بریتیە لەوەی کە ئەو پەیوەندییە نەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی کورد لەپارچەکانی دیکە

# چۆپی ئامادەیە



سەرچاوەیەکی نزیک لەهونەرمەندی گۆرانیبێژ چۆپی فەتاح بەرۆژنامەی دەستووری راگەیاند: ناوبراو بەنیازە بەمنزیکانە ئەلبومێکی نوێ بڵاوبکاتەوە کەهەشت گۆرانی لەخۆگرتووە کەشەشیان بەزاراوەی سۆرانییەو دوانیان بەزاراوەی کرمانجییە.

ئەو سەرچاوەیە وتی "سەرجەم ئاوازەکانی گۆرانییەکانی لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوەیەو تێکستەکانیشی لەلایەن دکتۆر ئاراسو حەمە سەعید ئیبراهیمو ئەکرەم ئەمینو رەنج سەنگاویو مەهاباد قەرەداغیو ئەدیب چەلکییەوە نووسراونو هونەرمەند هێمن حسێنیش کاری دابەشکردنی بۆ کردووە".

لەلایەکی ترەوە چۆپی فەتاح لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە بانگهێشکراوە بۆ سازکردنی کۆنسێرتێکی گۆرانی بەزمانی ئینگلیزی لەشاری (لەندەن).

پێشتر هونەرمەند چۆپی فەتاح لەبارەی بەشداریکردنی لەفەیس بوک وتبووی "من فەیس بوکم نییەو ئەوانە خەڵکانی ترن بەناوی منەوە کردوویانەتەوە کەئەوەش کارێکی نەشیاوەو هیوادارم خەڵک بڕوایان پێنەکات".

# بەرهەم حەسەن لەئەمریکا یادی سەرچنار دەکاتەوە

هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەرهەم حەسەن لەدوای دابڕانێکی زۆر لەکاری هونەری، ئێستا سەرقاڵی کارکردنە لەئەلبومێکی نوێدا، بەناوی (یادەکانی سەرچنار)، بەنیازی کلیپکردنی چەند گۆرانییەکیشە.

بەرهەم حەسەن کەماوەی ١٤ ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی لەوڵاتی ئەمریکا دەژی، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئەلبومەکەم ناوی (یادەکانی سەرچنار)ەو ١٠ گۆرانی لەخۆگرتووە کەزۆربەی ئاوازو هۆنراوەکانی خۆمەو چەند هۆنراوەیەکی خوالێخۆشبوو شێخ ئەنوەرە، هەروەها چەند ئاوازێکیشی هی (جەزای سان)ە.

هەریەکە لەهونەرمەندان (کارزانو گۆران کامیل) کاری دابەشکردنی مۆزیکیان بۆ گۆرانییەکانی بەرهەم حەسەن ئەنجامداوەو لەشاری سلێمانی لەستۆدیۆی "پیانۆ" کاری تۆمارکردنی ئەنجامداوە.

بەرهەم حەسەن هەروەها وتی "ئێستا لەوڵاتی کەنەدامو لەگەڵ ستافێکی هونەری بەنیازم چەند گۆرانییەکی ئەلبومەکەم کلیپ بکەم".

# ئەمیر حەسەن گریدا لەماڵ بۆ ئەو ماڵە

گۆرانیبێژی دوورە وڵات ئەمیر حەسەن کە بەگۆرانی (گرێدەم لەماڵ بۆ ئەو ماڵە) ناوبانگی دەرکردووە، لەدوای هەشت ساڵ دابڕان لەکاری هونەری ئێستا سەرقاڵی کارکردنە لە ئەلبومێکی نوێدا کەهەموو گۆرانییەکانی هاوشێوەی گۆرانی (گرێدەم) خێرایە.



ئەمیر حەسەن لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئەلبومەکەم ٨ گۆرانیو مەقامێکی لەخۆگرتووەو سودم لەتێکستی هەریەک لە (هێمن نەقشبەندیو بێستونی کۆرەکو کارۆخ رواندزیو ئاکام ئەحمەد) وەرگرتووەو میلۆدی گۆرانییەکانیشم لەلایەن (ئاکام ئەحمەدو دڵشاد هەولێریو بەهزاد محەمەد)ەوە دانراوە". هەروەها لەبارەی ناوی ئەلبومەکەیەوە ئەمیر وتی "تاکو ئێستا هیچ ناوێکم بۆ دانەناوە"، بەڵام ئاماژەی بۆئەوەکرد کە لەنەورۆزی ئەمساڵدا ئەلبومەکەی بڵاودەکاتەوەو وتی "زۆربەی گۆرانییەکانیشم گۆرانی خێرایە".

ساڵی رابردوو کەناڵی ئاسمانی کوردسات دوان لەوگۆرانیانەی ئەلبومەکەی گۆرانیبێژ ئەمیر حەسەنی بەناوی گەرێدەم بەشی دووەمو سیمای عەشقی بۆ کلیپکردو سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا.

# هێڤی حەزی لەیاپراخە

هونەرمەند هێڤی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور باسی لەوەکرد کەوا ماوەی ئەو چەند ساڵە کەدوورکەوتووەتەوە لەکوردستان، زۆر غەریبی سروشتی کوردستانی کردووە، ئەو دەڵێت "من خەڵکی شەقڵاوە بووم، شەقڵاوە دارو گوڵی زۆرە، بۆ سەبوری خۆم لەماڵەوەی خۆم دارو گوڵی زۆرم چاندووە بۆ ئەوەی وەکو شەقڵاوەی لێبێت".

هێڤی کەماوەی ١٢ ساڵە لەگەڵ هاوسەرەکەی لەدەرەوەی وڵات دەژیێت، ئێستا خاوەنی دوو منداڵن، بۆ کاری رۆژانەی هێڤی دەڵێت "ئێمە فرۆشگایەکمان هەیەو منو هاوسەرەکەم بەڕێوەی دەبەین، بژێوی ژیانمان لەسەر ئەوەیە".

هێڤی سەبارەت بەخواردن دەڵێت "زۆر حەز بەیاپراخ دەکەمو ئێستا لەئەڵمانیا مانگی ٤ جار یاپراخ لێدەنێم". خاتوو هێڤی لەساڵی ٢٠٠٧ دوایین بەرهەمی خۆی بەهاوکاری کۆرەک مۆزیک بڵاوکردەوە، بۆ دوایین کاریشی وتی "من ئێستا کار بۆ بەرهەمێکی نوێ دەکەم، بەڵام هێشتا دیار نییە کەوا چەند تراک دەبێتو ناوو شێوازی تراکەکان چۆن دەبێت، چونکە من دەمەوێت کارێکی جیاوازتر لەکارکانی رابردووم پێشکەشبکەم".



# موفاجەئەی رۆژ کەریم بەڕێوەیە



هونەرمەندی گۆرانیبێژ رۆژ کەریم بەدەستووری راگەیاند: سەرجەم کارەکانی ئەلبومە نوێیەکەی تەواوبووە کەدوانزە گۆرانی لەخۆگرتووەو چاوەڕێی کۆمپانیایەک دەکات تاکو بڵاویبکاتەوە، بەڵام ناوی ئەلبومەکەی ئاشکرا نەکرد.

هەر لەو پەیوەندییەدا ناوبراو باسی لەوەکرد کەزۆربەی هۆنراوەی گۆرانییەکانی هۆنراوەی (هێمن شێخ عومەر)ەو هەندێ لەئاوازەکانی خۆیەتیو چەند مۆزیکژەنێکی کوردو فارسو سویدی هاوکاریان کردووە، بەڵام ناوی ئەلبومەکەی نەدرکاند.

ئەو وتی "ئەلبومەکەم با موفاجەئە بێت بۆ گوێگرەکانم".

# ئەلبومەکەی شەریف قەیران ١٧ گۆرانییە

شەریف قەیران هونەرمەندی گۆرانیبێژی باکووری کوردستان سەرقاڵی ئەلبومێکی نوێیە کە ١٧ گۆرانییەو تیایدا گۆرانی بەهەورامیو سۆرانی وتووە.

شەریف کە لەساڵی رابردوودا بۆ بەشداریکردن لەچەند پرۆگرامێکی tv بانگهێشتکرابوو، لەپەیوەندییەکدا لەبارەی نوێترین کاری هونەرییەوە بەدەستووری راگەیاند کە لەئێستادا سەرقاڵی کارکردنە لەئەلبومە نوێیەکەیدا کە ١٧ گۆرانی لەخۆدەگرێتو لەچوار ستۆدیۆ لەوڵاتی تورکیا کاری بۆ دەکات.

شەریف قەیران ئاماژەی بۆئەوەشکرد: دوو گۆرانیان بەشێوەزاری سۆرانی دەڵێتو گۆرانییەکیشی بەشێوەزاری هەورامییە.

لەبارەی ناوی ئەلبومەکەشییەوە ناوبراو وتی "تاکو ئێستا هیچ ناوێکم بۆ ئەلبومەکەم دیاری نەکردووە".



# رەواندزی کاتی بۆ کچان نییە



هونەرمەندی مۆزیکژەن سەید ئەحمەد رەواندزی باس لەوەدەکات کەوا لەمنداڵیدا بەهۆی هونەرەوە کاتی نەبووە بۆ کچان، گلەیی ئەوەش لەخۆی دەکات کەوا تەمەنی زیاتر لەخزمەتی خەڵک بووە نەک خۆی.

رەواندزی لەساڵی ١٩٩١ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، بەڵام وەکو خۆی دەڵێت "بەخۆشەویستی نەبووە، ئەو کچەی کەخواستم جیرانمان بوو، پێشتر پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵیدا نەبوو، ئێستاش ٤ منداڵمان هەیە".

رەواندزی کەئێستا لەهەولێر دادەنیشێت باس لەوەدەکات کەوا دڵی هەمیشە لەلای رەواندزەو زۆریش حەزی بەکفتەی کەنگر بەماستە کەخواردنێکە لەناوچەی رەواندز لێدەنرێت.

سەید ئەحمەد رەواندزی پەیوەندی لەگەڵ وەرزشدا باشەو رۆژانە وەرزش دەکاتو وتی "هاندەری یانەکانی رەواندزو ریال مەدریدم". جگە لەکاری مۆزیکی سەید ئەحمەد باس لەوەدەکات کەوا شارەزایی لەبواری دارتاشیدا هەیە.

دستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە،کۆمپانیای سولی تێلیگراف هەفتانە دەریدەکات
ژمارە (١٨) چوارشەممە، ٢٠١٠/٢/١٠





# میرەو لۆکەو هەڵکەوتو ناسلی..
# ڤالانتاین لەکێ پیرۆزدەکەن؟

ئا: ئاکۆ محەمەد ئەمین

کچانو کوڕان لەڕۆژی خۆشەویستیدا جارێکی تر خۆشەویستی لەیەکتر پیرۆزدەکەنەوە، چەپکە گوڵی سوورو گۆڕینەوەی ماچی خۆشەویستی لەنێوانیانداو ڕۆژی ڤالانتاینیش پیرۆزتر دەکەن لەیەکتر. ٢/١٤ ڕۆژی جەژنی خۆشەویستانە، تێکڕای خۆشەویستەکان لەئێستاوە خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادەدەکەن کەتەنها چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە، جلی سوور دەپۆشنو بیر لەئامادەکردنی وشەیەکی جوانتر دەکەنەوە، بۆئەوەی بەرامبەر خۆشەویستەکانیان دەریببڕن، هونەرمەندانیش هەریەکەو بەجۆرێک باس لەو ڕۆژە دەکەن.

## میرە: پیرۆزە لەوکەسەی خۆشمدەوێت

ڤالانتاین ڕۆژێکە بۆ دووبارە پەیمانبەستنەوەو بەڵێندان بەخۆشەویستی لەنێوان سەرجەم خۆشەویستەکاندا، لەو ڕۆژەدا هەموو عاشقان خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕن، جا بۆیە ڕۆژێکە بۆ خۆشەویستی و زۆر گرنگە کە بەرز ڕابگیرێت.

ڤالانتاین جوانترین ڕۆژی ساڵە بۆ من، هەستی مرۆڤ جوڵەیەکی نوێبوونەوەی تێدەکەوێت، جوانترین گوڵ پێشکەشی هەموو ئەوکەسانە دەکەم کە بەپیرۆزی دەڕواننە خۆشەویستی، ڕۆژی ڤالانتاین پیرۆز دەکەم لەهەموو عاشقانی کوردستانو بەتایبەت بەو کەسەی کەمن خۆشمدەوێت.

## لۆکە: هەست بەخۆشی دەکەین

ڕۆژێکە لەخۆتەوە هەست بەخۆشی دەکەیت، تەنانەت ئەوانەی لەپرۆسەی عەشقو ئەوینداریشدا نین، لەو ڕۆژەدا هەست بەوەدەکەن کە کەموکوڕییەکیان لەژیاندا هەیەو پێویستە خۆشەویستیان هەبێت، هەستکردن بەخۆشەویستی هەستکردنە بەبوونی مرۆڤایەتی، ژیان بێ خۆشەویستی نابێت.

پیرۆزبایی لەهەموو ئەو کەسانە دەکەم کەبەڕاستی ڕێز لەخۆشەویستی دەگرن، پیرۆزبایی لەعاشقان دەکەم هیوادارم لەڕۆژی ڤالانتاین هەموو عاشقان دڵی یەک ئاشتبکەنەوە.

## ناسلی: با ڕاستگۆبین لەگەڵ خۆشەویستەکانمان

جوانترین ڕۆژ بۆ مرۆڤ ئەو ڕۆژەیە هەست بەخۆشەویستی دەکات، ئەمە ئەو سروتەیە کە عاشقان لەڕۆژی ڤالانتایندا ئەنجامیدەدەن، لەپاڵ گۆڕینەوەی گوڵێکی سووردا کەزیاتر وتاری گەرموگوڕی خۆشەویستیوگەڕانەوەیە بۆخودیئەفسانە، ئامۆژگاریشم بۆ ئەو کەسانەی کەعاشقن لەو ڕۆژەدا ئەوەیە کەڕێز لەعیشقەکەیان بگرنو ڕاستگۆبن لەگەڵ یەکتریدا، شۆڕشی ڤالانتاین لەهەموو عاشقانی کوردستانو هەندەران پیرۆز دەکەم.

## هەڵکەوت زاهیر: هەموومان هەست بەخۆشەویستی دەکەین

جوانترین هەست بۆ مرۆڤ هەستکردنە بەخۆشەویستی، ڤالانتاین ئەو ڕۆژەیە کەناوزەندی ڕۆژی خۆشەویستی کراوە، بێگومان لەگەنج تا تەمەنی گەورەکانمان لەو ڕۆژەدا هەست بەنوێبوونەوەی هەستی هەمیشەیی دەکەن کەخۆشەویستییە، مادام عەشقو خۆشەویستی هەیە واتە دەبێت ڕۆژێک هەبێت بۆ عاشقانو خۆشەویستان، پیرۆزبایی لەسەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کەبەڕاستی یەکتریان خۆشدەویت.

## نیلیسا: با خۆشەویستی خۆمان دەربڕین!

خۆشەویستی جوانترینو خۆشترین هەستە بۆ مرۆڤ، ڕۆژی ڤالانتاین بەڕۆژی نوێبوونەوە دادەنێم بۆ مرۆڤ، مرۆڤ خۆشەویستی بۆ زۆر شت هەیە بەتایبەت ئەگەر بۆ ئەو کەسەی وەک عاشقێک خۆشت بوێ، بەڵام دەبێت ئەم ڕۆژە تەنها ڕۆژێک بێت بۆئەوەی هەموومان پێکەوە خۆشەویستی خۆمان بۆ ئەو کەسە دەربڕین کەخۆشمان دەوێت، چونکە دەبێت هەموو ڕۆژێکمان ڤالانتاین بێت، پیرۆزبایی لەهەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بەڕاستی ڕێز لەخۆشەویستیو ڕۆژی ڤالانتاین دەگرن.

## دەشنێ موراد: ڤالانتاین لەگەڵ ماچێکدا

واو ڤالانتاین، هەرچەندە ڕۆژی ڤالانتاین لەکلتوری کوردیدا شتێکی تازەیەو نوێیە، بەڵام زۆر گرنگە کەگرنگییەکی تایبەتی پێبدرێت، چونکە ئەمە ڕۆژی نوێبوونەوەی خۆشەویستیو نەمانی ڕقو کینەیە لەنێوان یەکتری، ڤالانتاین پێشکەشە بەعاشقانی جیهان بەتایبەت ئەو عاشقانەی لەکوردستان کەبەیەک نەگەیشتوون، هیوادارم هەموو ڕۆژێک ڕێز لەخۆشەویستی بگیرێ نەک تەنها لەڕۆژی ڤالانتاین لەگەڵ ماچێکدا.

## حەمە سەعید: خۆزگە هەموو ڕۆژێک ڤالانتاین بووایە

خۆزگە هەموو ڕۆژێک ڤالانتاین بووایە بۆئەوەی هەموو ڕۆژێک وشەی عەشقو خۆشەویستی لەناو دڵو سەری زمانو نوکی پێنووسمان بووایە، بەواتایەکی دی لەو ڕۆژەدا دڵەکان فراوان دەبنو هەمیشە مرۆییەکان دەگەڕێنەوە بۆ مرۆڤ، بۆیە خۆزگە کوردیش وەک میللەتانی دونیا لەو ڕۆژەدا بەهەمان شێوەی ئەوان مامەڵەمان لەگەڵدا بکردایە.

# "وەزارەت گوێ لەپلانو داواکارییەکانمان ناگرێت"

## دکتۆر بەهرۆز جاف، راگری کۆلێژی پەروەردەی کەلار بۆ دەستوور



د. بەهرۆز جاف؛ راگری کۆلێژی پەروەردەی کەلار

**راگری کۆلێژی پەروەردەی کەلار ئاماژە بەوەدەکات کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هاوکارییان ناکاتو ئەوەش کێشەو گرفتەکانیانی زیاتر کردووە.**

**سازدانی: هونەر ئیحسان**

**دەستوور:** کۆلێژی پەروەردەی کەلار کێشەی بینایەی هەیە، چیتان کردووە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە؟

**د. بەهرۆز:** لەڕووی بیناوە ئێستا بڕیاری ئەوە هەیە کە زانکۆی گەرمیان بکرێتەوە، بودجەشی بۆ تەرخانکراوە لەکەمپی سەرەکی زانکۆ لەبەردەسور، هیواداربن لەو بودجەیە هەموو پێداویستییەکانی کۆلێژ لەڕووی بیناوە جێبەجێبکرێت، بودجەکەشی پەسەندکراوە، هیواداربن لەمساڵدا جێبەجێبکرێت.

**دەستوور:** یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانتان کەمی مامۆستایە، چۆن هەوڵی فراوانکردن دەدەن بۆ زانکۆی گەرمیان لەکاتێکدا کێشەی مامۆستاتان هەیە؟

**د. بەهرۆز:** کێشەی مامۆستامان زۆر زۆرە، ئێمە ٥٢ مامۆستامان هەیە سەر بەمیلاکی خۆمانن، ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستاکان لەزانکۆکانی سلێمانیو سەلاحەدینو بەغداو تکریتو دیالەوە دێن بۆ وانەوتنەوە لەکۆلێژەکەماندا، کێشەی سەرەکیمان کەمی مامۆستایە لەپسپۆڕی پەروەردەو دەروونناسی، ئەمەش لەبەرئەوەی زانکۆی سلێمانی ژمارەیەکی زۆر لەکۆلێژی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتی کردووەتەوە لەسلێمانیو کەلارو هەڵەبجەی شەهیدو چەمچەماڵ هتد.... کە هەموو قۆناغەکانی خوێندن لەم کۆلێژانەدان سەرەڕای نەبوونی مامۆستای پەروەردەو دەروونناسی، ئەمە چارەسەر دەبێت تەنها بەکردنەوەی خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی فراوان، پێویستە لەکاتی داواکاری بۆ دامەزراندن لەزانکۆی سلێمانی لەلایەن هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا رەچاوی میلاکی بەتاڵ لەکۆلێژەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی بکرێت بۆ دامەزراندنیان.

**دەستوور:** لەڕووی دامەزراندنەوە تا چەند کۆلێژی پەروەردە لەگەڵ زانکۆکانی تری کوردستان جیاوازی هەیە؟

**د. بەهرۆز:** جیاوازیان زۆر زۆرە، لەبەرئەوەی لەساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا جگە لەیەکەمو دووەمو سێیەمی بەشەکان، هیچ فەرمانبەرێکی کارگێڕیو ژمێریاریو هونەریو خزمەتگوزاری لەکرێکارو باخەوان بۆمان دانەمەزراوە.

**دەستوور:** ئەو کێشانە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**د. بەهرۆز:** دانەمەزراندنی ئەو فەرمانبەرانەی کە پێویستیمان پێیەتی دەگەڕێتەوە بۆ نووسراوە یەک لەدوایەکەکان کە ئاماژە بەوەدەکەن کە دامەزراندن راگیراوە، بەڵام وەکو ئاگادارم لەهەندێک شوێن وەکو زانکۆی سلێمانیو فەرمانگەی یاریدەدەری زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری خوێندکاران‌و کۆلێژی پەروەردەی شوێنەکانیتر کە سەر بەزانکۆی سلێمانییە فەرمانبەرێکی ئێجگار زۆریان بۆ دامەزراوە.

**دەستوور:** خوێندکاران لەڕووی بینایەی بەشی ناوخۆییەوە گرفتیان زۆرە؟

**د. بەهرۆز:** بەڵێ راستە، لەبەرئەوەی لەکۆلێژەکەمان دوو بەشی ناوخۆیی هەیە، یەکێکیان بۆ کوڕانو ئەویتریان بۆ کچان، هەر یەکێکیان ٣٦٠ خوێندکار دەگرێت، بەڵام ئێمە هەر بەشە ناوخۆییەک ٧٠٠ خوێندکارمان تیا خستووە.

**دەستوور:** خوێندکاران گلەیی لەوەدەکەن هۆڵی خوێندنەوەو یاریگاو کافتریایان نییە بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان؟

> دووەمو سێیەمی بەشەکان، هیچ فەرمانبەرێکی کارگێڕیو ژمێریاریو هونەریو خزمەتگوزاریمان بۆ دانەمەزراوە

لەساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا جگە لەیەکەمو دووەمو سێیەمی بەشەکان، هیچ فەرمانبەرێکی کارگێڕیو ژمێریاریو هونەریو خزمەتگوزاریمان بۆ دانەمەزراوە

**د. بەهرۆز:** بەڵێ وایە، هۆڵەکانی خوێندنەوە خۆیندکاری تێدایە، دوو کافتریای بەشی ناوخۆیی دراوە بەبەڵێندەر تەنها چاوەڕوانی پەسەندکردنی کردنەوەی تەندەرەکەیە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانییەوە، گرێبەست لەگەڵ بەڵێندەر واژۆ دەکرێت دەستبەرداری دەبێت لەم رۆژانەدا، هەوای گەرمکەرو ساردکەرەوەمان بۆ خۆێندکاران دابینکردووە، بەڵام لەڕووی ئاوی گەرم ئێمە هەفتەی سێ رۆژ ئاویان بۆ گەرم دەکەین، هەرچەندە کەمە، بەڵام بەپێی رێنماییەکانە، هەروەها تائێستا یاریگامان نییە هەموو ساڵێک پلانی یاریگامان هەبووە، بەڵام وەزارەت هیچ لەو پلانانەی جێبەجێ نەکردووە.

**دەستوور:** بەردەوامبوونی کێشەی بەشەناوخۆییەکان بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**د. بەهرۆز:** کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە کە دەزگایەک هەیە بەناوی فەرمانگەی یاریدەدەری زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران کە کارگێڕی بەشەناوخۆییەکان لەخۆدەگرێت، ئەم دەزگایە بەبودجەیەکی زۆرەوە، تەنها خزمەتی بەشەناوخۆییەکانی ناو شاری سلێمانی دەکات، بەڵام ئەوانەی کە لەدەرەوەی شاری سلێمانین بێبەشن لەهەموو جۆرە خزمەتێکی کارگێڕیو خزمەتگوزاری ئەو دەزگایە، لەکاتێکدا ژمارەی خوێندکارانی بەشەناوخۆییەکانی ناو شاری سلێمانی بریتییە لە (٤٠٠٠) خوێندکار، بەڵام خوێندکارانی بەشەناوخۆییەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی بریتیە لە (٧٠٠٠) خوێندکار، تەنها بەشی ناوخۆیی کەلار بریتییە لە (١٣٥٠) خوێندکار واتا ئەم دەزگایە بۆ نیوەی ئەم خوێندکارانەیە.

**دەستوور:** وەزارەتی خوێندنی باڵا چۆن وەڵامی داواکارییەکانی داونەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان؟

**د. بەهرۆز:** وەزارەت تا ئێستا وەڵامی هیچ پلانێکو داواکارییەکی نەداوینەتەوە، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم لەکۆتاییدا زانیمان پلانەکانی زانکۆی سلێمانی بەرز نەکراوەتەوە، چونکە پلانەکانی کۆلێژەکەمان بەشێکە لەپلانی زانکۆی سلێمانی، دەتوانم بڵێم (٠٪)پلانەکانی ئێمەیان جێبەجێ نەکردووە، بێبەش بووین لەپلانەکانی وەزارەت بۆ ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠٠٩-٢٠١٠.

**دەستوور:** چارەنووسی زانکۆی گەرمیان بەچی گەیشت؟

**د. بەهرۆز:** چارەنووسی زانکۆی گەرمیان زۆر روونو ئاشکرایە، لەبەرئەوەی بڕیاری لەسەر دراوە، لەسەدا سەد زانکۆی گەرمیان دەکرێتەوە لەم چەند رۆژە کەمەدا بەردی بناغەی بۆ دادەنرێتو بودجەشی بۆ تەرخانکراوە.

> پێویستە لەکاتی داواکاری بۆ دامەزراندن لەزانکۆی سلێمانی لەلایەن هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا رەچاوی میلاکی بەتاڵ لەکۆلێژەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی بکرێت

> فەرمانگەی یاریدەدەری زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران، بەبودجەیەکی زۆرەوە، تەنها خزمەتی بەشە ناوخۆییەکانی ناو شاری سلێمانی دەکاتو خوێندکارانی دەرەوەی شار لێی بێبەشن

---

## جیهانبینی پەروەردە

**فایەق سەعید**

# جیهانبینی وەزیرەکانی پەروەردە

ئەگەر مرۆڤ تەماشای ئەو فیلمو بەرنامە تەلەفزیۆنیانە بکات کە ئەندامە بەرزەکانی یەکێتیو پارتی لەسەرەتای راپەڕیندا بەشداریان تێدا کردبوو، ئاستی زانستیو رۆشنبیری ئەوانی بۆ دەردەکەوێت کە تەواو ئاستێک بوو سیماکانی شاخی پێوە دیاربوو تا شار.

لەوکاتەوە بڕیاریاندا کە هەر کەسێک پۆستێکی پێبسپێردرێت، دەبێ لەئەندامە دڵسۆزەکانی حیزب بێتو هەرگیز رەخنەی لەحیزب نەگرتبێت، دواتر ئاستی پسپۆڕیو شارەزایی ئەوان هەرچەندێک بێت ئەوە گرنگ نییە.

دەسەڵات لەسەرەتای راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا ئا بەم رۆحە کاری کردووەو بەدەگمەن نەبێت ئامادە نەبووە کەسە رەخنەگرو شارەزاکانی خۆی لەپۆستە باڵاکاندا جێگیر بکات، ئەو منداڵەی لەکاتی راپەڕیندا تەمەنی ١٠ ساڵان بووبێت ئەمڕۆ ٣٠ ساڵانەو خوێندنی باڵاشی تەواو کردووە، بەمشێوەیە دەسەڵات نەوەیەکی بۆ خۆی پەروەردە کردووە کە دەتوانێت سەری دەسەڵات بەرزبکاتەوە، بەڵام هەر کەسێک رەخنەبگرێت هیچ پۆستێکی باڵای پێنەدراوەو ئەمیش بەداخەوە هەمان میتۆدی بەعسە کەبەکاردێت، ئالێرەدا من بەهیچ شێوەیەک بەراوردی دەسەڵاتی کوردی بەبەعس ناکەم، بەڵام ئەوە یاداشت دەکەم بەهەمان میتۆدی بەعس کاریان کردووە هیچ نەبێت لەبواری پەروەردەدا، هەر کەسێک شکی لەم بۆچوونە هەیە با بەناوی وەزیرو پۆستە باڵاکاندا بچێتەوە بۆئەوەی خۆی دڵنیابێت.

دوو جۆر وەزیر هەیە، یەکێکیان خۆی پسپۆڕو زانایەو خاوەنی جیهانبینی خۆیەتیو دەزانێ چۆن کاردەکات، ئەوی دیکەشیان پسپۆڕ نییە، بەڵام دەتوانێت بەیارمەتی تیمێکی راوێژکاری زۆر باش کاری سەرکەوتوو ئەنجامبدات.

زۆربەی وەزیرەکانی ئێمە لەماوەی ١٨ ساڵدا هیچ یەکێک لەم دوو جۆرە نەبوون، بەڵکو جۆرێکی دیکە بوونە کە نەخاوەنی جیهانبینییەکی تایبەت بوونە لەبوارەکەی خۆیانداو نەبڕواشیان بەراوێژکار هەبووە، هەموو وەزیرەکانی پەروەردە لەو ماوەیەدا بەدەر لەدوا وەزیر دڵشاد عەبدولڕەحمان لەجۆری سێیەم بوون، راستە دڵشادیش لەبواری پەروەردەدا پسپۆڕو شارەزا نەبوو، لەبەر پێگەی حیزبی کرا بەوەزیرو لەبواری پەروەردەدا خاوەنی جیهانبینیەکی تایبەت نەبوو، بەڵام ئەو توانی سود لەخەڵکانێکی شارەزا وەربگرێتو یەکەمین گۆڕانکاری پۆزەتیڤانە لەمێژووی پەروەردەی کوردستاندا بکات، سەرجەمی وەزیرەکانی دیکە لەبەرئەوەی دڵسۆزی حیزب بوون، یا کەسوکاری شەهید بوون یا لەلای سەرۆکو بازنەی سەرۆک خۆشەویست بوون، بۆیە کراون بەوەزیری پەروەردە، هیچ یەکێک لەمانە نەیانتوانیوە بچوکترین گۆڕانکاری بکەنو نەشیانزانیوە پەروەردە مانای چییە؟ بەندە لەگەڵ بەشێک لەو وەزیرانەدا بەڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ گفتوگۆم هەبووە یا بەوردی گوێم بۆ قسەو دیدارەکانیان رادێراوە بۆئەوەی لەجیهانبینیو پێگەی پەروەردە لەلای ئەو بەڕێزانە تێبگەم، بەڵام لەلای هیچ یەکێکیان نەمتوانیوە بگەمە ئەو دەرەنجامەی کە ئەوان لەپەروەردە تێگەیشتوونو جیهانبینییەکی ئەوتۆیان هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانن گۆڕانکاری لەپەروەردا بکەن، نەک هەر ئەمە، بەڵکو کاری خۆیان وەکو بازرگانێکی کلاسیک کردووە کەخەمی یەکەمیان ئەوەبووە هەمان کاڵا بێننو بیفرۆشنو هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لەجۆری ئەو کاڵایانەدا نەکەن، چونکە بەگرنگیان نەزانیوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەندامە باڵاکانی هەردوو حیزب لەسەر هەمان میتۆد چەندین کەسی زۆر نەشارەزاو نەخوێندەواریان لەبواری پەروەردەدا کردووە بەبەرپرسی زۆر باڵا، بەبێ ئەوەی لێیان بپرسنەوە ئەو هەموو ساڵە چیتان کردووە، ئەوەی هەست دەکات ئەم قسانەی من راست نینو تەنها بوختانن ئەگەر دەتوانێت با پێچەوانەی ئەم قسانە بسەلمێنێت، با پرۆفایلی یەکە بەیەکەی وەزیرەکانی پەروەردە هەڵبداتەوەو جیهانبینی پەروەردەییەکان ئاشکرابکاتو ئەو گۆڕانکارییانەش ئاشکرابکات کە لەسەرەتای راپەڕینەوە تا ٢٠٠٧ کردوویانە. سەرجەمی بەرپرسە باڵاکانی حیزبیش بەسەرەک وەزیرەکانیشەوە دوو کاری گرنگیان کردووە: یەکەم شانازیکردن بووە بەسەروەرییەکانی بواری پەروەردەوە کەهیچ نەبووە، دووەم بەهانە هێنانەوە بۆ ئەوەی بۆ ئەوان ناتوانن پەروەردە پێشبخەن. تەنها وەکو نمونە یەکێک لەو وتارانە وتاری نەوشیروان مستەفابوو کەتا بڵێی وتارێکی لاوازو بێمانا بوو کە من بەر لەئێستا رەخنەم لێگرت. لەلایەکی دیکەوە سەرجەمی ئەو وەزیرە بەڕێزانە تەگەرەیان خستبووە بەردەم گەشەسەندنی پەروەردە بەوەی هەرکەسێک سەر بەیەکێتی یا پارتی نەبوایە نەیاندەکرد بەبەڕێوەبەرو بەرپرس، ئەمما ئایا وەزیری پەروەردەی ئێستا کاک سەفین دزەیی خاوەنی جیهانبینی خۆیەتی لەپەروەردا یان ناو پرۆفایلی چییەو ئایا دەتوانێت گۆڕانکاری بکات یا نا ئەوە بۆ چەند مانگێکی دیکەی دوادەخەم، چونکە هێشتا زووەو ئەو تەنها ٣ مانگە وەکو وەزیر کاربەدەست بووە.

> سەرجەمی ئەو وەزیرە بەڕێزانە تەگەرەیان خستبووە بەردەم گەشەسەندنی پەروەردە بەوەی هەرکەسێك سەر بەیەکێتی یا پارتی نەبوایە، نەیاندەکرد بەبەڕێوەبەرو بەرپرس.

faiekk@hotmail.com

# "پێدەچێت تا ١٥ساڵیتر کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان چارەسەرنەکرێت"

## بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوک بۆ دەستوور

**سازدانی: زانیار داقوقی**

تائێستا ئاوارە کوردەکانی کەرکوک نەبوونەتەوە بەخاوەنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆیان لەڕووی یاساییەوە، مەهدی حەمید موبارەک کاکەیی بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوک ئاماژە بەوەدەکات ئەگەری ئەوە هەیە تا ١٥ ساڵیتر ئەو کێشەیە یەکلایی نەبێتەوە.

**دەستوور:** چەند دۆنم زەوی کشتوکاڵی لەشاری کەرکوک هەیە؟

**مەهدی حەمید:** پارێزگای کەرکوک کە ناسراوە بەبەروبومە کشتوکاڵییەکان ئێستا پانتایی ٢ ملیۆنو ٥٠ هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە، نزیکەی ٨٠٠ هەزار دۆنم بەراوە، نزیکەی ١ ملیۆنو ٢٥٠ هەزار دۆنمی زەوی کشتوکاڵی پشتاوە، تەنها ئەم زەویانە پشت بەباران دەبەستێت.

**دەستوور:** ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی تۆ باستکرد ناوچەیەکی زۆر فراوانە، چۆن سوودی لێدەبینرێت بۆ بوارەکانی تری کشتوکاڵی؟

**مەهدی حەمید:** کەرکوک خاوەنی ٨٠٠ هەزار ئاژەڵە، نزیکەی ١٨٠ هەزار مانگای تێدایەو نزیکەی ٦ هەزار گامێش لەخۆدەگرێت، نزیکەی ١٨٠ هەزار بزنی تێدایە، لەگەڵ نزیکەی ١٦٠ هەزار پەلەوەر، چوار مەقفەسی هێلکە لەکەرکوک هەیە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ٣٦٥ ڕەزی میوەو باخاتی جۆراوجۆر لەکەرکوک دروستکراوە.

**دەستوور:** ڕێژەی ئەو جوتیارە کوردانە چەندبوون لەسنووری کەرکوک لەسەردەمی ڕژێمی بەعس زەویەکانیان هەڵوەشایەوە؟

**مەهدی حەمید:** نزیکەی ٢٠٠ جوتیاری کوردی گرتەوە، کاتێکیش بڕیاری ئیتفا دەرچوو لەساڵی ١٩٩٤ کەبڕیارەکە سڕینەوەی ٥٠هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی تورکمانی شیعە مەزهەببوو، لەگوندی بەشیر کە بەسەر عەرەبە هاوردەکاندا دابەشکران.

**دەستوور:** ئەو جوتیارانە لەچەند ناوچە زەوی گرێبەستی کشتوکاڵەکانیان لێداگیرکرا؟

**مەهدی حەمید:** لەساڵی ١٩٩٤ بەبڕیاری لیژنەی کاروباری باکور بەژمارە (٩٣١) کە ئەو بڕیارە لەلایەن بەعسەوە دەرچوو (٩٠٠) هەزار پارچە زەوی کشتوکاڵی کەگرێبەستی بەناو کوردەوەیە سڕیەوە، کەدەکەوێتە ناوچەکانی (سەرگەران، شوان، قەرەهەنجیر، دوبزو لەیلان)، دواجار تۆمارکرایە سەر وەزارەتەکانی داراییو شارەوانییەکان دوای ئەو بڕیارە پاشان دابەشکرا بەسەر عەرەبی هاوردەدا، بەم بڕیارەش لە٪٥٥ زەویەکانی کەرکوک تووشی پرۆسەی تەعریب کرانەوە، هەرچەندە دوای پرۆسەی ئازادی کوردەکان گەڕاونەتەوە سەر زەوییەکانی خۆیان، بەڵام تائێستا ئەو زەوییانە بەشێوەیەکی فەرمی نەگەڕاوەتەوە سەرناوی خاوەنی خۆی.

**دەستوور:** تاچەند مادەی ١٤٠ کاریگەری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریدا هەبووە؟

**مەهدی حەمید:** بەپێی مادەی ١٤٠ لە٪٨٥ عەرەبە هاوردەکانی کەرکوک ئەو زەویانەیان بەجێهێشت کە لەساڵی ٢٠٠٨دا بەپێی مادەی ١٤٠، (٥٧٦) گرێبەستی زەوی کشتوکاڵی بەناوی هاوردەوە هەڵوەشایەوە، بەڵام تائێستا لەڕووی یاساییەوە هیچ دۆنمێک نەکراوەتەوە بەناوی جوتیاری کوردەوە لەکەرکوک.



مەهدی حەمید

**دەستوور:** ئێوە وەک بەرپرسانی کشتوکاڵ تائێستا چیتان بۆ ئەو جوتیارانە کردوە؟

**مەهدی حەمید:** ئێمە ٥ پێشنیارمان ئاراستەی لیژنەی باڵای مادەی ١٤٠کردوە بەمەبەستی گێڕانەوەی ئەو زەویانە کەلیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراوە کەخۆم وەک بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوک سەرپەرشتیاری ئەو لیژنەیە دەکەم بۆئەوەی ناونووسی ئەو عەرەبە هاوردانە بکرێت بەمەبەستی پڕکردنەوەی فۆرم بەسەریاندا بۆ قەرەبوو کردنەوەیان کەتائێستا (٣٤٧) فۆرم پڕ کراوەتەوەو پارەیان بۆتەرخان کراوە ٥ پێشنیارکە بریتین لە:

١. تەرخانکردنی ئەوبڕە پارەیە کەواتا خەرجکردنی لەپارەی میزانەی ساڵی نوێ.

٢. هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بڕیارەکانی سەدام.

٣. داواکراوە بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی لەناوچوو.

٤. ئەو هاوردانەی کە لەپارێزگاکانی دیکە هاتوون کەزەوی مڵکداریان گواستراوەتەوە بۆ شاری کەرکوک هەڵوەشێتەوە.

٥. لێخۆشبوون لەو جوتیارە هاوردانەی کەقەرز لەسەریانە بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە.

دەستوور: پێتوایە کێشەی موڵکداری زەوییە کشتوکاڵییەکان چەندی پێویستە بەتەواوی چارەسەربکرێت؟

مەهدی حەمید: لەوانەیە نزیکەی ١٥ساڵ بخایەنێت، بەڵام گرێبەستە کاتییەکان ٦ مانگ جارێک یاخود ساڵی جارێک دووبارەدەبێتەوە.

**دەستوور:** تاچەند وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق هاوکارن لەگەڵ بڕیارەکانتان؟

**مەهدی حەمید:** وەزارەتی کشتوکاڵ بەڕاشکاوی پێمان دەڵێن ئەو بڕیارانەی ئێوە داوتانە ئێمە خۆمانی لێنادەین، چونکە ئەوانە سیاسییە، وەزارەت خۆی لەو بڕیارانە دەدزێتەوە.

**دەستوور:** وەک ئاگادارین تورکمانەکانیش بەشێکی زۆر لەزەویەکانیان لەیەن عەرەبە هاوردەکانەوە داگیرکراوە تاچەند هاوکارن لەبڕیارەکانتان بۆ زەویە کشتوکاڵیەکان؟

**مەهدی حەمید:** ڕاستە تورکمان لەلایەن هاوردەوە زەویان داگیرکراوە، بەڵام بەهۆی مادەی ١٤٠ هەوڵی ئەوە نادەن زەویەکانیان بەپێی ئەو مادەیە بۆ بگێڕدرێتەوە، تائێستا لە٪٥٠ زەوی تورکمان داگیرکراوە، بەڵام زۆربەی نەگەڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکانی.

# زاوایەك بوکەکەی داخدەکات

## بەخەڵوزی نێرگەلەو جگەرە، ٪١٠ی جەستەی بوک سووتاوە



**شەنگ هاشم عەزیز لەدهۆک**

بوکێکی شەش مانگی لەپارێزگای دهۆک دەڵێت تەنها یەک مانگ خۆشیم لەبوکێنی بینی، چونکە ٥ مانگ بەردەوام لەلایەن مێردەکەمەوە جەستەم دەسووتێنرا.

شەهێن دوای ئەوەی ئازارێکی زۆر دەبینێت لای مێردەکەیو ڕووبەڕووی داخکردنو لێدانو سوکایەتی پێکردن دەبێتەوە، لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیس داوایەک دژی مێردەکەی تۆماردەکات.

ئەو تەمەنی ٢٠ ساڵەو لەساڵی ٢٠٠٨ شوو بەکوڕێک دەکات کە تەمەنی ٢٥ ساڵە.

دادگای دهۆک دوای ئەوەی داواکەی ئەو بوکە شەش مانگەیان پێدەگات، چەند هەفتەیەک بەو سکاڵایەوە سەرقاڵدەبن، بۆیە دواجار پەنا بۆ ڕاپۆرتی پزیشکی دەبەن بۆ یەکلاییکردنەوەی داواکە.

بوکەکە لەدادگای تاوانەکان لەدهۆک ئامادەبوو، لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگادا بەدادوەری وت "ڕەوشتی هاوسەرەکەم باش نییە، ئەو پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی لەشفرۆشدا هەبوو، ژوورێکی بۆ گرتبوو، کاری لەشفرۆشی لەگەڵ دەکرد، لەگەڵ من خراپەو لێمدەداتو سوکایەتیم پێدەکات".

ئەو بوکە نەهامەتییەکانی خۆی بۆ دادوەر دەگێڕایەوە کەچۆن ڕۆژێک دوای ئەوەی مێردەکەی لەگەڵ پۆلیسێکدا دەبێتە شەڕیو دەستگیردەکرێت، دوای ئازادکردنی هەر کە دەگەڕێتەوە ماڵ، "لێیداموو داخیکردم".

هەروەها وتی "خەڵوزی نێرگەلەو جگەرەی لەسەر دەستو جەستەم دانا، تا دەیتوانی لێیدەدامو سەری بەدەرگاو دیواردا دەکێشامو خوێن لەجەستەم دەڕۆیشت".

دوای لێدانیشی بەوتەی بوکەکە هەڕەشەی کوشتنی لێکردووەو پێی وتووە "ڕۆژێک هەر دەتکوژم".

ئاماژەی بەوەشدا کە تەنها یەک مانگ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئاسوودە بووە، ٥ مانگ هەر بەشی لێدانو داخکردن بووە.

دوای کێشانی ئەو ئازارە، بوکە شەش مانگەکە، سکاڵا لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیس لەدهۆک تۆماردەکات، بەڵام مێردەکەی دوای ئەوەی بەسکاڵای ژنەکەی زانیوە، هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە، ئەگەر لەسکاڵا پەیشمان نەبێتەوە، بۆیە ئەویش بەناچاری سکاڵاکەی کێشاوەتەوە.

بوکەکە وتی "بەڵام بەهۆی ئەوەی ئازاردانو داخکردنم لەلایەن مێردەکەمەوە بەردەوامبووە، بۆیە دووبارە سکاڵام لەسەری تۆمارکردەوە".

لەبەردەم دادوەردا هاوسەرەکەی وتەکانی ژنەکەی ڕەتدەکردەوە، بۆیە دادگای نەهێشتنی تاوانەکان لەدهۆک بەناچاری پەنای بۆ ڕاپۆرتی پزیشکی برد.

لەدەرئەنجامی ڕاپۆرتی پزیشکدا، دەرکەوت ئازاردانو داخکردنی بوکە شەش مانگەکە ڕاستە، ئەوەش دەرکەوت کە لە٪١٠ جەستەی ژنەکە سووتاوە.

بۆیە داوەر بڕیاری حوکمدانی شەش مانگی بەسەر زاوادا سەپاند، ئەویش بەپێی مادەی ٤٢١ لەیاسای سزادانی عێراقی.

# شۆفێرانی تەکسی لەهەولێر وندەبن!

## شۆفێرانی تەکسی شارەزای شارنینو شوێنە نوێیەکان نادۆزنەوە

**عەلی بانیشاری لەهەولێر**

هاووڵاتیانی شاری هەولێر، گلەیی لەخاوەن تەکسییەکانی شار دەکەن بەوەی تائێستا شۆفێران شارەزای زۆربەی شوێنەکانی هەولێر نین.

هاووڵاتیانی شاری هەولێر بەتایبەت دەرەوەی ئەو شارە، ناچارن لەکاتی چوونیان بۆ شوێنێک چەند تەکسییەک ڕابگرنو پرسیاری ئەو شوێنەیان لێبکەن کە بۆی دەچن، چونکە تەسکییەکان شارەزای زۆرێک لەگەڕەکو شوێنەکانی ئەوشارە نین، ئەوەش هاووڵاتیانی شارەکەی نیگەران کردووە.

شۆفێرانی تەکسی ڕۆژانە تووشی ناشارەزایی دەبنو هاووڵاتیانیش بەئەستەم شوێنە مەبەستەکانی خۆیان بۆ دەدۆزرێتەوە. بەهۆی گواستنەوەی سەرجەم دەزگاکانی حکومەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆ ئەو شارەو دروستکردنی چەند گەڕەکێکی نوێ لەدوای ساڵی ٢٠٠٤وە شارەکە فراوانبوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەش بەهۆی باشبوونی بواری مادی هاووڵاتیانەوە.

ئەگەرچی گەڕەکو شەقامەکانی هەولێر چەندین تابلۆی بۆ دانراوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش قەڵا دیارترین نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی زۆربەی شوێنەکان لەشاری هەولێردا.

جاسم تۆفیق خاوەن تەکسییەکی شاری هەولێر، بەدەستوری ڕاگەیاند "ڕۆژانە تووشی چەندین کێشە دەبینەوە، بەڵام لەهەمووی کێشەتر ئەوەیە هەندێک لەو هاووڵاتیانەی سواری تەکسیەکانمان دەبن ناونیشانی شوێنێک هەڵدەدەن ئێمەش شارەزانین، دواتر نەفەرەکە سواری تەکسییەکەی ئێمە نابێت". زۆرترین خەڵک لەهەولێر بەتەکسی هاتوچۆ دەکەن بەتایبەت قوتابیانو خوێندکاران، وەک خۆیان دەڵێن زۆربەی ئەو کاتانەی دەچین بۆ زانکۆ یان دێنەوە بەتەکسی هاتوچۆ دەکەن. شادان عەزیز قوتابی زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵاتییە، وتی "چونکە من دەوامم ئێوارانە لەکاتی هاتنەوەم لەزانکۆ پاسەکان نامێنن، ئەوە دەبێت بەتەکسی هاتوچۆ بکەین".

شادان باسی لەوە کرد کە کاتێک بەشۆفێرانی تەکسی دەڵێت بۆ فلان بەشەناوخۆیی دەچێت، وتی "خاوەن تەکسییەکە پێم دەڵێت بەخودا ئەو شوێنە شارەزانیم". بەپێی ئەوزانیارانەی پارێزگای هەولێر بەدەستووری داوە لەدوای ساڵی ٢٠٠٤وە ١٤ گەڕەکی نوێکراوەتەوەو لەئێستاشدا دانیشتوانی ناو هەولێر بەپێی وتەی نەوزاد هادی لەنێوان ٨٠٠-٩٠٠ هەزار کەسە، ژمارەی گەڕەکەکانی هەولێریش ٧٢ گەڕەکە.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، بەدەستووری ڕاگەیاند "بەهۆی باشبوونی باری مادی هاووڵاتیانەوە لەم چەند ساڵەدا چەندین گەڕەکی نوێ دروستبووە، بەشێوەک لەپێش ساڵی ٢٠٠٤ بەوشێوەیە نەبووە".

لەماوەی ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٩ شارەوانی هەولێر زیاتر لە٦٠٠ هەزار مۆڵەتی خانوو دروستکردنی داوە بەهاووڵاتیان، بەشێوەیەک لەچەند ساڵی پێشودا بەو شێوەیە نەبووە، هۆکارەکەی باشبوونی باری مادی خەڵکە.



"بەخودای شارەزا نیم". فۆتۆگراف: دەستوور

www.arsivakurd.org

# مەزارگایەك دەبێتە گۆڕستانی گەنجان

**فەرمان خێڵانی لەدەربەندیخان**

مەزارگایەکی نزیک تونێلەکەی دەربەندیخان، دەبێتە شوێنی خۆ خنکاندنی گەنجانی دەربەندیخان، چونکە تائێستا سێ گەنج لەو مەزارگایە خۆیان خنکاندووە.

مەزارگای ئیمام محەمەدی دەربەندیخان کەدەکەوێتە دەستی راستی تونێلەکەوەو بەسەر بەرزاییەکدا دەڕوانێت، بووەتە شوێنی خۆخنکاندنی گەنجانی دەربەندیخان، چونکە مەزارگاکە ژمارەیەک داری بەرزی لێیەو تاڕادەیەکیش چۆڵەوانییە.

مەریوان مەحمود ئەحمەد ٢٢ ساڵ، سێیەم گەنجی دەربەندیخانە کە لەمەزارگای ئیمام محەمەد، بەپەت خۆی دەخنکێنێت، پێش ئەویش دوو گەنجی تری ئەو قەزایە لەهەمان شوێن خۆیان بەپەت خنکاندووە.

مەریوان دوای ئەوەی برایەکی لەخۆی گەورەتری لەدەستدەدات لەڕووداوە هاتوچۆکەی مانگی ٣ی ساڵی رابردوودا کە لەپاسێکدا ٢٢ هاووڵاتی دەربەندیخانی تێدا بوونە قوربانی، حاڵەتی دەروونی بەوتەی کەس‌وکاری تێکدەچێت‌و لەماوەی رابردوودا وەک هاوڕێیەکانی باسی دەکەن ٦ جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

مەریوان دواجار دووشەممەی رابردوو، کاتژمێر ٦ی ئێوارە، لەمەزارگای ئیمام محەمەدی کوڕی ئیمام موسای کازم بەدارێکی گەورەی نێو مەزارگاکەوە بەپەتێک خۆی هەڵدەواسێت‌و خۆی دەخنکێنێت.

جێگر باقر هاوڕێی نزیکی مەریوان بەدەستووری وت "دوای ئەوەی مەریوان ئەو برایەی لەو رووداوەدا لەدەستدا، ئیتر وردەوردە حاڵەتی دەروونی تێکچوو، شەوان بەدیارییەوە دادەنیشتین، لەبەرئەوەی نەدەخەوت‌و خواردنیشی زۆر کەم بووبوویەوە".

ئەو هاوڕێیەی مەریوان وتی "مەریوان ٢ جار بەدەرمان هەوڵیدا خۆی دەرمانخوارد بکات، ماڵەوەشیان کە پێیانزانی بردیانە نەخۆشخانەی هەولێر بەمەبەستی چارەسەرو زیاد لەمانگێک مایەوە، بەڵام بێسوود بوو".

باری دەروونی مەریوان چەند هەفتەیەک لەمەوبەر باشتربوو، بۆیە ماڵەوەیان تاڕادەیەک بێخەمبوون لەحاڵەتەکەی، بەڵام "مەریوان فرسەتی هێناو خۆی خنکاند".

سەلام ئەحمەد حەمید بەڕێوەبەری پۆلیسی دەربەندیخان بەدەستووری راگەیاند "ئەو گەنجە لەمەزارگای ئیمام محەمەدی دەربەندیخان خۆی لەسێدارەداو خێزانەکەشی داوایان لەسەر هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە، لەبەرئەوەی حاڵەتی دەروونی تەواو نەبووە".

تا ئێستا ٣ گەنج لەو مەزارگایە لەدەربەندیخان خۆیان بەپەتدا هەڵواسیوە تا گیانیان لەدەستداوە.

سەلام وتی "خۆ ئێمە ناتوانین پۆلیس یان بنکەی پۆلیس لەو مەزارگایە دابنێین، ئەگەر گەنجێک بیەوێت خۆی بکوژێت ئەوا لەماڵەوەش بێت هەر خۆی دەکوژێت".

مەریوان مەحمود ئەحمەد ساڵی ١٩٨٨ لەدەربەندیخان لەدایکبووەو خوێندکاری پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ئێواران بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی‌و خێزانەکەی دوکانی مریشک فرۆشی هەبوو لەشارەکەدا.




# کچێك ماوەی ٥ ساڵە لەماڵی خۆیاندا زیندانی کراوە

**فەرمان‌و سەلام لەخانەقین**

لەناو ژوورێکی بچوک لەم زستانەدا، بەبێئەوەی زۆپایەکی تێدا بێت، زیکرا ئیسماعیلی تەمەن ٣٠ ساڵ بەتەنها باجی تەقینەوەکەی هەردوو حوسەینیەی خانەقین دەدات، دوای ئەوەی برایەکی گیان لەدەستدەدات.

لەپەنجەرەیەکی بچوکەوە لەشێوەی پەنجەرەکانی زیندان، دەرەوەی ژوورەکەی خۆی دەبینێت، لەکاتی چوونە دەرەوەشیدا بەبێئەوەی تاوانێکی کردبێت کەلەپچە دەکرێت، وەک دایکی دەڵێت "بۆئەوەی لەدەستی رانەکات".

بەهۆی لەدەستدانی براکەی لەتەقینەوەکەی هەردوو حوسەینییەی شاری خانەقین، زیکرا ماوەی ٥ ساڵە باری دەروونی تێکچووەو لەلایەن خێزانەکەیەوە لەناو ژوورێکدا زیندانیکراوە.

خەیریە جومعە، دایکی زیکرا وتی "دوای ئەوەی ئەو برایەی زیکرا لەتەقینەوەکەی ساڵی ٢٠٠٥دا لەحسێنیەی گەورە شەهیدبوو، ئیتر وردەوردە باری تەندروستی زیکرا بەرەو خراپی دەڕۆیشت‌و دوای چەند مانگێک شێتبوو، بۆئەوەی لەدەستم رانەکات لەو ژورەدا دامناوەو دەرگای لێدادەخەم‌و کاتێکیش بێزارم دەکات، ئیتر هیچم پێناکرێ، ناچارم بەگریانەوە لەسەری خۆم دەدەم‌و کەلەپچەی دەکەم".

خێزانی زیکرا خێزانێکی هەژارو کەمدەرامەتن‌و وەک دایکی ئاماژەی پێدەکات: باوکی زیکرا چەند ساڵێکە کۆچی دوایی کردووە، تەنها ئەو کوڕەیان هەبوو بژێوی ژیانیان بۆ دابینبکات، ئەو کوڕەشیان لەو تەقینەوەیەدا لەدەستچوو، ئێستا مانگانە بڕی ١٣٠٠٠٠سەدو سی هەزار دینار وەک موچەی خانەنشینی باوکی زیکرا وەردەگرن‌و ١٠٠٠٠٠سەد هەزار دیناری دەدەن بەکرێی ئەو کەلاوەیەی کە تێیدا دەژین‌و ٣٠ هەزار دیناری دەمێنێتەوە بۆ بژێوی ژیانی ئەم خێزانە".

دایکی زیکرا گلەیی لەحکومەت‌و رێکخراوەکانی تایبەت بەژنان دەکات، بەدەستووری وت "جارێک رێکخراوێکی ژنان لەخانەقین هاتن سەردانیان کردو بردیان بۆ لای پزیشکی دەروونی لەسلێمانی، بەڵام دوای رۆژێک هێنایانەوەو هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەکردبوو، وەزیری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکانیش چنار سەعد بەڵێنی هاوکاری پێداین، بەڵام تەنها بەڵێن بوو".

دایکی زیکرا تەنها داواکاری ئەوەبوو کە کچەکەی بنێرنە نەخۆشخانەی دەروونی لەسلێمانی‌و وتی "هەر چرکەیەک بینینی کچەکەم بەم شێوەیە مردنێکە بۆ من".

زەینەب ئەرکەوازی بەرپرسی لقی خانەقینی سەنتەری راگەیاندن‌و روناکبیری ژنان لەبارەی کێشەی زیکرا بەدەستووری وت "ئێمە پێش ٢ ساڵ بردمانە لای دکتۆری دەروونی لەسلێمانی‌و داوامانکرد کەزیکرا بهێڵنەوە لەژێر چاودێری خۆیاندا، بەڵام ئەو دکتۆرە پێی وتین دەبێت خێزانەکەی بەبەردەوامی سەردانی بکەن، ئینجا دەتوانین بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بیهێڵینەوە لای خۆمان، دایکی زیکراش زۆر کەمتەرخەمەو دەستیشیان ناڕوات ناتوانن هەمیشە سەردانی بکەن، بۆیە نەمانتوانی لەنەخۆشخانە بیهێڵینەوە".



# "جوانییەکەم بووە پەتێك‌و لەگەردنم ئاڵا"

## توندوتیژی‌و خراپ مامەڵەکردنی باوکی‌و هاوسەرەکەی، "سۆزان"ی فێری لەشفرۆشی کرد

**دەشتی ئەنوەر لەسلێمانی**

سۆزان چاوەکانی پڕبوون لەفرمێسکو ئەوەندە فرمێسک چاوەکانی گرتبوو، بەڵام لەشەرمدا رێگەی نەدەدا فرمێسک بەچاوەکانیدا بێتەخوارەوە.

**لەبەرامبەر پارەدا باوکی بەشوویدا**

سۆزان تازە پێگەیشتبوو، تەمەنی تازە گەیشتبووە نزیکەی پانزە ساڵ، باوکی ئەوەی پێ وتووە کەدەیەوێت بیدات بەشوو بەکەسێکی ناسیاوی خۆی، "بەڵام دایکم ئەوەی رەتکردەوەو ئەوجارەیان رێگەی نەدا، ئەو کاتیش منیش زۆر جوان بووم، جوانیەکەم بووە پەتێکو لەگەردنم ئاڵا".

بەپێی قسەکانی سۆزان باوکی لەبەرامبەر پارەو سەروەت‌و ساماندا بەزۆر ئەوی بەشوو داوە، وتی "نەمزانی باوکە کەلل‌ەڕەقەکەم لەبەرئەوەی چاوی لەوە بوو من بداتە شوو پارەیەکی باش دەستی خۆی بکەوێت دامیە پیاوێک، ئەو پیاوە بەس کەجوانیەکەمی بینی ئیتر ئامادەی هەموو شتێک بوو بۆ باوکم بیکات".

**سۆزان یەک هەفتە خۆشی بینی**

سۆزان ئاهێکی هەڵکێشاو درێژەی بەگێڕانەوەی نەهامەتییەکانی خۆی دەداو باسی لەوەکرد کەجوانییەکەی تەنها یەک هەفتەی دوای هاوسەرگیری خۆشییەکانی ژیانی بینی.

"لەدوای ئەو هەفتەوە مێردەکەم کەوتە غیرەکردن لێم‌و هەندێک بەرنامەی بۆ دانام کەدەبێت لەو قسانەی دەرنەچم، چونکە ئەو وای دانا بوو من جوانم‌و فریو دەدرێم‌و نابێت بچمەدەرەوە".

سۆزان وتی "هەفتەی دووەم کەچوومەوە بۆ ماڵی باوکم، لەوێش باوکم پێی وتم کە نابێت لەقسەی مێردەکەم دەربچم‌و ئەو قسانەی بۆمی کردووە دەبێت هەمووی جێبەجێبکەم، هاتنەوەش بۆ لای دایکم لانی کەم دوو مانگ جارێک بێت". سۆزان لەوەوە بۆی دەردەکەوێت کەهیچ پشت‌و پەنایەکی نەماوە کەهانای بۆ بەرێت.

**مێردەکەی لێیدەدات**

سۆزان باسی ئەوەی کرد ئێوارەیەک کەپیاوەکەی هاتووەتەوە ماڵی دایکی ئەوەندەی لێداوە، دوای یەک هەفتەش هەر گیانی ئازاری هەبوو، "بۆیە من هەرچەندە باش بووم لەگەڵیدا ئەو خراپتر بوو، هەرگیز بەدەستیدا نەدەهات ئەوەندە پارەم پێبدات کەبتوانم شتێکی پێبکرم، بەهەفتەیەک پێنج هەزاری دەدایە دەستم کەئەمە بەشی هیچی نەدەکرد، بۆیە بڕیارمدا رێگەیەکی تر بەکاربێنم لەگەڵیدا".

**سۆزان فێری لەشفرۆشی دەبێت**

سۆزان ئەو رێگەیەی هەڵبژارد رێگەی دادگا نەبوو، یاخود رێگەی چارەسەرکردنی دۆخەکەی نەبوو، بەڵکو رێگەی پەیوەندی بەستن بوو لەگەڵ کوڕێکی دراوسێی خۆیاندا بەمەبەستی ئەوەی ئەو کاتانەی مێردەکەی لەماڵدا نییە ئەو بێتە لای‌و لەبەرامبەردا بڕە پارەیەکی بداتێ. سۆزان وتی "ئێستا رۆژانە چەند گەنجێک بەڕێدەکەم".

**موشتەرییەکان سۆزان هەراساندەکەن**

سۆزان لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا چەند زەنگێکی لەسەر یەکتری بۆ هات ناچار لەکۆتاییدا مۆبایلەکەی داخست، وتی "ئەمانە هەمووی موشتەرین‌و دەیانەوێت بێن بۆ لام".

سۆزان دەڵێت جوانییەکەم وای لێکردووم کە ئەوانەی بەڕێیان دەکەم هەمیشە پێم دەڵێن مانگانە بڕە پارەیەکی زۆرت دەدەینێ بەس ببە بەشەخسی‌و لەگەڵ کەسیتردا ئەو کارە مەکە. ئەو وتی "منیش رەتیدەکەمەوە، چونکە من تازە فێر بووم، ناشتوانم جارێکی تر هاوسەرگیری ئەنجامبدەمەوە، ئەم هەموو تاوانە هەمووی هۆکارەکەی باوکم بوو".

تێبینی: ناوی سۆزان خوازراوە.


خراپی مامەڵەی پیاوەکەی، سۆزانی فێری لەشفرۆشیکرد

# راکە پاسەکە هات!

## بەهۆی دیارینەکردنی کات بۆ شۆفێرانی پاس، هاووڵاتیان لەئێواراندا بەتەکسی دەڕۆنەوە



لەگەڵ خۆرئاوابووندا پاسەکان ئاوادەبن. فۆتۆگراف: بیلال

بیلال جەعفەر لەسلێمانی

ئێواران لەسەرجەم هێڵەکانی گواستنەوەی ناوخۆدا، لەلایەن هاووڵاتیانەوە قەرەباڵغییەکی زۆر لەگەراجی پاسەکاندا دروستدەبێتو بەهۆی زۆری نەفەرو نەبوونی پاس، هاووڵاتیان بەتەکسی دەڕۆنەوە.

هاووڵاتیان گلەیی لەوەدەکەن کەشۆفێرانی پاسەکان بەئارەزووی خۆیان کاردەکەنو ئێواران گەراجەکان پاسی تێدا نامێنێتو ناچارن بەتەکسی بڕۆنەوە.

شەیدا عەلی هاووڵاتییەکی دوکاندارە لەشەقامی مەولەوی بەدەستووری وت "بەهۆی کەمی پاسو زۆری نەفەر هەموو ئێوارەیەک گەراجەکان تووشی قەرەباڵغیو فەوزایەکی زۆر دەبنەوە، چونکە شۆفێرانی پاسی ناوخۆ کاتێکی کارکردنیان بۆ دیارینەکراوە".

فەرهاد رەحمان هاووڵاتییەکی دیکەیە لەکاتی وەستانی بۆ پاسی تووی مەلیک ئاماژەی بەوەدا کەتائێستا نازانێت پاس تا کاتژمێر چەند لەگەراجەکاندا دەمێنێتەوەو نەفەر باردەکات.

ئەو وتی "بۆیە پێویستە ئەو پاسانەی لەهێڵدا کاردەکەن، کاتی کارکردنیان بۆ دیارییبکرێت".

شەیداو فەرهاد هەردووکیان باسیان لەوەکرد کەئەوانو زۆربەی ئێواران بەهۆی ئەوەی پاس لەگەراجەکاندا کەمبووەتەوەو نەفەر زۆرە، ناچار بەتەکسی ڕۆیشتوونەتەوە.

یونس محەمەد چاودێری سەندیکاو رێکخەری پاسەکان لەهێڵی تووی مەلیکو بەناوی شۆفێرانی پاس لەو هێڵەدا ئاماژەی بەوەکرد "بەهۆی دیارینەکردنی کاتو زۆرجار بەهۆی نەبوونی نەفەر ناچار شۆفێری پاسەکە دەڕواتەوە".

بەپێی وتەی ئەو چاودێرە، بەیانیان لەکاتژمێر (٥) پاس لەهێڵەکەیاندا کاردەکات، بەڵام ئێواران زیاتر تا کاتژمێر (٦:٣٠) خولەک پاس لەگەراجەکاندا دەمێننەوەو نەفەر باردەکەن.

شەیدا وتی "زۆر هێڵ هەیە لەکاتژمێر (٥)ی ئێوارە پاسی تێدا نامێنێتو ناچار نەفەری ئەو هێڵە دەبێت بەتەکسی بڕواتەوە".

هەروەها وتی "ئەگەر بتەوێت ئێواران بەپاس بڕۆیتەوە دەبێت راکە راکە بکەیت بەدوای پاسدا".

جەلال ئەبوبەکر محەمەد سەرۆکی سەندیکای گواستنەوەی سلێمانی بەدەستووری راگەیاند "هێڵەکانی گواستنەوەی ناوخۆ یاسای تایبەت بەخۆیان هەیە، بەشێوەیەک هەر هێڵێک دەتوانێت لەلایەن سەرپەرشتیاری هێڵەوە کاتی کارکردنی پاس دیارییبکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئیشو کار کەمبووەتەوە ناچار لەئێواراندا زووتر دەڕۆنەوە".

سەرۆکی سەندیکای گواستنەوەی سلێمانی وتیشی "بەهۆی قەرەباڵغی شەقامەکان، ناچار پاسەکان ناتوانن لەئێواراندا بگەڕێنەوە گەراجو نەفەر هەڵگرن".

جەلال ئەبوبەکر ئەوەشی ئاشکراکرد "چەندینجار داوامان لەخاوەن پاسو کۆمپانیاکانی گواستنەوە کردووە، بۆئەوەی تاوەکو (١٢)ی شەو بمێننەوەو کار بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسو لایەنێکی حکومیو ناحکومی نییە زەمانەتی ئەو پاسانە بکات کە لەشەودا کار بکات".

سەندیکای گواستنەوەی سلێمانی پێشتر رێککەوتنیان لەگەڵ کۆمپانیایەکدا کرد بۆ ئەوەی تاوەکو (١٢)ی شەو ئەو پاسانە بەکرێ ئیش بۆ کۆمپانیاکە بکات، بەڵام دواتر کۆمپانیاکە پەشیمان بوویەوە.

سەرۆکی سەندیکای گواستنەوەی سلێمانی داوای لەسەرجەم دوکاندارو خاوەنکارەکانی شاری سلێمانی کرد، داوابکەن بۆ ئەوەی پاسەکان تا (١٢)ی شەو لەهێڵەکاندا بمێننەوە، بەڵام پێویستە کۆمپانیایەک هەبێت زەمانەتی شۆفێرانی پاس بکات.

لەشاری سلێمانی نزیکەی ٣ هەزار پاس لەهێڵەکاندا کاردەکەن.

# خورماڵییەکان ٨٦ ساڵە لەچاوەڕوانی تاپۆدان

## بەهۆی تاپۆنەکردنی خانووەکانیان، دانیشتوانی خورماڵ لەپێشینەی خانووبەرە سودمەند نابن

مەعاز فەرحان لەخورماڵ

بەهۆی نەبوونی تاپۆوە لەناحیەکەیاندا، دانیشتوانی خورماڵ ناتوانن سودمەندبن لەو پێشینەی خانووبەرەیەی کە کابینەی شەشەم بڕیاری داوە بدرێت بەهاووڵاتیانی کوردستان، چونکە ٨٦ ساڵە چاوەڕوانی تاپۆکردنی خانووەکانیانن.

هاووڵاتیانی ناحیەکە حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەکەمتەرخەم دەزاننو هیوادارن کابینەی شەشەم فەرمانگەی تاپۆ بباتە ناحیەکەیان.

ناحیەی خورماڵ دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، هەڵکەوتەی جوگرافی نزیک بەسنووری ئێرانە، لەساڵی ١٩٢٤ بووەتە ناحیەو بەکۆنترین ناحیەی پارێزگای سلێمانی دادەنرێت، بەڵام تائێستا تاپۆی نییە، بەو هۆیەشەوە دانیشتوانی خورماڵ لەسەرجەم ئەو پێشینانەی کە لەلایەن سەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێمەوە بۆ هاووڵاتیانی هەرێم دابینکراون بێبەش دەبێت.

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم پێشینەی خانووبەرەی زیادکرد بۆ سی ملیۆن دینارو سودەکەشی لابرد هاووڵاتیانی کوردستان پێشوازییەکی گەرمیان لەبڕیارەکە کردو کەوتنە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە لەحکومەت، بەڵام هاووڵاتیانی خورماڵ کەناحیەکەیان یەکێکە لەکۆنترین ناحیەکانی کوردستان ناتوانن سود لەو پێشینەیە وەربگرن.

حەیدەر نەسرەدین مامۆستایە لەیەکێک لەقوتابخانەکانی خورماڵ وتی "موچەکەمان ئەوەندە نییە تابتوانین خانوو پێداویستییە گەورەکانی پێبکڕین، بەتەنیا بەشی ژیانی رۆژانەمان دەکاتو هەزار حکومەتیش بگۆڕێت بۆ ئێمەی هاووڵاتیانی خورماڵ هیچ سودێکی نابێت".

ئەو مامۆستایە بەنیگەرانیەوە وتی "پێشینە یارمەتیەکی باشە بۆ سەرجەم فەرمانبەران، بەڵام چی بڵێم کەئێمە ناتوانین سوودی لێوەربگرین، هیوادارم بەهەر شێوەیەک بووە بەم نزیکانە تاپۆ بهێنرێتە ناحیەکەمان".

خورماڵ تاساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوو، کارە ئیدارییەکانیشی هەر لەلایەن ئەو حیزبانەوە بەڕێوەدەبران، دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیە دەڵێن دوای ئەوەی حکومەت گەڕاوەتەوە ناوچەکە ئیشی باشی بۆ ناوچەکە کردووە، بەڵام تائێستاش بەچاوێکی دیکەوە سەیری خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکات.

مقداد حەمەساڵح فەرمانبەرێکی حکومییە، پێیوایە هەتا ئێستاش خەڵکی ئەو ناوچەیە باجی ئەوکاتە دەدەن کەحیزبە ئیسلامییەکان لەناوچەکەیان بوون.

ئەو وتی "تائێستا حکومەت بەچاوێکی دیکەوە سەیری ئەو ناوچەیە دەکات، ئەگەر هاووڵاتیانی خورماڵ بۆ گەڕانەوەی تاپۆ خۆپیشاندانێکی لەو جۆرەی کە لەپیرەمەگرون کرا سازبدەن خراپ لەسەریان دەکەوێتو تۆمەتیان بۆ دروستدەکرێتو بەسەدانیان لێدەستگیر دەکرێت".

رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانی ناوچەکە هەوڵی زۆریانداوە بۆ ئەوەی فەرمانگەی تاپۆ ببرێتە خورماڵو رەخنەی ئەوە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەگرن کە کەمتەرخەمن لەئاست ئەو کێشەیەدا کە نەیانتوانیوە لەوماوە زۆرەدا تاپۆ ببرێتە ناحیەکە.

عەلی حاجی زەڵمی رۆژنامەنووس بەدەستووری وت "نەبوونی تاپۆ لەهەورامانداو بەگشتیو خورماڵ بەتایبەتی کێشەی زۆری بۆ هاووڵاتیان دروستکردووە، چونکە تائێستا یەک هاووڵاتی ئەم شارۆچکەیە لەپێشینەی خانووبەرە سودمەند نەبووە".

سمکۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ لەبارەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ هێنانی تاپۆ بۆ ناحیەکە بەدەستووری راگەیاند "لە٢٠٠٣وە لەوکاتەوە دەسەڵاتی حکومەت گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکە ئیش بۆ گەڕاندنەوەی تاپۆ دەکرێت، لە٢٠٠٦وە من بوومەتە بەڕێوەبەری ناحیە هەوڵی زۆرمداوە هۆبەیەکمان دروستکردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە".

بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتیشی "نەبوونی خەڵکی پسپۆڕ بۆ رووپێوی کێشەیەو پێویستمان بەنەخشەی بنچینەیی خورماڵ هەیە، هیوادارم بەهەرجۆرێک بووە ئەو پێشینەیە شمولی خەڵکی ئەم ناوچەیە بکات".



دانیشتوانی خورماڵ داوا دەکەن فەرمانگەی تاپۆ بهێنێتە ناحیەکەیان. فۆتۆگراف: مەعاز فەرحان

# هاوسەرەکەت فەرامۆش بکەیت چی ڕوودەدات؟

ئیلهام عەبدوڵڵا لەسلێمانی

لەئەنجامی فەرامۆشکردنو بایەخنەدان لەڕووی رۆحیو دەربڕینی خۆشەویستیو لایەنی سێکسی، ژنو مێردەکان رووبەڕووی خیانەتی هاوسەرگیری دەبنەوەو پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیش ئاماژە بەوەدەکەن کە هەڵوەشانەوەی خێزانو جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە.

ژنانو پیاوان گلەیی لەیەکتر دەکەن بەوەی تەنها لەسەرەتای پرۆسەی هاوسەرگیریدا گەرمو گوڕن لەپەیوەندییە سۆزدارییەکانو دەربڕینی خۆشەویستیدا، هاوسەران ئاماژە بەوەدەکەن کە رووبەڕووی خیانەتی هاوسەرگیری بوونەتەوە لەئەنجامی فەرامۆشکردنیان.

دێرین حەمە عەلی تەمەن ٣٠ ساڵ ئاماژەی بەوەدا کە لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا پیاو دەستپێشخەرە لەدەربڕینی خۆشەویستیو سێکسدا، بۆیە لەماوەی دەزگیرانداری پیاوان گەرمو گوڕ دەبینرێن لەپێدانی خۆشەویستیو رۆمانسیەت، بەڵام کەچوونە ژیانی هاوسەرگیری وردەوردە بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت.

دێرین ئەو دیاردەیە بەکارێکی هەڵە دادەنێتو دەڵێت "زۆرکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە رۆحیە پێویستم بەکەسێکی تر هەبووە بۆم پڕبکاتەوە، بەڵام ویژدانم رێگەی پێنەداوم کەخیانەت لەهاوسەرەکەم بکەم".

تەنها ژنان رووبەڕووی فەرامۆشکردن نابنەوە، پیاوانیش ئاماژە بەوەدەکەن بەهۆی فەرامۆشکردنیانەوە یان ژنی دووەمیان هێناوە یاخود خیانەتی هاوسەرگیرییان ئەنجامداوە.

محەمەد شەریف تەمەن ٣٨ ساڵ وتی "ژنەکەم وەکو کەلوپەلی ماڵەکەم مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، هیچ هەستێکی بەرامبەرم نەبوو، ناچار ژنی دووەمم هێنا". هەروەها وتی "ئەگەر ژنی دووەمم نەهێنایە ئەگەری ئەوەی هەبوو کۆمەڵێ پەیوەندی ناشەرعیم هەبوایە کەئەمەیانم بەهەڵە دەزانی".

پیاوان بەگرنگییەوە دەڕواننە دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانی ژنەکانیان لەئەنجامی ئەمەشدا گرنگی کەمتر بەلایەنی سۆزدای لەنێوان خۆیانو هاوسەرەکانیاندا دەدەن.

شۆخان عومەر تەمەن ٢٧ ساڵ ئاماژە بەوەدەکات کەهاوسەرەکەی تەنها بەلایەوە گرنگە پێداویستییە مادییەکانی بۆ دابینبکات، ئەوەش لەسەر حسابی پێداویستییە مەعنەوییەکانی.

پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوەدەکەن کە فەرامۆشکردن لەنێوان هاوسەراندا هۆکارێکە بۆ دروستبوونی خیانەتی هاوسەرگیریو ئەگەری زۆری هەیە جیابوونەوەشی بەدوادا بێت.

دڵشاد مەحمود توێژەری کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەکرد: فەرامۆشکردن لەنێوان ژنو مێرد دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی. ئەو وتی "یەکەمیان ئەو فەرامۆشکردنەی کە دروستدەبێت لەنەزانینو ناهۆشیارییەوەیە کەنازانن ئەو فەرامۆشکردنە چ ئەنجامێکی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، دووەم هۆکاری کۆمەڵایەتی، لەوانە نەبوونی رەزامەندی لەنێوان ئەو ژنو مێردە کەیەکێکیان رەزامەندی لەسەر نەبووە وەکو تۆڵەسەندنەوە لەبەرامبەرەکەی فەرامۆشی دەکات".

دڵشاد وتی "فەرامۆشکردن خیانەتی هاوسەرگیری لێدەکەوێتەوە، لەئەنجامیشدا جیابوونەوەو دواتریش هەڵوەشانەوەی خێزانی بەدوادا دێت".

# چریکەی زیندوو مامۆستا قادر دیلان

جەلال هانیسی

هونەری مۆزیکو گۆرانی لەمێژووی کۆنو نوێدا، هونەرێک بووە کە شان بەشانی هونەرەکانی ترو بگرە زیاتریش بەردەوام لەپێشکەوتنو گۆڕاندا بووە.

لەدنیای رۆژئاوادا کەسانێکی بلیمەتی وەک: موزارت، بێتهۆڤن، هایدێنو باخ، گەنجینەیەکی مەزنیان بۆ جیهانی مرۆڤایەتی بەجێهێشتووەو گەلانی جیهانیش شانازی پێوەدەکەنو سودیان لێ وەردەگرن.

لەوڵاتانی دەوروبەری ئێمەدا "لەنێو فارسەکاندا کەسانێکی وەک: برایبانی فەراهانی، ئێقباڵ ئازەر، قەمەرملووک وەزیری، دەروێش خان، عەلی ئەکبەرخانی شەهنازی، لەنێو عەرەبەکانیشدا کەسانێکی وەک: ئوم کەلسوم، فەرید ئەترەش، نازم غەزالی" ئەمانە کە خاوەنی یاسا، کیانی سەربەخۆ، دەسەڵاتو زمانی یەکەبوون بێترسو بێپرس تەنانەت پشتگیریشیان لێکراوە، گەلێک خزمەتیان بەنەتەوەکەیان کردووە، وەک ئەستێرەی بەرزی ئاسمانی پڕ لەئەستێرەی هونەری گۆرانیو مۆزیکدا ئەدرەوشێنەوە، بەڵام کوردستانی داگیرکراوی ئێمە کە خاوەنی دەسەڵاتو کیانی سەربەخۆ نین، بەدرێژای مێژوو هەردەم داگیرکەران بەهەموو هێزو توانای خۆیان بەکوشتو بڕ، ئەنفالو کیمیاباران پەلامار، هەوڵی تواندنەوەیان داوین، هەرگیز نەیان توانیوە شوناسی کورد بسڕنەوەو لەسایەی ئازادیخوازانو رووناکبیرانەوە سەرەڕای ئاوارەییو دەربەدەریوماڵوێرانی، نەیان هێشتووە ئاواتی شومی دوژمنی دڵ پڕلەقین بێتەدی.

لەم میانەشدا گەرچی گەلێک بەرهەممان بەتاڵان چوونو فەوتاون، بەڵام بۆ بەرگری لەبیرۆکەی چەپەڵی دوژمن، گۆرانی بێژانو مۆزیکاژەنانی دڵسۆزو وەفادار بەنەتەوەو نیشتمان وەک: سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، کاوێس ئاغا، سێوە، رەسول گەردی، رەشۆڵ عەبدوڵڵا، عەلی مەردان، مەلاکەریم، تاهیر تۆفیق، حەسەن زیرەک، محەمەد ساڵح دیلان، محەمەد عارفی جزیری، عایشەشان، مریەم خان، مەزهەری خالقی، شوان پەروەر، مەرزیە فەریقی، عەزیز شارۆخ، نەجمەی غوڵامی، ناسری رەزازی، عوسمان هەورامی، خلە دەرزی، حەسەن سیساوی، حەسەن کامکار، قادر دیلان، حەسەن یوسف زەمانی، موجتەبای میرزادە، شەماڵ سائیب، ولیەم یوحەنا، ئەنوەر قەرەداغیو هتد...، بەگۆرانیو سرود، قەتار، لاوک، حەیرانو بەیتو سیاچەمانەو ...، بەگشت هێزو توانایانەوە زمانو فەرهەنگی گەلە چەوساوەکەیان پاراستووە، هەتا کورد هەبێت ناویان لەمێژووی زێڕیندا هەر دەدرەوشێتەوەو شانازیان پێوەدەکرێت، لەقافڵەی نەتەوەکانیتر بەجێ نەماوینو خاوەنی پێگەیەکی دیارو بەرچاوین.

مامۆستا قادر دیلان کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلان کە یەکێک لەدەنگخۆشە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی بووە، لەرۆژی ١٩٢٨/٥/٢٤ی زایینی لەگەڕەکی گاوران لەشاری سلێمانی، شاری رووناکبیرانو نیشتمانپەروەران، لەبنەماڵەیەکی رووناکبیرو هونەردۆست چاوی بەژین پشکوت، هەر لەمناڵیدا خولیای مۆزیکا بووە، بەر لەوەی قوتابخانەی ئامادەیی تەواوبکات، توانی چەند ئامێرێکی وەک شمشاڵ، نای، ساکسیفۆن، عود، کلارنێت، پاشانیش کەمان فێربووە، بەڵام وەک ژەنیاری کلارنێت ناسرابوو.

سالی ١٩٥٢ بۆ خوێندن دەچێتە بەغداو لەکۆلێژی ئابووری وەردەگیرێت،



قادر دیلان

بەژەندنی کلارنێت لەبەشی رادیۆی کوردی بەغدا دەستبەکاردەبێتو هەمیشە یارمەتیدەری ئەو هونەرمەندە کوردانە بووە کە لەرادیۆی بەغدا گۆرانیان تۆمار دەکرد، هاوکات وەک ئاواز دانەرێکیش لەسەرتاسەری کوردستانو عێراقدا ناوبانگی دەرکرد، بەڵام پاش دوو ساڵ خوێندن بەهۆی نەداریو دەستکورتی بنەماڵەکەیو زیندانی کردنی "مامۆستا محەمەد ساڵح دیلان"ی برای-هونەرمەندو گۆرانی بێژی گەورەی کورد، دەستی لەخوێندن هەڵگرتو گەڕایەوە شاری سلێمانی.

مامۆستا قادر دیلان لەساڵی ١٩٥٦دا لەگەڵ چەند مۆزیکژەنێک تیپی مۆزیکای دیلانیان دامەزراند، دواتر لەسەر خواستی خۆی بۆ رێزلێنان لەشاعیری گەورە "مەولەوی تاوەگۆزی" تیپی مۆزیکای دیلانیان کرد بەتیپی مۆزیکای مەولەوی.

ئەندامانی تیپەکە بریتی بوون لەقادر دیلان، بەهجەت رەشید سەعاتچی، حاتەم سەعید، مامۆستا ولیەم یوحەنا، نەجات عەبدە، هادی عەنبەر، سەردار رەمزی، ئومێد مەدحەتو قالە عەروس.

بەرهەمە بەناوبانگەکانی تیپەکە بریتی بوون لەمەولەوی، سکاڵا، گەلاوێژ، فریشتە، راز، هەڵپەڕکێ، سرودی کوردستان، بەهەشتی زەمین، سرودی نەورۆزو هتد ....، کۆمەڵێک سرودو ئاواز کە بەناوی کلێپەی دەروون تۆماری کردوون ئەمانەن: ١-ئەژدەهاک. ٢-باران باران. ٣-فریشتە. ٤-سەمفۆنیا بۆ گیانی بێکەس. ٥-کلێپەی دەروون. ٦-لاوانەوە بۆ هەڵەبجە. ٧-جوانی بێ ناو.

مامۆستا دیلان جیا لەهونەری گۆرانیو مۆزیک لەچەندین شانۆگەریشدا بەشداریی کردووە، لەوانە لەرێی نیشتماندا ١٩٤٦، تاوانی چی بوو١٩٥١، مەمو زین ١٩٥٨، هەروەها چەند شانۆگەرییەک لەشارەکانی هەولێرو کۆیە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٥٧. هەروەها لەساڵی ١٩٥٨دا لەچەند شانۆی تردا بەشدارییکردووە کە لەشاری هەڵەبجە نمایشکراون.

لەسەرەتای پەنجاکانەوە هەموو ساڵێ جارێک ئاهەنگی لەنەخۆشخانەی سلێمانی سازکردووە بەمەبەستی یارمەتیدان بەنەخۆشە هەژارەکان، جیا لەمانەش لەقوتابخانەکاندا ئاهەنگی مۆزیکای رێکخستووەو داهاتەکەشی بۆ ئەوانە بووە کە تووشی نەخۆشی سیل بوون. هەر لەپەنجاکانەوە لەرۆژنامەی ژین کە مامۆستا "پیرەمێرد" چاپو بڵاویدەکردەوە لەلاپەڕەی هونەریدا ستوونێکی هەبوو سەبارەت بەهونەری مۆزیکای کوردی.

مامۆستا قادر دیلان دانەری سرودی هەرمانو بێوێنەی "نەورۆزە"

**ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیو بەهاتەوە**

لەهۆنراوەی هۆنەری گەورە مامۆستا "پیرەمێرد"ە کە بەدەنگە بەسۆزەکەی مامۆستا ساڵح دیلان گەیشتووەتە گوێی هەموو خەڵکی کوردو بووە بەمێژوویەکی زێڕین، مامۆستا قادر دیلان لەنووسراوێکدا لەساڵی ١٩٤٨ زایینی دەنووسێ "لەشەقامی مەولەوی لەگەڵ کاک ساڵح دیلانی برام تووشی مامۆستا پیرەمێرد هاتین، پاش چاکو خۆشی فەرمووی کاک قادر هۆنراوەیەکی تازەم لەم رۆژانەدا لەسەر نەورۆز نووسیوە، دەتوانیت لەشێوەی سرود ئاوازێکی بۆ دابنێیو کاک ساڵحی برات بەدەنگە خۆشەکەی بیچڕێ؟ خۆشت دەزانی جێژنی نەورۆز نزیک بۆتەوە دەڵێی چی؟ وتم هۆنراوەکەت پێیە؟ پاکەتە جگەرەکەی دەر هێنا سێ چوار جگەرەی تێدابوو دەری هێناو لەسەر پاکەتەکەی بەخەتی خۆی بۆی نووسیم، منیش پاش دوو رۆژ ئاوازەکەم دانا کاک ساڵحیش چڕی."

لەساڵی ١٩٦٢ بۆ درێژەدان بەخوێندن لەبواری مۆزیکدا رووی لەپراگی پایەتختی چیک کرد کە بەزانستێکی نوێی ترەوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستانو زیاتر خزمەت بەنەتەوەکەی بکات، بەڵام بەخت یاوەری نەبوو تا بێتەوە نیشتمانی خۆشەویستی، هەربۆیە وەسیەت دەکات ئەگەر خۆڵەمێشەکەشم بووە بمبەنەوە کوردستان.

مامۆستا قادر دیلان بەرهەمەکانی بریتین لەدوو بەش یەکەم گۆرانییەکانی، دووەمیش کاری سەمفونییەکان، لەگۆرانییەکاندا شێوازێکی نوێی رەچاو کرد کە چ لەبواری مۆزیکداو چ لەبواری وتندا تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ستایلیکی تازەی خستە نێو مۆزیکی کوردییەوە بەو رۆحییەتە جوانە کە بەکاریهێناوە زۆر دەگمەنەو بەرگێکی جوانی بەبەر هونەری میلۆدی کوردیدا کردووە.

بەشی کاری سەمفونییەکانی کە جێگای سەرنجو ورد بوونەوەیە ئەویش بەو هۆیەوە پێشتر کەسمان نەبووە کە بەو جۆرە ستایلەو لەبواری دانانی (تەئلیف) سەمفونیا بەرهەمێکی تۆمار کردبێت، مامۆستا قادر دەستپێشخەری کردووە کە توانی گرنگترین کار بکات، ئەویش سەمفونی کلاسیک دابنێیو بهێنێتە نێو مۆزیکی کوردییەوە، هەرچەندە حەجمی کارەکانی بچوکن، بەڵام ئەگەر پشتیوانی ماڵی بوایە کاری لەوە گەورەتری دەکرد، وەلێ ئەو فۆرمە بچوکانەش هیچ کات نرخی کارەکانی ناهێنێتە خوارەوە، چونکە هەتا کورت بێ زەحمەتی زیاترە، دواتر کەسانێتر وەک "نەجات ئەمین، عەبدوڵا جەمال سەگرمە، دکتۆر دڵشادسەعید" ئەم رێچکەیان گرتوەتەبەر.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە بۆ ئۆرکێسترای گەورەی جیهان چەند پارچە مارشو مۆزیکی نووسیوە. هەروەها لەچیکوسلۆڤاکیا رۆڵێکی رۆشنبیری باشی بینی لەناساندنی مەسئەلەی کورد بەخەڵکی چیک، پاشان لەبەشی عەرەبی رادیۆی چیک دەستی بەکار کرد، هێندێک بەرهەمیان بۆ تۆمارکرد، لەوانە سرودی دەمی راپەڕین، سەمفۆنیای مناڵان، کاروانسەراو ... هتد.

مامۆستا قادر دیلان وەک موئەلفێکی مۆزیک، کۆمەڵێک هۆنراوەو بابەتی گرنگی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی چیکو لەگۆڤاری (نۆڤی ئۆریێنت) کە بەشی رۆژهەڵاتناسی زانکۆی کارلۆڤۆ بوو، بڵاوکردووەتەوە. شایانی باسە ئەو کاتە تەنها ئەلبومێک کە بەوشێوازە تۆمارکرابوو ئەلبومی (دیارییەک بۆ کوردستان)ی هونەرمەند (قادر دیلان)بوو کە بەشێوەی قەوان لەدەرەوەی وڵاتەوە نێردرابۆوە بۆ کوردستانو تیپی زانکۆی سلێمانی کەڵکی لەوشێوازە وەرگرت.

لەساڵی ١٩٩٧دا لەگەڵ "نەجات ئەمین"و کۆمەڵێک ژەنیاری تر "ئۆرکێسترای نەتەوەیی" کوردیان دامەزراند کە چەند بەرهەمێکی باشیان لەئەوروپا بەشێوەی کۆنسێرت پێشکەشکردو سیدیەکیان بەناوی "کەشکۆڵی سەمفونی کوردی بڵاوکردەوە کە زۆر جێگای بایەخە.

هونەرمەندێکی ئازادیخوازو یەکسانی خوازبووەو هیچکات لەیارمەتیدان بەهەژاران درێغی نەکردووە، لەبواری سیاسەتیشدا کارو چالاکی کردووەو ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق بووە، هەتا دواهەناسەی ژیانی هەر بەوبیرەوە ژیا.

مامۆستا قادر دیلان یەکێک لەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی هونەری گۆرانیو مۆزیکی کوردە کە مێژوویەکی چەشنی ئەستێرەی گەلاوێژی بۆ خۆی لەمێژووی پڕ لەشانازی نەتەوەی کوردی تۆمارکردووەو هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە. دیلانی هەنەرمەند، مرۆڤدۆست، نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخواز، لە١٨ی مارسی ساڵی ١٩٩٩ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە لەوڵاتی چیک، دوور لەزێدو نیشتمانی، چاوە پڕ لەئەوینە مۆزیکاییەکەی بۆ هەمیشە خستەسەر یەک، چەند ساڵ دواتر لەرێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٠ تەرمەکەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هێنرایەوە بۆ زێدیو نیشتمانەکەیو لەپەنای هونەرمەندانو نیشتمانپەروەرانی وەک: ئەمین زەکی بەگ، حەسیب قەرەداغی، کاکەی فەلاح، مامۆستا گۆران، فایق بێکەس، ساڵح دیلانو دەیان هونەرمەندو رۆشنبیریتر لەگردی سەیوان لەشاری سلێمانی بەخاک سپێردرا.

> مامۆستا قادر دیلان لەساڵی ١٩٥٦دا لەگەڵ چەند مۆزیکژەنێك تیپی مۆزیکای دیلانیان دامەزراند، دواتر لەسەر خواستی خۆی بۆ رێزلێنان لەشاعیری گەورە "مەولەوی تاوەگۆزی" تیپی مۆزیکای دیلانیان کرد بەتیپی مۆزیکای مەولەوی.

چیرۆکێك لەواقیعەوە

# پاولۆ کۆیلۆ

و. عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە

سەر لەبەیانییەکی ساردی مانگی کانوونی دووەم پیاوێک لەدەروازەی وێستگەی میترۆی شاری واشنتۆندا وەستاو بەکەمانەکەی لەماوەی ٤٥ خولەکدا شەش کۆپلەی لەسەمفۆنیاکەی (یۆهان سباستیان باخ)ی ژەنی، قەرەباڵغترین کاتیشی بۆ ئەو ژەنینە دیاریکردبوو، چونکە هەزاران کەس لەوێوە بەرەو دەوامەکانیان دەچوون.

لەسێیەمین خولەکدا پیرەمێردێک ئەو ژەنیارەی بینی، هەنگاوەکانی خاوکردەوەو تۆزێک وەستاو دواتر کەوتەوە رێ، کەمێک دواتر ژەنیارەکە لەلایەن ژنێکەوە دۆلارێکی بۆ هەڵدرا بێئەوەی رابوەستێتو گوێی لێبگرێت، ماوەیەک دواتر پیاوێک پاڵیدا بەعەمودێکەوەو بۆ پێنج خولەک گوێی لەمۆزیکەکە گرت، دواتر روانیە کاتژمێرەکەیو رۆیشت.

یەکەمین کەسێک کە بەجدیو هۆشیاری گوێی لەو موزیکە گرت، مناڵێکی تەمەن سێ ساڵان بوو، دایکی بەپەلەبوو، بەڵام مناڵەکە مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی ماوەیەکی زیاتر گوێ بگرێت، بەڵام دایکەکە زاڵبوو، پەلی مناڵەکەی راکێشاو ئەویش هەر ئاوڕی لەژەنیارەکە دەدایەوە تا لەبەرچاوی ونبوو، چەندین مناڵی تریش هەمان هەڵوێستیان نواند، هەموو باوکەکان پەلەیان بوو، کوڕەکانیان ناچار دەکرد دوایان کەونو هیچیان لەسێ خولەک زیاتر تەحەمولی وەستانیان نەبوو.

کاکی ژەنیار لەماوەی ٤٥ خولەک مۆزیک ژەنیندا ٣٢ دۆلارو شەش کەسی گوێگری دەستکەوت، کاتێکیش لەمۆزیک ژەنین بووەوە، نەکەس چەپڵەی بۆ لێداو نە کەسیش هانیدا بۆ مۆزیک ژەنین، تەنها ژنێک وتی کە رۆژی دواتر ئەوی بینیوەو هەر ئەویش تاکە کەس بووە وەستاوەو گوێی لێگرتووەو مۆزیک بەلاوە خۆش بووە.

ناوی ئەم مۆزیکژەنە (جۆشوا بێل)ە، هونەرمەندی ناوداری ئەمریکیو وێنەی تەواوی مۆزیک ژەنینەکەی وێستگەی میترۆ کە یشی بەکامێرای ڤیدیۆ لەلایەن رۆژنامەنووسێکی واشنتۆن پۆستەوە گیرابوو.

جۆشوا بێل سێ رۆژ پێشتر لەسەر شانۆی بۆستن هەمان مۆزیکی ژەنی، لەوێ جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بوو هەرچەندە نرخی بلیت گەیشتە سەد دۆلار، بێل بەهەمان ئامێری کەمانی سترادیفاریۆس کە نرخەکەی دەگاتە سێ ملیۆنو پێنج سەد هەزار دۆلار (ئەو کەمانەی سترادیفاریۆسی ئیتالی لەقۆناغی زێڕینیدا ١٦٩٨-١٧٢٠ دروستی دەکرد لەجیهاندا بەباشترین جۆری کەمان دادەنرێتو تا ئەم سەردەمەش کەسێک نەیتوانیوە کەمانێکی لەوجۆرە دروست بکات لەرووی جوانیو خۆشیی دەنگیەوە".

کاتێک لەلایەن رۆژنامەکەوە دەربارەی ئەو ئەزمونە پرسیار لەبێل کرا، نائومێدی دەربڕی لەو کەسانەی لەژینگەی سروشتیی خۆیدا نەبێت نرخو بەهای ئیشی هونەری نازانن، ئەزمونی رۆژنامەکەش کە لەبازنەی کۆمەڵناسیو رەفتارناسیی مرۆڤدا دەهات، ئەو دەرەنجامەی خستەڕوو کە مرۆڤ لەدوو دۆخدا ناتوانێت دەرک بەجوانیو ناوازەیی پرسێک لەپرسەکان بکات: یەکەمیان کاتێک بیرو زەینیان بەشتێکەوە سەرقاڵدەبێت کە بەلای ئەوانەوە لەوساتە وەختەدا زیاتر جێی بایەخە، وەک ئەوەی لەوێستگەی میترۆی واشنتۆندا روویدا، دووەمیشیان کاتێک بڕواو قەناعەتی پێشوەختیان لادروست دەبێت بەوەی کەسێک لەوێستەگەکاندا مۆزیک بژەنێت ژەنیارێکی فاشیلەو هێندە بەهرەمەند نییە بتوانێت ببێتە هونەرمەند.

ئاخۆ ئەگەر منیش لەو وێستگەیە بوومایە دەوەستام بۆ ئەوەی گوێڕادێری جۆشوا بێل بوومایە؟ دڵنیا نیم. پێموایە منیش وەک هەر کەسێکی تر ژێربارو ملکەچی ژینگەی سروشتی هونەر دەبووم، وەک شانۆو گرانیی نرخی بلیتی چوونە ژوورەوە، ئەم ئەزمونە وەک زەنگی ئاگادارکردنەوە وایە بەوەی: گەر یەک خولەکمان بەدەستەوە نەبێت بۆ وەستانو گوێگرتن لەباشترین کەمانچەژەن لەجیهاندا، ئاخۆ لەم ژیانەدا چەند شتی جوانمان لەدەستدەچێت بێئەوەی بەخۆمان بزانین؟!

سەرچاوە/ ماڵپەڕی (مجله الروائی).



# سامۆئێل بێکت

و: یوسف زەماوەنگەیی
بەشی سێیەم و کۆتایی

**توانای بینینی ژانری گاڵتەجاڕی و بەهرەمەندی لای (سامۆێل بێکت):**

سەرەڕای ئەوەی کە بێکت نمونەی بەرچاو بووە لەوەی کە بلیمەتێکی کەموێنە بووە دەربارەی تاریکی و تەماوێتی قەدەری بوونی مرۆڤ، لەهەمانکاتیشدا ئەبێ دان بەو راستیەشدا بنرێت کە ئەو نووسەرێکی رێ پێبردووی دەستڕەنگینیش بووە لەمەڕ نووسینی کۆمیدی، لەبەرهەمێکی فەرنسیدا کە گاڵتەجاڕی و شتە نالۆجیکیەکان وا دەکات کە پێکەنین بێتەکایەوە لەئەنجامی پەرۆشی و شوێنکەوتنی هەوڵێکی تێرکردنی بێبەهایی سێکسی، هەروەها لەکارەکانی بێکتیشدا، بێبەهایی و بێئامانجی هەوڵەکانی مرۆڤ، جگە لەئازادکردنی بینەر یان کەسی خاوەن دیدەنیگا لەزۆربەی ئامانجە نەزۆک و بێئارەستەکانی، پێویستە ئەنجامێکی ئازادکەرانەیشی هەبێت، هەروەها لەوکاتەدا پێکەنین سەرهەڵدەدات کە کەسێکی لوتبەرزو خۆ بەگرنگزان زۆر پەرۆش دەبێت لەناو ئارەزووی بێبەرهەم و تەماحی خەیاڵیدا، دوور لەهەر زادەڕەوی و ناڕوونییەک سەبارەت بەخوێندنەوەو بینینی بێکت، ئامانج و کارەکانی بێکت فراوانییەکی بێگەردیان لێدەچۆڕێت کە شان لەشانی تەمەنی هونەری شانۆ دەدات، لەڕووی جۆو ١٩٦٧) کە سیحرێکی گەورە لەسەر کامێرەکان بەجێ دەهێڵێت و وایان لێدەکات کە دیمەنەکان بۆ سەر شاشەیەکی بچوک پەخشبکەن، هەروەها لەدەقێکی تریدا کە ناوی (فیلم،١٩٦٧)ە، چەند رووداوێکی یەک لەدوای یەکی لەبیرنەکراوەی خودێکی چاودێریکراو دەکات کە دەیەوێت لەچاوانی چاودێریکەری خۆی هەڵبێت.

لەدوایدا، کارەکانی بێکت بەئازایەتی و چڕبوونەوەی زۆر دەوڵەمەندتر بوون، بۆ نمونە شانۆچکەی (هاتن و رۆیشتن ١٩٦٧)، هەروەکو خۆی بەوشێوەیە ناوی دەبرد، ناوەڕۆکەکەی تەنها لە (١٢١) وشە پێکدێت کە لەلایەن سێ کەسایەتیەوە دەردەبڕێن، یان لەکارێکی گچکەی تریدا بەناوی (کەمتربوون) کە بەشێوەی پەخشان نووسراوە لە (٦٠) رستە تێناپەڕێت و ئەو رستانەش هەریەکەو دووجار روو دەدەن، لەزنجیرە کارێکی تریدا کە شانۆی (نواندنی بێ وشە)ەیەو ناوەکەش ئاماژەیەکە بۆ ناوەڕۆک و کرۆکی ئەم کارەی، دوا کاری بێکت شانۆییەکە بەناوی (رۆکەبەی) کە لە (١٥) خولەک تێناپەڕێت، دوورەپەرێزی گرتن لەلایەن بێکتەوە بۆ بەکارهێنانی وشەیەکی زۆر لەنووسینی کارەکانیدا بەڵگەیەکە بۆ زیرەکی و ئازەیەتی و سووربوون لەسەر ئەوەی کە زیادەڕەوی نەکات و لەپێناوی ئامانج و کاری لاوەکی بێبەهادا وشەی زۆر نەکوژێت.



تەکنیکیشەوە، بێکت بەهرەمەندێکی دەستڕەنگینە و شێوەی کارەکانی دوورە لەکەموکوڕی، بۆ نمونە لەبەرهەمی (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) و (مۆڵۆی)دا، بێکت بەشێوەیەک ئەم دوو کارەی نووسیوە کە هەریەک لەئەوان وێنەدانەوەیەکە بۆ ئەوی تر، هەروەها لەهەموو کارەکانیدا بۆ راگەیاندنی کۆمەڵگا، بێکت بەغەریزەیەکی قوڵ و توانایەکی پڕ زیرەکی وا خۆی نیشاندەدات کە لایەنە گرنگەکانی کەسایەتییەکان هاوسەنگن لەگەڵ تەکنیکدا، لەنمونەی ئەمانەش ئەو شانۆیانەن کە بێکت بۆ پرۆگرامی رادیۆیی بەرهەمی هێناون وەکو شانۆی (هەموو ئەوانەی کە دەکەون ١٩٥٧) کە تیایدا مۆزیکاو دەنگ و قسەکردن تێکەڵاو دەبێت، یان لەکورتە شانۆی تەلەفزیۆنیدا (ئێ

# چیرۆکی مینیمالیستی

مستەفا زامیدی
بەشی سێیەم و کۆتایی

**فلاش فیکشن (Flash fiction)**

لەبەشی پێشتری ئەم بابەتەدا باسمان لەفلاش فیکشن کرد، بەڵام رەنگە ئێستا خوێنەر بپرسێ فلاش فیکشن چییە؟ بۆ تێگەیشتنی باشتر لەجیاوازییەکانی نێوان کورتە چیرۆک و فلاش فیکشن، چیرۆکێکی زۆر بچوکی گیتار لەنووسینی "جان ئام دانیەل" بەنمونە دەهێنینەوە.

**گیتار**

هیچکات وەک گیتارەکەی لەباوەشم ناکات، ساڵانێکی زۆرە بەوشێوەیە لەمسی نەکردووم، بۆئەوەی لەباوەشیدا جێمبێتەوە، دەچمە ناو گیتارەکەی.

بەدرێژایی رۆژ شکڵ و دەنگی دەگۆڕێ، بەڵام حەزی لەباوەش گرتن نە.

سەرەنجام لاڵ، نادیارو بێجوڵە لەوێدا جێی بۆوەو چاوەڕوان بوو.

"ئازیزەکەم، هاتمەوە! گیتارێکی تازەم کڕیوە! ئازیزەکەم...؟

لێرەدا جارێکی تر سەرەتای چیرۆکی "دوو ژن خۆشەویست" دێنینەوە، دواتر دەچینە سەر بەراوردکاری.

ئێوارەی گەرمی مانگی ئووت هەموو شاری گرتۆتەوەو هەوای گەرمی ئارام کە هاوین بەیاد دەهێنێتەوە، لەشەقامەکاندا هەست پێدەکرێ، لەشەقامەکاندا کە بەهۆی پشووی رۆژی یەکشەممەوە هەموو دوکانەکانی لەراستیدا بەستراون، حەشیمەتێکی شادو خۆشحاڵ دێن و دەچن، چراکان، وەک مرواری درەوشاوە لەسەر دارتیلە بەرزەکان، بۆ بەستێنی زیندووی خوارەوە کە بەگۆڕانی بەردەوام شکڵ و رەنگ، چرپەیەکی نەگۆڕو بەردەوامی دەگەیاند، هەوای گەرمی ئەو ئێوارە دەدرەوشانەوەو دوو پیاوی گەنج لەتەپۆڵکەی گۆڕەپانی رۆتلەندەوە دەهاتنە خواروو...."

دەبینین چیرۆکی گیتار لەپێشەکی چیرۆکی "دوو ژن خۆشەویست" کورتترە.

ستیۆ ماس لەسەر ئەو باوەڕەیە "چیرۆکی ٥٥ وشەیی کورتترین شێوەی چیرۆک نووسینە کە لەوێدا هەر وشەیەک بەوردەکاری و سەرنجێکی تایبەتەوە هەڵدەبژێردرێ بۆئەوەی کاریگەری تایبەتی ببێ، ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەگەر ئۆ هێنریش ناچاربوو چیرۆکێ لەسەر کارت ویزیتێک بنووسێ ئەم شێوەیەی هەڵدەبژارد."

زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە نووسینی چیرۆکی مینیمال کارێکی ئاسانە، رەنگە هەندێ جاریش تاوانی ئەوە بخرێتە پاڵ مینیمالیستەکان کە توانای خەیاڵ پەردازییان نییە، بۆیە چیرۆکەکانیان ئەوەندە کورتە.

ئەو کەسانەی کە خوێنەری رۆمانن و حەزیان لەرۆمانەو درێژبێژی رۆمانەکان پەسەنددەکەن، حەزیان لەچیرۆکی مینیمال و فلاش فیکشن نییە. ئەوان پێیان خۆشە بەناو تووناوتوونەکانی چیرۆکدا بڕۆن و بەشێوەیەک کەمەنکێشی رەوتی چیرۆک بن، ئەمە لەحاڵێکدایە لەچیرۆکی مینیماڵدا ئەم شتە بەوشێوەیە نابیندرێ و لەراستیدا لێهاتووییەکی زۆری دەوێ، بەوەی کە چیرۆکنووس بتوانێ لایەنە زیادییەکانی گەڵاڵەی چیرۆک بخەنە لاوەو هەر بەتەنها بابەتی مەبەست بەکورتترین شێوە دەربڕن، ئەم کارە کاری هەر کەس نییە.

فدریک بارتلمی کە خۆی یەکێک لەنووسەرانی مینیمالیستە ئەو تاوانانەی کە دەدرێتە پاڵ مینیمالیستەکان بەم شێوەیە ناو دەبات.

١- بێبەری بوون لەئایدیای فەلسەفی گەورە.
٢- باس نەکردن لەچەمکە مێژووییەکان.
٣- بێ هەڵوێستی سیاسی.
٤- قووڵ نەبوونی کەسایەتییەکان بەرادەی پێویست.
٥- وەسفی سادەو کۆن.
٦- یەکدەست بوونی ستایل.
٧- بەهانەدان بەلایەنە ئەخلاقییەکان.

دواتر باس لەوە دەکات زۆر سەیرە چیرۆکی هەموو ئەم شتانەی نەبێ و بەم باشییە بێت کە ئەمان دەیڵێن کە وایە ئەم هەموو هاوار هاوارەیان لەسەر چییە.

جان بارت لەلێکدانەوەو روونکردنەوەی چیرۆکە مینیمالیستییەکاندا، چێژی خوێندنەوەی چیرۆکی سفری سەرەتاو کۆتا وەک چیرۆکێکی مینیمالیستی لەگەڵ درێژدادڕییەکانی گابرێل گارسیا مارکیز لەسەد ساڵ تەنهایی بەراورد دەکات و دەڵێ "بەدڵنیاییەوە زیاتر لەرێگایەک هەیە بۆ گەیشتن بەبەهەشت"، هەرچەند من لەنێوان مینیمالیستەکان و ماکسیمالیستەکاندا گلەییم لەخوێنەرێ هەیە کە وەها خوو بەیەکیان دەبەستێ کە لەتامکردنی ئەوی تر بێبەری دەبێ.

جان بارت هەوڵدەدا بێ هیچ دەمارگرژییەک مینیمالیستەکان و ماکسیمالیستەکان پێکەوە ئاشتبکاتەوە، بەڵام یان رید کە باس لەم جۆرە چیرۆکە دەکات بەکۆپلەیەک ناوی دەبات کە هەموو هەوڵێ دراوە بەوەی کە کورت بکرێتەوە.

لەچیرۆکی مینیماڵدا پێویستە ٢ خاڵ بەجوانی لەبەرچاو بگرین ئەویش بریتین لە بەهۆی کورتبوونی چیرۆکەوە ئەگەری ئەوە نییە بتوانین لەچیرۆکی مینیماڵدا کەسایەتی چیرۆک زۆر بدرێتە بەرباس یان باشتر بووترێن کەسێتی بخولقێندرێ. ئەمە تایبەتمەندی زۆربەی چیرۆکە کورتەکانەو هەروەها نابێ لامان وابێت هەر چیرۆکێ زۆر کورت بوو مینیماڵە، بەڵام لەسەر خوڵقاندنی کەسایەتی دەبێ ئەوە بڵێین نووسەرانێکی وەک جۆیس لەکورتە چیرۆکدا تا رادەیەک توانیویانە تیپەکان لەکەسایەتی نزیک بکەنەوە، بەڵام بەهەرحاڵ لەچیرۆکی کورتداو بەتایبەت لەچیرۆکی مینیماڵدا بواری خوڵقانی کەسایەتی بەوشێوەی لەرۆماندا هەیە نییە.

١- لەنووسینی چیرۆکی مینیماڵدا ئەم وتەیەی رۆلان بارت فەرامۆش نەکەین کە دەڵێ "کەمیش زۆرە"، هەروەها وەک وترا تەنها کورتبوون پێناسەی مینیماڵ بوون نییە، ئەوەی چیرۆکی مینیماڵ لەچیرۆکەکانی تر جیادەکاتەوە لابردنی بەجێی بەشێک لەچیرۆک بەمەبەستی پێوەندی گرتنی باشتر، لابردنێ کە نابێت بەهۆی لەناوچوونی گەڵاڵەو مانا.

جواد جوزینی لەوتاری "مۆرفۆلۆژی چیرۆکی مینیمالیستیدا"، نمونەیەک دێنێتەوە وەک نمونەی سەرکەوتووی ئەم ژانێرە ئەدەبییە کە لێرەدا دەقاودەق نمونەکەی ئەو دەنووسمەوە.

چیرۆکی ئەوەی لەواندالەکان جێ دەمینێ گەڵاڵەیەکی زۆر سادەی هەیە، سەربازێک دوای شەڕ بەشوورو شەوقەوە بۆ دیتنی دەزگیرانی بەرەو ماڵ دەڕوا، لەسەر رێگا لەشفرۆشێکی بەدبەخت دەبینێ، لەژێر نووری چراکەدا تێدەگات ئەو ژنە دەزگیرانەکەیەتی "جەنگ کۆتایی هاتبوو، ئەو گەڕابۆوە بۆ زادگەکەی خۆی کە تازە لەواندالەکانیان وەرگرتبۆوە، بەهەڵەداوان لەگەڕەکێکی تاریکەوە رەت دەبوو، ژنێ قۆڵی گرت و بەدەنگێکی سەرخۆشانە پێی وتی "بۆ کوێ میسیۆ؟ دێی بڕۆین؟"

پێکەنی: نە پیرەژن، لەگەڵ تۆدا نە! دەچم بۆ لای دەزگیرانەکەم.

چاوی لەخوارەوە کردو تەماشای کرد، لەژێر دارتێلێکدا بوون، ژنە هاواری کرد، پیاوەکە شانەکانی گرت و لەنووری چراکەی نزیکتر کردەوە. ئەنگوستەکانی چووبوونە ناو گوشتەکەیداو لەچاوەکانییەوە ئاگر دەزایە دەرەوە. بەهەناسە بڕکە وتی: ئاخ، جۆئن؟

بەگشتی چیرۆکی مینیمالیستی، لەسەر یەک دروشمی سەرەکی ئیش دەکات ئەویش دروشمی، کەمیش زۆرە، یان هەمان ئەو وتەیەی چیخۆف کە دەڵێت "ئەگەر چەکێکتان لەچیرۆکدا هێنا دەبێ ئەو چەکە تەقەی پێبکرێ".



ئیدگار ئالانپۆ

> لێهاتووییەکی زۆری دەوێ، بەوەی کە چیرۆکنووس بتوانێ لایەنە زیادییەکانی گەڵاڵەی چیرۆك بخەنە لاوەو هەر بەتەنها بابەتی مەبەست بەکورتترین شێوە دەربڕن



# نۆبڵو بلاك وۆتەر .. دوو خەڵاتی نائەخلاقی

"ئەو ئەهریمەنەی دەیناسین زۆر باشترە لەو ئەهریمەنەی هێشتا نەماننناسیووە". ریچارد ئارمیتاج






قەلاچۆکردنی تیرۆر یان بەرهەمهێنانی تیرۆر

زانکۆ ئیسماعیل رۆژ
بەشی دووەمو کۆتایی

لەڕاستیدا مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێت لەداواکاری ئەو نووسەرە سیاسییە، لەوەی سیاسییەک سوودمەندبوونی حیزبەکەی خۆی بەسوودمەندبوونی نەتەوەیەکەوە گرێیدات! من گومانم نییە لەوەی بەهاتنی هێزەکانی ئەمریکاو داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەو دەوڵەتە زەبەلاحەوە لەە٢٠٠٣دا، بەمەرامی دەستگرتن بەسەر نەوتی ناوچەکەو چەندین مەرامی دیکەی سیاسیو سەربازیو ئیستخباراتی، بووە هۆی دروستبوونی فەزایەک کەلێیەوە سالانە بودجەیەکی قەبە بەخشرایە هەرێمی کوردستان، دیارە ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە، بەلام ئەوەی مایەی خۆشحاڵی نییە ئەوەیە کە لەدەرەوەی هەردوو حیزبی کوردی دەسەڵاتدار یاسایەک نییە بۆ رێکخستنو دابەشکردنی ئەو بودجەیە بەپێی بەرنامەیەکی عەقلانی کە چاوی لەعەدالەت بڕیبێت، واتە چاوی لەوە بڕیبێت مرۆڤی ئەم هەرێمە کام شتەی گرنگە بۆی دەستەبەربکرێتو کام شتەش هیچ گرنگییەکی نییە تا هەزاران دۆلاری بۆ بەفیڕۆبدرێت؟ هەر لەو بودجە زەبەلاحەیە کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەکوردستان بۆ چاوبەستکردن لەخەڵکی شوێنکەوتووی خۆیان بەسەدان هەزار دۆلاریان بۆ سەرفدەکەن بەناوی یارمەتیو کۆمەککردنو دروستکردنی خانوو، کڕینی ئۆتۆمۆبێلی شەخسیو سەفەرکردنی بێبەرنامە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ کادیرو خزمو هەوادارەکانی خۆیان، لەکاتێکدا ئەمانە هەمووی دەچنە چوارچێوەی سوودمەندبوونی شەخسییەوەو هیچ پەیوەندییەکیان بەدابەشکردنی عادیلانەی سەروەتو سامانی گشتییەوە نییە، ئەمە هەر لەکاتێکدایە بۆ نمونە کەرتی پەروەدەیی ئەم وڵاتە چارەرەشترین کەرتەو لەبری بینایەک بۆ خوێندن پێویستی بەهەزاران بینا هەیە بۆ خوێندنو کەسێکیش خۆی ناکاتە خاوەنی ئەو کێشە گەورەیە، ئەمە هەر لەکاتێکدایە کە بۆ شەوێکی سەری ساڵ تەنیا لەپایتەختی هەرێم (وەکو چەندین دەزگای راگەیاندن باسیان لێوە کرد) ملیۆنەها دۆلار سەرفکراوەو ئەم پارە سەرفکردنەش هیچ مانایەک نادات بەدەستەوە بۆ نەتەوەیەک، منداڵو قوتابییەکانی بەسێ دەوام بخوێنن لەبینایەکی کۆندا کە ناتوانیت پێیبلێیت زەمینەی پەروەردەکردن، کارەبایان لەشەوو رۆژێکدا بەتەواوی نەبێت، ئاوی خواردنەوەیان نەک هەر بۆ خواردنەوە ناشێت، بەڵکو دوو لەسەر سێی ئەو خەڵکە بەهەفتەی چەند سەعاتێک ئاو دەبینن! ئایا مایەی شۆک نییە میللەتێک ئاو نەبێت بیخواتەوەو بەرپرسە حکومیو سیاسییەکانیشی ملیۆنەها دۆلار بۆ شەوێکی سەری ساڵ سەرفبکەن، ناویشی لێبنێن بوژاندنەوەو ئاوەدانی!!

لەلایەکی دیکەوە هەر لەمیانەی ئەو پارە هەڵڕژانە بێسەروبەرەیەدایە دیاردەیەک دروستبووە بەناوی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەم کەناڵانە لەسەر حسابی ئەو بودجەو پارەیە دروستبوون کە کەوتۆتە بەردەستی هەردوو هێزە کوردییە دەسەڵاتدارەکە. ئامانج لەم کەناڵانە کە بەرنامەکانیان بریتیە لەچێشتلێنانو زەڵاتە دروستکردنو دواتر گوێگرتن لەگۆرانی نەشازو ناخۆش، بردنی خەڵکە بۆ فەزای بیرنەکردنەوە، ئەم بەرنامانە لەسەر کۆپیکردنەوەی هەمان بەرنامەی کەناڵە عەرەبییەکان، ئینسانی کورد رادەهێنن بەوەی خۆی سەرقاڵ بکات بەزەڵاتە دروستکردنەوە نەک بەدروستکردنی پرسیاری جدیو مانادارەوە، ئەم کەناڵانە کە بودجەکانیان لەسەر حسابی ئەو میللەتەیە کە نیوەی تەمەنی بەزیاترەوە لەبەر بێکارەباییدا بردۆتە سەر، دەیانەوێت ئینسانی ئەم وڵاتە نەزانێت سیاسییەکانی چی دەکەنو بۆ وا دەکەنو بەرەو کوێمان دەبەن؟! ئەم کەناڵە کوردییانە بەرەنجامی هەڵگرتنەوەی هەمان ئەخلاقیاتی دیکتاتۆرە عەرەبەکانە، کاتێک هەژاری میللەتەکانیانی دارزاندووە، بەڵام بەلێشاو کەناڵی ئاسمانیان دروستکردووە بۆ خواردن دروستکردنو پێشبڕکێی سەماکردن، لێرەوە دەسەڵاتدارانی کوردیش وانە لەو دیکتاتۆرانەی عەرەب وەردەگرن بەوەی میللەتەکانیان لەسەر بیرنەکردنەوە رابهێنن.

ئێستا دەرکەوت ئەو بەڕێزەی داوا دەکات پەیکەر بۆ جۆرج بوش دروستبکەن لەکوردستان، لەکامە تێڕوانینەوە ئەو داوایە دەکات؟ کاتێکیش دەڵێت کورد لەجۆرج بوش سوودمەند بووە، مەبەست پێی حیزبەکەیو هەوادارانی حیزبەکەیەتی کە هەندێکیان بوونەتە ملیۆنێر بەهۆی بێسەروبەرەیی لەپەرشوبڵاوکردنەوەی ئەو بودجەیەدا، بەڵام پرسیاری من لێرەشدا کۆتایی پێنایەت، بەڵکو پرسیاری جدی ئەوەیە، ئەگەر هەموو کورد سوودمەندی مادی بووبێت لەهاتنی هێزەکانی ئەمریکا، ئایا ئەمە هیچ لەبەربەرییەتی جۆرج بوشو هێزە داگیرکەرەکەی کەمدەکاتەوە؟ ئایا هیچ لەو دڕەندەییە کەمدەکاتەوە کە هێزەکانی ئەمریکا لەنێو زیندانی ئەبو غرێبدا بەرامبەر خەڵکانی مەدەنی ئەنجامیانداوە؟ ئایا بوش بەرپرسی یەکەم نییە لەو تاوانانە؟ تەقەکردنی کوێرانە لەژنو منداڵو خەڵکی مەدەنی، گرتنو ئەشکەنجەدانی بێبەزەییانەی خەڵکی مەدەنیو رووتکردنەوەو ناچارکردنیان بەئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵ یەکتر، کارەبالێدان، هەموو ئەمانە هەمان ئەو رەفتارو کردەوانە نین کە بەعسییەکان بەدرێژایی سێ دەیە ئەنجامیاندا بەرامبەر بەئێمەی کوردو عێراقییەکان؟ مایەی سەرسوڕمان نییە بەبوش بوترێت جەسوور، لەکاتێکدا هێزە سەربازییەکەی لەئەفغانستانو عێراقدا هەمان ئەو رەفتارانەی ئەنجامدابێت کە بەعسییەکان دەیانکرد؟ ئەمە وەک ئەوە وایە بۆ شۆڤێنییەکی عەرەبیش رەوابێت بەسەدامی دیکتاتۆر بڵێت پیاوێکی جەسوور! هەڵبەتە سەدامو بوش کوڕی عەقڵیەتێکن کە کوشتنی مرۆڤ وەک پرۆسەیەکی نۆرماڵو ئاسایی تەماشادەکەن بۆ مەرامە ئایدۆلۆژییەکانیان، هەربۆیە شتێکیش نییە لای ئەم جۆرە عەقڵییەتە ناوی ئەخلاقی سیاسی بێت لەسەر بنەمای عەدالەت.

### خەڵاتکردنێکی نا ئەخلاقی

گومان نییە لەوەی زۆرن ئەو پیاوە ئایدۆلۆژیانەی بەردەوام بەدوای پاساودا دەگەڕێن بۆ خۆدزینەوە لەوەی شتەکان وەک هەقیقەتی خۆی ببینن، ئەگەر لەسەروبەندی داگیرکردنی عێراقدا خەڵکانێک پاساویان بۆ تاوانەکانی سوپای ئەمریکا ئەوە بووبێت کە جەنگێکی سووتێنەر هەیەو شتهایەک هەیە رووی‌انداوەو کۆنترۆڵ نەکراون، ئەوا ئێستا وەڵامیان چییە بۆ ئەو مەسخەرەیەی کە دادگای ئەمریکا بەڕۆحی حەقدە هاووڵاتی مەدەنی عێراقی دەیکات؟ تەنانەت پیاوێکی وەکو ئۆباماش هەڵوێستەکانی بەتەواوی بوونەتە جێی گومان، بێمەرام نەبوو کاتێک ئەو پیاوە خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی وەرگرت، بووە مایەی سەرسوڕمانی چەندین لایەنو ناوەندی جیهانی، تەنانەت جێی سەرسوڕمان بوو لیژنەی نۆبڵ سەرۆکێک هەڵبژێرن بۆ خەڵاتی ئاشتی، هێشتا هێزە سەربازییەکانی لەسەرانسەری جیهاندا خەریکی ئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵکن، بەتایبەت لەعێراقو ئەفغانستان، تەنانەت کوشتنی کوێرانەی خەڵکی مەدەنی لەلایەن فڕۆکە سەربازییەکانی ئەمریکاوە لەئاهەنگەکانی ژنو ژنخواستنندا لەئەفغانستان بۆتە هەواڵێکی رۆژانە،

ئەو پێنج کەسەی حەقدە مەدەنی عێراقیان بەبێ تاوان دایە بەر دەستڕێژی گوللە لەە٢٠٠٧دا (هەڵبەتە ئەوە تەنیا یەکێکە لەو هەزاران تاوانانەی ئەمریکییەکان ئەنجامیانداوە لەە٢٠٠٣وە)، خۆیان لەکاتی لێکۆڵنەوەکاندا دانیاننناوە بەوەدا کە ئەوانەی لێیانداون چەکدارنەبوونو وتویانە "ئێمە تەنیا لەترسی ژیانی خۆمان لێمانداون"، ئایا قەتڵوعامێک هەیە لەمە ئاشکراتر؟ کەچی دادگای وڵاتە یەکگرتووەکان بکوژەکانو تەنانەت کۆمپانیای "Black water"یش بێبەری کرد، لەبەرامبەریشدا هەڵوێستێکمان نەبینی لەئۆبامای خاوەن خەڵاتی ئاشتی، بەڵام هەر ئەو پیاوە، واتە ئۆباما، بۆ ئەو گەنجە نەیجیرییەی کە لەسەروبەندی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩دا لەیەکێک لەفڕۆکەکان بەتاوانی خۆتەقاندنەوە تاوانبارکرا، زیاتر لەهەڵوێستێکی نواندو زیاتر لەچەندین وتاری لەبارەوە دا، نەک هەر ئۆباما، بەڵکو هەرچی کەناڵو رۆژنامەو رادیۆی خۆرئاوایی هەیە باسیان لەم دڕەندە ئەسمەرە ئەفریقییە دەکرد کە بەنیازبووە کاری تیرۆرستی بکاتو ئاهەنگەکانی سەری ساڵ لەخەڵکانی خۆرئاوا تێکبدات، ئەمە لەکاتێکیشدایە خوێنی لووتی ئەمریکییەک نەڕژاوە، بەڵام حەقدە ئینسانی مەدەنی بەڕۆژی نیوەڕۆ دەکوژرێن لەلایەن ئەمریکییەکانەوەو نەئۆباماونەڕۆژنامەوکەناڵە ئازادەکانی خۆرئاوا، حەرفێکی جدیان نییە بیڵێن، جگە لەهەڵویستی شەخسی چەند کەسو لایەنێک لەخۆرئاوا نەبێت کە زۆرتر دەچێتە خانەی هەڵوێستی شەخسییەوە!! بەڕاستی مایەی شۆکە پێوەرەکانی ئەخلاق تا ئەو ئاستەی شۆڤێنیبوونو گاڵتەجاڕی دابەزێت، کار بگاتە ئەو ئاستەی لەبەرئەوەی من (شەرقئەوسەتیمو موسوڵمانم) زۆر نۆرماڵە کەی ئەوان ئارەزوویان کرد بمکوژن، بەڵام هەر ئەوەندەی هەڕەشەیەک کرایە سەر ئەورووپییەک، ئەمریکییەک دنیا دەدرێت بەسەریەکداو ئاخر زەمان هەڵدەستێت!

پرسیارێک کە خۆی دەسەپێنێت لێرەدا ئەوەیە، ئایا جیهان بەزمانی هێز مامەڵە دەکات یاخود بەزمانی ئاشتیو پێکەوە ژیان؟ من وەڵامی خۆمم هەیە، بەڵام واپێدەچێت خۆرئاواییەکانو بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکان بیانەوێت پێمانبڵێن هێزو دەسەڵات تاکە سەرچاوەی مامەڵەکردنە، ئەویش تەنیا بۆ زەلیلکردنو مل پێکەچکردنی ئەوی دی، بەڵام ئایا ئەویتر هەمیشە بەملکەچی دەمێنێتەوە؟ هەمیشە دەستەوەستان دەوەستێت؟ یاخود هەر فرسەتو هەلێکی بۆ هەڵکەوت نەک هەر تۆڵە، بگرە کاری تیرۆرستی ترسناکیش ئەنجامدەدات؟ ئەی ئەوەی ماوەی چارەکە سەدەیەکە لەم ناوچەیەدا روودەدات بریتی نییە لەو کێشمەکێشو ململانێیەی هەزاران کاری تیرۆرستیشی بەدوای خۆیدا هێناوەو تیرۆر بۆتە سیمای ئێمە لەدەرەوەو خۆشمان بووینەتە قوربانی یەکەمی تیرۆر؟ ئایا وڵاتە یەکگرتووەکان دەستێکی باڵای نییە لەخوڵقاندنی ئەو کەشە نائینسانیو نامەسئولانەیەدا؟

### دوا ئاماژەکان

دادگای ئەمریکا بەهەر بیانویەک ئەو مرۆڤکوژانەی بلاک وۆتەری ئازاد کردبێت لەوەی تاوانێکیان هەیە، خەڵاتێکی پێشکەش بەو کۆمپانیایە کردووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا چەند ئاماژەیەکی بەئێمەو هەموو جیهانیش داوە، سەبارەت بەتێگەیشتنی ئێمە، ئەو رووداوە ئەوەی بیرهێنایەنەوە کاتێک کورد لەژێر دەستی بەعسییەکاندا جینۆساید دەکراو ناڵەی دەگەیشتە ئاسمان، ئەمریکییەکان تا بۆیان بکرایە خۆیان لێ گێل دەکرد، چونکە ئەوکات ئەوان پێویستیان بەڕژێمێک هەبوو لەم ناوچەیەدا شەڕی کۆماری ئیسلامییان بۆ بکات، بەڵام کاتێک ئەم رژێمە دڕندەیە کارەکەی تەواو دەبێتو وەزیفەیەک نابێت بیکات بۆ ئەمریکییەکان ئیدی تەنگی پێهەڵدەچننو بەجۆرەها بیانوی جیاجیاو لەدواجاردا لەناویشیدەبەن، ئەو بڕیارەی دادگای ئەمریکا پێماندەڵێت کە ئەمریکییەکان لەپەیوەندیدا بەدەرەوەی خۆیان شتێک رەچاو ناکەن ناوی ئەخلاقیاتی سیاسیو رێزگرتن بێت لەمرۆڤ، ئەوان هەنو بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەوتوون، شتێک نایانبەستێتەوە بەگفتو پەیمانەکانەوە، لێرەشەوە قسەیەک لەکۆتاییدا کە دەبێت بوترێت ئەوەیە هێزێک بەدرێژای پەنجا ساڵی رابردوو خاوەنی جۆرەها مومارەساتی نائەخلاقی بێت لەسەرانسەری جیهانداو دوایین مومارەسەی نامەسئولانەی مەسخەرەی ئازادکردنی پیاوکوژەکانی بلاک وۆتەر بێتو شتێک نەبێت لەزەینیدا دەربارەی رێزگرتن لەبەها ئەخلاقیو سیاسییەکان، چۆن دەتوانرێت ئومێدی ئەوەی لەسەر هەڵبچنرێت وەک ئەرکێکی ئەخلاقی تەماشای کێشەی ئێمەی کورد بکاتو پلانیشی هەبێت بۆ بەدیموکراسیکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست؟ ئەوە وەهمێکە کە تەنیا خەڵکانی سادە لەسەری دەژینو ناتوانن بێنە دەرەوەی ئەو وەهمەو بیربکەنەوە، بگرە هەندێکیان پەیکەر بۆ ئەو وەهمە دادەتاشن.

> جێی سەرسوورمانبوو لیژنەی نۆبڵ سەرۆکێك هەڵبژێرن بۆ خەڵاتی ئاشتی کە هێشتا هێزە سەربازییەکانی لەسەرانسەری جیهاندا خەریکی ئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵکن، بەتایبەت لەعێراق و ئەفغانستان


### پەراوێزەکان:

١- سیمور هیرش (القیادة الامریکیة العمیاء – الطریق من ١١ ایلول الی سجن ابوغریب)/ ت. مرکز التعریب و البرمجة/ دار العربیة للعلوم – الطبعة الاولی ٢٠٠٥/ لبنان. لاپەڕە ١٣

٢- نعوم تشومسکی (الدول الفاشلة – اساة استعمال القوة و التعدی علی الدیموقراطیة)/ ت. سامی الکعکی/ دار الکتاب العربی – الطبعة الاولی ٢٠٠٧ / لبنان. لاپەڕە٢٥

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ... لاپەڕە ٢٠

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ... لاپەڕە ١٦

٥- سیمور هیرش (القیادة الامریکیة العمیاء – الطریق من ١١ ایلول الی سجن ابو غریب)/ ت. مرکز التعریب و البرمجة/ دار العربیة للعلوم – الطبعة الاولی ٢٠٠٥/ لبنان. لاپەڕە ٦٧

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ... لاپەڕە ١٣

# حیزبە عەلمانییەکانی کوردستان نەحیزبی سیکۆلارن، نەدەزانن سیکۆلاریزم چییە

## هاوژین مەلائەمین بۆ دەستوور

سازدانی: موعاز فەرحان

**بەرەبنای ئەو ئیشکالیەتەی کە لەنێوان هەریەک لەچەمکی ئایین و دەوڵەت و سیاسەت و سیکۆلاریزمدا هەیەو ئەو گفتوگۆو دیالۆگانەی کە بەردەوام لەسەر ئەم بابەتانە دەخرێنەڕوو، لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم چەمکانە لەچ پانتاییەکدا دەتوانرێ ڕاڤەیەکی تەندروستیان بۆبکرێت و لەکوێدا دەتوانن خۆیان مانیفێست بکەن، ڕۆژنامەی دەستوور گفتوگۆیەکی لەگەڵ هاوژین مەلائەمین ڕووناکبیرو مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی سازدا.**

..............................

**دەستوور:** وەک دەبینین بوونی ئیسلامیەکان لەکوردستاندا بووە بەدیفاکتۆر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام حیزبە عەلمانیەکان، ئیسلامیەکان بەنامۆ بەکۆمەڵگای کوردی ناودەبەن و ئەو تۆمەتەیان دەخەنەپاڵ کەئەوان زیاتر گرنگی بەگوتاری ئیسلامی دەدەن وەک لەگوتاری نەتەوەیی، ئایا پێتوایە ئەمە خوێندنەوەیەکی تەندروستە؟

**هاوژین مەلائەمین:** بەبڕوای من نەخێر ئیسلامیەکان هێزێکی نیشتمانین، هێزێکن لەناو ئەم میللەتە پەیدابوون، بەڕاستی ڕۆڵەی ئەم میللەتەن، ڕاستە لەهەندێ بیرو بۆچوونیاندا ڕەنگە کێشە لەبۆچوون و تێگەیشتنیاندا لەدۆزی نەتەوەیی کوردو هەندێ پڕەنسیپی نەتەوەیی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی مافی خۆیانە چالاکی سیاسی بکەن، میللەتی کوردیش چەند کوردە ئەوەندەش موسڵمانە، چۆن ناتوانیت کورد لەکوردبوون و لەکۆمەڵێک پێکهێنەری بنەڕەتی نەتەوەیی کەدروستی کردوەدابڕێنیت، لەڕاستیدا ناتوانیت لەئاینی ئیسلامیشدایبڕێنیت، بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی زۆری نەتەوەی کوردیش موسڵمانە، ئیسلام بەئاینی خۆی دەزانێت، لەمەشدا کورد ناوازەنیە میللەتی فارسیش موسڵمانە، تورکیش موسڵمانە، واتە نەتەوەی غەیرە عەرەبی تریش هەیە کەڕەوتی ناسیۆنالیستی زۆر ئاینی تیایە کەپشت بەئایدۆلۆژیای دینی بەتایبەت ئیسلامی دەبەستێت، تەسەور دەکەم کێشەیەک نەبێت لەسیاغەکردنی دیدێکی نەتەوەیی لەڕوانگەی ئاینێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو هەندێ جار ئاینەکان خۆیان دەبنە توخمێکی بنەڕەتی بۆدروستکردنی دیدێکی ناسیۆنالیستی.

**دەستوور:** ئەوەی کەبەردەوام لەگوتاری بەرەی عەلمانیدا دەبینرێت بریتیە لەگوتاری خوێندنەوەی ئایین بەرەبنای گوتاری حیزبە ئیسلامیەکان، لێرەوە خوێندنەوەی ئایین وەک خۆی دەچێتە پەراوێزەوە، پێتوانیە ئەمە ئیشکالیەتی نەخوێندنەوەی ئایین وەک خودی خۆی دروستبکات لای عەلمانیەکان؟

**هاوژین مەلائەمین:** بەدڵنیاییەوە بەبڕوای من دووجۆر تێگەیشتن لەئایین هەیە، هەردوو تێگەیشتنەکە هەڵەن، هەردووکیشیان لەبنەما بنەڕەتیەکاندا تارادەیەکیش هاوبەشن یان ئەو عەقڵیەتەی کەبیردەکاتەوە لەهەردوو

> حیزبی ئیسلامی جموجوڵێکی دژەئیسلامە لەناو ئیسلام خۆیدا



هاوژین مەلا ئەمین

بەرەکە عەقڵیەتێکی هاوبەشە، هەمان پێکهاتەی فیکری و بنەڕەتی میتۆدی هەیە کەلێیەوە دەجوڵێت، مەبەست لەیەکێکیان عەقڵیەتی ئیسلامیەو ئەوی تریشیان عەقڵیەتی بەناو عەلمانیە، هیچکامیان خوێندنەوەی دروستیان بۆ ئاین نیە، بەبڕوای من لەهەردوو ڕەوتەکە تەوزیفی ئایدۆلۆژی کۆمەڵێک بەهاو پڕەنسیپونۆرم‌وئەخلاقی ئایینی دەکرێت بەدوو مەبەستی جیاواز، عەلمانیەکان لەبەدحاڵی بوونێکی گەورەوە لەوەی کەئیسلام چیە قسەدەکەن ئیسلامیان کورتکردوەتەوە لەئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی لەبۆچوونی حیزبی سیاسی ئیسلامیدا دەربارەی ئیسلام، کەئەمەش پشتگیرییەکە کەئەوان لەئیسلامیەکانی دەکەن واتە کورتکردنەوەی ئیسلام لەناوئیسلامی سیاسیدا بەبڕوای من بەزۆری لەبەرژەوەندی ئیسلامی سیاسی خۆیەتی، پێویستە خوێندنەوەی زانستیمان و تێگەیشتنی ترمان هەبێت لەدەرەوەی ئەو تێگەیشتنە ئایدۆلۆژیەی ئیسلامی سیاسی پشتی پێدەبەستێت و خۆی پێکردوەتە خاوەنی ئیسلام.

**دەستوور:** حیزبە عەلمانیەکان بەتایبەتی یەکێتی و پارتی ئیزدیواجیەتێک لەگوتاریاندا بەرامبەر بەئایین ئامادەیی هەیە، هەمیشە عەلمانیەکان واخۆیان نمایشدەکەن لەبەرامبەر حیزبە ئیسلامیەکاندا کە ئەوان میراتگری ڕاستەقینەی ئایینن؟ ئایا ئەمە عەلمانیەتە وادەڵێ، یان حیزبە عەلمانیەکانی ئێرە نەیانتوانیوە مانیفێستی گوتاری حیزبی سیکۆلار بکەن؟ ئەمە گوتارێکی دیماگۆجی نیە؟

**هاوژین مەلائەمین:** بەبڕوای من کێشەی گەورە هەیە لەناونانی ئەحزابە کوردیەکان بەعەلمانی بەبڕوای من کۆمەڵێک پڕەنسیپی بنەڕەتی بیرکردنەوەی عەلمانی هەیەکە لەناو ئەحزابی عەلمانی ئێمەشدا بەقەد ئەحزابە ئیسلامیەکان غائیبە، دواجار پێکهاتەی بنەڕەتی بەناو حیزبە عەلمانیەکانی خۆشمان هەمان ئەوپێکهاتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەیە کە بەزەحمەت دەتوانیت جیایان بکەیتەوە لەحیزبێکی ئیسلامی، هەندێ جاریش لەبەرئەوەی کە لەڕووی سیاسیەوە ئەحزابی عەلمانی خۆمان ئەزانن کەچ زەرەرێکی زۆریان لەخۆیانداوە کاتێک خۆیان لەئاین‌و لەئیسلام جیادەکەنەوە، جارێکی تر دەگەڕێنەوە سەرئەوەی کە ئیسلامیزەی خۆیانبکەنەوەو خۆیان وەک ئەحزابی ئیسلامی وئیسلامتر لەحیزبە ئیسلامیەکان بدەنە قەڵەم، لەڕێگەی گرتنەخۆی پیاوانی ئاینی و بەرگریکردن لە کۆمەڵێک بۆنەی ئاینی کەبەبڕوای من هەوڵێکی زۆرفاشیلە، وایکردوە حیزبە عەلمانیەکانی ئێمە سیمای نەتەوەیی خۆشیان ون بکەن بێگومان ناشتوانن ببن بەخاوەنی سیمایەکی ئیسلامی.

**دەستوور:** کەواتە حیزبەکانی خۆمان عەلمانی نین؟

**هاوژین مەلائەمین:** بەبڕوای من تێگەیشتنی عەلمانی لەئاین تێگەیشتنێکە باس لەبێلایەنی دەکات لە پەیوەندی‌و مامەڵەکردن لەگەڵ ئایندا باس لەدڵفراوانی دەکات بەرامبەر بەئینتمای ئایینی مرۆڤەکان، باس لە گێڕانەوەی ئاین دەکات بۆناوفەزای تایبەتی وجیهانی تایبەتی مرۆڤەکان، لەفۆڕمە هەندێ توندڕەوەکەیدا باس لەجیاکردنەوەی ئاین دەکات لەدەسەڵاتی سیاسی کە ئەم پڕەنسیپانە بەبڕوای من هەندێک جار ئەوەندەی لەلایەن ئیسلامیەکانەوە دەشکێنرێن ئەوەندەش لەلایەن حیزبە عەلمانیەکانەوە دەشکێنرێن.

**دەستوور:** حیزبی سیکۆلارو عەلمانی یەکیەتی زانایانی ئایینی بۆچیە؟ ئایا دەکرێ حیزبی عەلمانی گوێ لە فەتوای مەلا بگرێ؟ بەڵام لەچەندین کاتدا حیزبە عەلمانیەکان ملکەچی فەتوای مەلاکان بوون، ئایا فەتوا لەگەڵ پرنسیپەکانی عەلمانیەتدا دێتەوە؟

**هاوژین مەلائەمین:** کێشەکە ئەوەیە وەکو پێم وتی بەهیچ شێوەیەک نەفتوا لەگەڵ پڕەنسیپەکانی عەلمانیەتدا دێتەوە نەئەو ڕۆڵە گرنگەی کە بەدامودەزگائاینیەکان وهەندێ جار بەپیاوانی ئاینی‌و کۆمەڵێک بەهاوبۆنەو مەراسیمی ئاینی دەدرێت، مەسەلەکە ئەوەنیە کەعەلمانیەت دژی ئاینە، بەڵام عەلمانیەت قسەلەوەدەکات کەئاین بگەڕێتەوەناوفەزای تایبەتی وژیانی تایبەتی مرۆڤەکان‌وفەزای گشتی ڕەنگ ڕێژنەکرێت بەبەهاو بەنۆرم‌و بیرکردنەوەی ئاینی، وەبۆچونەئاینیەکانیش وەکو هەموبۆچوونەکانی تر مافی خۆیان پێبدرێتو ئازادی خۆیانیان هەبێت، بەڵام نەبن بەسەرچاوەی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی ودیسپلینی کۆمەڵایەتی‌و سەرکوتکردنی جیاوازی‌ودەنگەکانی‌تر. بەبڕوای من بەپێچەوانەوە هەندێ جار حیزبە عەلمانیەکان لەبەرباروودۆخی سیاسی تایبەت بەخۆیان لەبەرهەوڵدان بۆپارێزگاریکردن لەزەمینەی جەماوەری لەبەرکۆمەڵێک گیروگرفتی ئایدۆلۆژی وفیکری کە خودی بونیادی حیزبەسیاسیەکە هەیەتی هەمیشە گەڕاونەتەوە بۆسودوەرگرتن لەکۆمەڵێک نۆرم‌وپێگەوبەهای ئاینی.

**دەستوور:** پێت وایە حیزبەئیسلامیەکان بۆجەماوەروکادیرانی خۆیان توانیویانە دەسەڵاتێکی میسالی بن؟

**هاوژین مەلائەمین:** نابەبڕوای من زۆربەپێچەوانەوە لەناوحیزبە ئیسلامیەکاندا یەکێک لەوشتانەی کەزۆر زەرەرمەندە ئیسلام خۆیەتی، تەوزیفکردنی ئیسلام بۆئایدۆلۆژیایەکی سیاسی دەتوانین بڵێین حیزبی ئیسلامی جموجوڵێکی دژە ئیسلامە لەناو ئیسلام خۆیدا، دورخستنەوەی مرۆڤە لەوپاکیەی لەوبێگەردییە ڕۆحیەی کەئایندا‌وای

> ئیسلامیەکان هەمیشە ئیش لەسەرئەوەدەکەن کەحیزبەکەی خۆیان وەکوکەشتی نوح بناسێنن بەخەڵك کەدەشێت لەم دونیاولەودونیاشدا ڕزگاریان بکات

دەکات، کورتکردنەوەی ئیسلام تەنها بۆشەریعەتی ئیسلامی بۆکۆمەڵێک دیسپلینی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوری، بەبڕوای من زەرەرێکی گەورەلەلایەنی ڕۆحی مرۆڤەکاندەدات، یەک کێشەی گەورەش بەبڕوای من هێزەئیسلامیەکان بۆموسڵمانبوون لەم ناوچەیە دروستیان کردوە بریتیە لەوەی ئینتمای ئاینی مرۆڤیان خستوەتە ژێرپرسیارەوە، ئایامن موسڵمانم ئەگەر سەربەحیزبێکی ئیسلامی نەبم ئایا ئیسلامبوونی من ورزگاربوونم لەدواڕۆژدا چەند پەیوەندی پابەندون‌و نەبونم وئەندامبون‌ونەبونم لەناوحیزبێکی ئیسلامی سیاسیدا هەیە، ئیسلامیەکان هەمیشە ئیش لەسەرئەوەدەکەن کەحیزبەکەی خۆیان وەکوکەشتی نوح بناسێنن بەخەڵک کەدەشێت لەم دونیاولەودونیاشدا ڕزگاریان بکات، لەبەرئەوە بە بڕوای من یەکێک لەوبەها گرنگانەی زەرەرمەندبووە لەڕەوتە ئیسلامیەکان ئیسلام خۆیەتی.

**دەستوور:** پێتوایە حیزبی کوردی توانیویەتی چەمکی سیکۆلاریزم وەک ئەوەی کە لەڕۆژئاوا بوونی هەیە بیناسێنێت بەتاکی کورد؟ دەتوانین بڵێین ئەمانە حیزبی سیکۆلارن؟

**هاوژین مەلائەمین:** بەهیچ شێوەیەک نەحیزبی سیکۆلارن، نەئەزانن سیکۆلاریزم چیە، وەلە ڕاستیدا ئەوەهیچ بەخەڵکیان نەناساندووە بەدبەختەیەکی گەورەیان دروستکردووەو ئەوەندەیان شێواندووە کەسێکیش بیەوێت بیناسێت نازانێت چۆنی بناسێت، بەبڕوای من ئەوەندە کەسی ئایدۆلۆژیست لەکایەی سیاسیدا هەن کەدەشێت ئەگەر تێگەیشتنێکی دروستیان لەعەلمانیەت هەبێت بتوانن خزمەتێک بەتێگەیشتنی ئێمە یاخود زەمینەخۆشبکەن لەڕووی فیکری‌وکلتورییەوەبۆعەلمانیەت، بەڵام لەئەساسدا ناساندنی عەلمانیەت وەک ئەوەی کەچیەو چۆن پرۆسێس دەکرێت بەبڕوای من ئەندازەیەک ئیشی کەسانی بیرمەندو ڕۆشنبیروئەوکەسانەیە کەلەکایەی فیکری‌و فەلسەفیدا ئیش دەکەن، نەک ئەوانەی لەکایەی سیاسیدا ئیش دەکەن، ئەکتیڤستی سیاسی بەبڕوای من ئەو باکگراوندە فیکری‌و عەقڵانی‌و کلتوریەی نیە بتوانێت بەباشی زەمینەسازی بکات بۆبەرجەستەبوونی عەلمانیەت.

**دەستوور:** ئایا سیکۆلاریزم یاخود عەلمانیەت بەرامبەر ئایین لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامیدا فۆرمێکی ئایدۆلۆژی و توندڕەوانەی وەرنەگرتوە؟

**هاوژینی مەلائەمین:** بەدڵنیاییەوە ئێمەفۆڕمی نادروستی عەلمانیەتمان هەیە، بابڵێین فۆڕمی پەڕگیری عەلمانیەتمان هەیە ئەمەش وایکردووە یابەدحاڵبونێک یان خراپ تێگەیشتنێک لەعەلمانیەت لەناوکۆمەڵگەکانی ئێمەدا دروست ببێت، ئێستا ئەوەندەی ئەومەفهومە زاڵە بەسەرچەمکی عەلمانیەتدا کەدژایەتیکردنی ئاینە ئەوەندەئەومەفهومە بەسەریدا زاڵ نیە کەقبوڵکردنی ئاینە وجێگەکردنەوەیەتی لەناوژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆسروشتی چالاکی سیاسی حیزبە بەناوعەلمانیەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ولەدونیای ئێمەدا، لەبەرئەوە ئەوتێگەیشتنەی کەئێمە هەمانە یاخود ئەوململانێیەی کە ئێمە تەسەوری دەکەین لەنێوان ئاین‌وعەلمانیەتدا ڕاستەقینەکەی بریتیە لەوەی کە ئەمە ململانێیەکە لەنێوان دوو ڕەوتی سیاسیدایە، کەهەردووکیان لەبنەڕەتدا ڕەوتی توندڕەو تۆتالیتارو مۆدێلی حیزبی ستالینین نەک مۆدێلی حیزبی لیبراڵ و حیزبی عەلمانی و حیزبک کەباوەڕی بەپێکەوەژیانو قبوڵکردنی یەکترودۆڕاندن‌وبردنەوە هەیە لەدنیای سیاسیداولەناوپڕۆسەی دیموکراسیدا.

**دەستوور:** قسەکردنێکی زۆر لەسەر دین و سیکولایزم لای عەلمانیەکان ئامادەیی هەیە، بەو ئاراستەیەدا کەناکرێ ئاین تێکەڵ بەدەوڵەت و دەسەڵات بکرێ، ئایا ئەمە بۆ خۆی ڕەفز کردنێکی ناراستەوخۆی حیزبە ئیسلامیەکان نیە لەلایەن عەلمانیەکانەوە؟

**هاوژین مەلائەمین:** ڕەنگە تائەوشوێنەی کەڕواڵەتی ڕستەکەمانا دەبەخشێت بەبڕوای من نەخێر، واتە ئەوکاتەی ئێمە قسە لەسەرئەوەدەکەین کەئاین نابێت تێکەڵاوی دەسەڵات بکرێت، مەبەستمان ئەوەنیە کە پیاوی ئاینی نابێت لەکایەی سیاسیدا بەشداری بکات، مەبەستمان ئەوەنیە کەحیزبێکی ئیسلامی نابێت لەهەڵبژاردندا بەشداری بکات، بەڵکومەبەستمان ئەوەیە کەکۆمەڵێک پڕەنسیپی دەستوری وبنەمای ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و کلتوری کەئەم فەزایانە پێویستە ئازادی‌ویەکسانی‌ولەبنەمای هاوڵاتیبوون

> ئایین بەهایەکی ڕۆحی زۆر قوڵترە لەوەی ئەدایەکی سیاسی یان کاراکتەرێکی سیاسی بتوانێت تەمسیلی بکات

ڕێکبخرێت، وەبەهائاینیەکان نەیەنەناو ئەوکایانەوە بەومانایەی کەجیاوازی دروستبکرێت، مەسەلەن بۆنمونە جیاوازی هەیە لەوەدا پیاوێکی موسڵمان سەرۆکی وڵاتێکە لەگەڵ ئەوەی کەوڵاتێک خۆیی وەک وڵاتێکی ئیسلامی دەناسێنێت، فەرق دەکات کەسەرۆک وەزیرانێک کەسێکە لەحیزبێکی ئیسلامیەوە هاتبێت وەک ئەوەی ئێستا لەتورکیاهەیە، لەگەڵ ئەوەی کەدەستورو یاسایی وڵاتێک جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە کە شەریعەتی ئیسلامی یاساودەستوری وڵاتەکەیەتی، فەرق دەکات لەوەی تۆئەوقانونەی کەلەووڵاتەدا جێبەجێی دەکەیت قانونێکی عەلمانیەولەپەرلەماندانراوە، لەگەڵ ئەوەی کە تۆ ڕایەک ئەهێنیت کەشەریعەتی ئیسلامی قانونە لەلای، مەبەستم ئەوەیەکە قسەکردن لەسەرئەوەی ئاین لەدەوڵەت جیابکرێتەوە قسەکردن نیە لەوەی کەحیزبە ئیسلامیەکان نەتوانن مومارەسەی سیاسی وبەڕێوەبردنی دەوڵەت نەکەن، بەڵکو قسەکردنە لەسەرئەوەی کەئیسلامیزەی یاسانەکرێت ئیسلامیزەی‌دامەزراوەی حکومی نەکرێت.

**دەستوور:** دەگوترێت گەر ئایین جیابکرێتەوەو دووربخرێتەوە لە دەسەڵات بۆخۆی ئەمە سەیڤ کردنی خودی ئایینە لە ناپیرۆزبوون، چونکە وەک چەمکێکی پیرۆز لە قورسایی سیاسەت و دەسەڵات دەپارێزرێت؟

**هاوژین مەلائەمین:** ئەگەر لەپرسیارەکەت بەهەڵە حاڵی نەبوبم، گێڕانەوەی پیرۆزییە بۆ ئاین کاتێک کەجیای دەکەینەوە لەمومارەسەی سیاسی‌و سوڵتەوی، لەبەرئەوە ئاین بەهایەکی ڕۆحی زۆرقوڵترە لەوەی ئەدایەکی سیاسی یان کاراکتەرێکی سیاسی بتوانێت تەمسیلی بکات، یاخود ئێمەباری بکەین بەوهەڵانەی کەمرۆڤەکان بەسروشتی خۆیان لەبەرئەوەی کە بوونەوەری خاوەن هەڵەن. ئەشێت لەژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی خۆیاندا بکەونە ناوئەوهەڵانەوە، لەبەرئەوە بەبڕوای من گێڕانەوەی حورمەتە بۆئاین کاتێک باس لەجیاکردنەوەی ئاین لەدەستەڵات دەکەین.

**دەستوور:** ئایا ناکرێ حیزبێک لەهەمان کاتدا ئایینی و عەلمانیش بێت، وەک ئەوەی کە لەڕۆژئاوا حیزبی مەسیحی–عەلمانی بوونی هەیە؟ تەنانەت لەتورکیاش دەتوانم بڵێم هاوشێوەیەکی ئەم دوالیزمەیە ئامادەیی هەیە؟

**هاوژین مەلائەمین:** زۆر زۆردەکرێت بەتەسەوری من هیچ ناکۆکیەکودژیەتیەک لەنێوان عەلمانیەت‌وئیسلامیبوون یان ئاینیبووندا نییە بەشێوەیەکی گشتی.

> کورتکردنەوەی ئیسلام لەناو ئیسلامی سیاسیدا بەبڕوای من بەزۆری لەبەرژەوەندی ئیسلامی سیاسی خۆیەتی

# ئارەزووی سێکسیتان زیادبکەن

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەوڵاتی نەمسا ئەنجامدراوە، خۆدانە بەر تیشکی خۆر ئارەزووی سێکسی لای رەگەزی نێر بەرزدەکاتەوە.

لەلێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کەڤیتامین (D) کە لەوزەی خۆرەوە بەشێکی زۆری سەرچاوەدەگرێ، پەیوەستە بەبەرزکردنەوەی هۆرمۆنی تێستیستیۆرن لەلەشی پیاواندا کە بەندە بەئارەزووە سێکسییەکانەوە.

بەوپێیەش لەو مانگانەدا کەزۆرترین کات خۆر بەدەرەوەیە، رێژەی ئەو هۆرمۆنە زیاد دەکات، ڤیتامین (D) لەماسیو گۆشتی سووریشدا هەیە، بەڵام زۆرترین رێژەی لەتیشکی خۆردایە.



# کوڕەکەی مەحسون یەکەمە

مەحمودی کوڕی مەحسون قرمزی گیولی گۆرانیبێژو دەرهێنەری کوردی باکووری کوردستان، تەمەنی ١٧ ساڵەو بەرهەمی یەکەم هاوسەرگیریی باوکییەتی، زۆر زیرەکە لە قوتابخانەداو هەمیشە یەکەمی پۆلە، بەجۆرێک کە ناوبانگی مەحمودی ئاڵتونی لێنراوە.

زۆر شێوەی لەباوکی دەچێتو مەحسون ناوی ئەو برایەی لەکوڕەکەی ناوە کە لەخۆی گەورەتر بووەو بەهۆی گرتنی کارەباوە گیانی لەدەستداوە.

مەحمود جگە لەوەی خوێندکارێکی زیرەکە لەلایەن هاورێکانی قوتابخانەشییەوە زۆر خۆشەویستە.



# رۆبۆتێك لەبری مرۆڤ کاردەکات

ناساو جەنراڵ مۆتۆرز بەهاوکاری یەکتر رۆبۆتێکیان بەناوی (رۆبۆناوت٢) وە بەرهەمهێناوە کە پەنجەکانی وەک پەنجەی ئادەمیزاد هەستەوەرەو دەتوانێ هەم بۆشایی ئاسمانو هەم لەکارگەکانیشدا کاربکات.

ئەو رۆبۆتە کە لەپشتی بۆ سەرەوە بەجۆرێک دروستکراوە کەزۆر لەمرۆڤ بچێت دەتوانێت زۆرێک لەو ئەرکانە راپەڕێنێت کەمرۆڤ ئەنجامیاندەدات.

بەکورتی لەشو سەرو قۆڵو دەستو پەنجەکانی رۆبۆتە نوێکە زۆر نزیکە لەهی ئادەمیزادەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەتوانێ رێ بکات جارێ قاچەکانی تازەگەری تیا ئەنجامنەدراوە. لەجیاتی دوو قاچیش تەنها یەک قاچی هەیە.



# پاڵێوراوانی ئۆسکاری ٢٠١٠

پاڵێوراوانی ٨٢ەمین خولی خەڵاتی سینەمایی ئۆسکارراگەیەندراوهەریەکە لەفیلمی (ئاڤاتار) لەدەرهێنانی جەیمز کامێرۆنو (قەفەسی ئازار) (The Hurt Locker) لەدەرهێنانی کاترین بیگلۆ، پاڵێوراوی سەرەکین.

لەناو پاڵێوراوانی ئۆسکاری ساڵی ٢٠١٠دا، دوایین بەرهەمی جەیمز کامێرۆن، دەرهێنەری ناوداری ئەمریکایی کە تائێستا فرۆشی زیاتر لەدوو ملیار دۆلار بووەو وەک پڕفرۆشترین فیلمی مێژووی سینەما ناوی دەرکردووە، لە٩ بەشدا پاڵێوراوی خەڵاتە.

گەورەترینو بەرچاوترین رەقیبو بەرامبەری فیلمی "ئاڤاتار" لەدەرهێنانی جەیمز کامێرۆن، بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار، فیلمی "قەفەسی ئازار" (The Hurt Locker) لەدەرهێنانی کاترین بیگلۆیە کە ئەم فیلمەش لە٩ بەشدا پاڵێوراوە بۆ خەڵات، فیلمەکانی "رازی چاوەکانی" بەرهەمی ئەرژەنتین، "شیلەی غەم" بەرهەمی پیرۆ، "پێغەمبەر" بەرهەمی فەرەنسا، "باندی سپی" (Das weiße Band) بەرهەمی هاوبەشی ئەڵمانیاو نەمساو فیلمی "ئەجمی" بەرهەمی ئیسرائیل پێنج فیلمن کە توانیویانە برۆنە بەشی پێنج فیلمی بیانی خەڵاتی ئۆسکار.

ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٤٣ەوە، دە فیلم بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین فیلم پاڵێوراون، پێشتر لەساڵی ١٩٤٣ەوە بەشێوەیەکی باو، هەموو ساڵێک ٥ فیلم بۆ ئەم بەشە دەپاڵێوران. فیلمی "ئاڤاتار" لەدەرهێنانی جەیمز کامێرۆن، "خاڵی کوێر" (The Blind Side) بەرهەمی جان لی هێنکۆک، (ناوچەی ٩) لەدەرهێنانی "نیل بلامکەمپ"، "فیرکردن" بەرهەمی لۆن سکرفیو "قەفەسی ئازار" لەدەرهێنانی کاترین بیگلۆو "Inglourious Basterds" لەدەرهێنانی تارنتینۆ، "پریشس" (precious) بەرهەمی لی دانیلز، پیاوی جدی (A Serious Man) لەدەرهێنانی جۆئلو ئەیتن کۆئن، "سەرەوە" لەدەرهێنانی گیتەر دالکتەرو بۆب پیتەرسۆنو "Up in the Air" لەدەرهێنانی جیسۆن ریتمەن، ئەو دە فیلمەن کە پاڵێوراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکارو پێکەوە لەپێشبڕکێدان بۆ بەدەستهێنان ئەم خەڵاتە.







# هیتلەر ڤیاگرای بەکارهێناوە!



ئەو کتێبەی هەریەک لە هێنر یک ئیبێرلی مێژوونووسو هانز خواکیم نیو ما نی ما مۆستا ی زانکۆی چاریت لەژێر ناوی (ئایا هیتلەر نەخۆش بوو؟) بڵاویانکردەوە، هەرای نایەوە، چونکە ئەو نووسەرانە کەلێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەرشیفە پزیشکییەکانو دۆکیومێنتە سەربازییەکانی ئەدۆڵف هیتلەر کردووە بۆیان دەرکەوتووە کە هیتلەر بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ ئیڤا براونی خۆشەویستیدا بخەوێت مادەیەکی بەکارهێناوە، ئەو مادەیەش شتێکە لەجۆری رۆحی ڤیاگرا. هەروەک سیۆدۆر مۆرل دکتۆری تایبەتی هیتلەر رایگەیاندووە ئەو مادەیەی هیتلەر خواردوویەتییەوە، لەسپێرمو تاڵەکانی پرۆستاتی گا بۆی دروستکراوە.

# ١٩ ساڵەو دەوڵەمەندترینە



ئیما واتسنی تەمەن ١٩ ساڵ کە بەهۆی زنجیرەی هاری پۆتەرەوە ناوبانگی دەکرد، یەکێکە لەو کچانەی هۆڵیوود کەزۆرترین داهاتی هەیە. ساڵی پار بەدەستکەوتنی ٣٠ ملیۆن دۆلار، زۆرێک لەوانەی جێهێشت کە لێی گەورەترنو بە ئەزموونترن، بۆیە ئێستا وەکو دەوڵەمەنترین هونەرمەند ناوی دەرکردووە.

# جۆن تراڤۆڵتا دەگەڕێتەوە

ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی جۆن تراڤۆڵتا دوای ساڵێک لە لەدەستدانی کوڕە شانزە ساڵەکەی دەگەڕێتەوە نێو هونەری سینەماو لەفیلمێکی نوێدا بەهەوادارانیشاددەبێتەوە،لەوتەیەکیشدا بۆ ئاژانسی ئاسۆشیەیتد پرێس تراڤۆڵتا رایگەیاند: دوای مردنی کوڕەکەی رۆژانێکی زۆر سەخت ژیاوەو ناخۆشترین رووداو بووە کە لەژیانیدا بەسەریهاتووە، بەڵام ئەوەی کە خەمەکەی سوککردووە پشتیوانییەکی زۆری هەوادارانی بووە لەسەرتاسەری دنیاوە کە بەوتەی خۆی زۆری پێویست پێی بووە.



ئامادەکردنی: شەیدا

## کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

گرنگی زیاتر بەباری تەندروستیت دەدەیت لەرێگای وەرزشەوە، هەوڵدەدەیت دەوروبەرەکەت سەرقاڵی کارکردن بکەیت تا دڵخۆشبن، زیادەڕەوی لەهەڵسەنگاندنی شتەکاندا مەکەو وەک خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکە، هاوسەنگی لەپەیوەندییە سۆزدارییەکانتدا بکە، رۆژی بەختت هەینییە.

## گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

زۆر ئاگاداری هەنگاونانت بە، تا دواتر پەشیمان نەبیتەوە، چاوەڕوانی پشتیوانی کەس مەکە، خۆت دەتوانیت لەکارەکەتدا سەرکەوتووبیت، پێویستت بەوەیە بەتەنها بیت تا زیاتر بیر لەوشتانە بکەیتەوە کە دەتەوێت ئەنجامیانبدەیت، پێویستت بەجێگیری هەیە لەپەیوەندییە خۆشەویستییەکەتدا، رۆژی بەختت یەکشەممەیە.

## دوانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

پێناچێت ئەو قازانجە بکەیت لەکارەکەت کە خۆت چاوەڕوانی دەکەیت، دەتوانیت پلانی وردتر دابنێیت بۆ سەرکەوتنت لەبواری کارەکەتدا، گوێ لەو ئامۆژگارییانە بگرە کە هاوڕێیەکی کۆنت پێتدەڵێت، خۆت ئامادەبکە بۆ چەند شتێک کە لەداهاتوودا رووبەڕووت دەبێتەوە، رۆژی بەختت دووشەممەیە.

## قرژاڵ



(٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز)

ئەو گرێبەستی کارەی پێشکەشتدەکرێت جێگای سەرنجت نابێت، هاوسەنگی لەنێوان کارو ژیانی رۆژانەتدا بکە تا ئەنجامێکی باشت دەستبکەوێت، زۆر ئارەزوو ناکەیت کاتەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەتدا بەسەربەریت، گرنگی بەپەیوەندییە سۆزدارییەکانت بدە تا خۆشبەختبیت، رۆژی بەختت چوارشەممەیە.

## شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

کاتێکی خۆش لەگەڵ چالاکیو کارەکانتدا بەسەردەبەیت، تواناکانت لەبەدەستهێنانی زانیاری‌نهێنی‌نزیکتدەکاتەوە لەبەدەستهێنانی پارەیەکی باش، چەند هاورێیەکت دەیانەوێت شکست بەکارەکانت بهێنن، پێویستە زیاتر ئاگاداربیتو متمانە بەهەموو کەسێک نەکەیت، رۆژی بەختت دووشەممەیە.

## فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

دەتوانیت دەوروبەرەکەت لەچۆنیەتی پرۆژەکانت ئاگاداربکەیتەوە، کەسانی تازە دەناسیت کە لەداهاتوودا سودت پێدەگەیەنن، هەوڵبدە لەرووبەڕوودا قسەکانت بکەیتو لەپاشەملە باسی کەس مەکە، پەیوەندییە خۆشەویستییەکانت‌پێویستی‌بەپێداچوونەوە هەیە، رۆژی بەختت هەینییە.

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

بەر لەهەر هەنگاوێک پێویستە ئامادەباشی بۆبکەیت، بۆچوونەکانت باسبکەوکەسانێک هەن پشتگیریتدەکەن، ئەو گرفتە بچوکەی لەکارەکەتدا رووبەڕووتبووەوە هەوڵبدە کاریگەری خراپی نەبێت لەسەرت، کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا بەسەر دەبەیت، رۆژی بەختت هەینییە.

## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

کەسایەتییەکی بەهێزت هەیە، بەڵام کەسە نزیکەکانت قایل نابن بەو بۆچوونانەت کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانت هەتە، سەرکەوتنێکی باش بەدەستدەهێنیت لەبەڕێوەبردنی کارەکانتدا، لەم مانگەدا گەشتێکی دڵخۆشکەردەکەیتوپشویەکی باش دەبێت بۆت، رۆژی بەختت چوارشەممەیە.

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

هەوڵبدە زانینت بۆ کارەکانت زیاتربێت، گرنگی زیاتر بەتەندروستیت بدە، کەسانێک دەیانەوێت کارێکت پێبکەن کە تۆ ناتەوێت بیکەیت، لەبواری کارەکەتدا سەرکەوتوودەبیت، گرنگی زۆر بەچوونت بۆ ئاهەنگەکان مەدە تا کەسە خۆشەویستەکانت لەدەستنەدەیت، رۆژی بەختت سێشەممەیە.

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

پێدەچێت پەیوەندییە سۆزدارییەکانت گرفتی بۆ دروستببێت، پێویستە راستییەکان بەخۆشەویستەکەت بڵێیت تا متمانەت لەدەستنەدەیت، گرنگی بەکارەکەت بدەو کەمێک لەپەیوەندییە سۆزدارییەکانت دووربکەوەرەوە، هەڵسوکەوتی دیبلۆماسیانەت سەرکەوتوت دەکات لەکارەکەت، رۆژی بەختت دووشەممەیە.

## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

لەکاتی تورەبوونتدا پێویستە زیاتر خۆڕاگربیت، بەکەسانی تازە ئاشنا دەبیت لەبواری کارەکەتدا کە هەندێکیان دەبنە پشتیوانت، پرۆژەکانت هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی خێزانەکەت، گرنگی زیاتر بەخۆشەویستەکەت بدەو بۆچوونەکانی بەهەند وەربگرە، رۆژی بەختت شەممەیە.

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

گەشتکردن ئارامی دەروونیت پێدەبەخشێت، بەڵام خەرجی زیاتری لەوەی تۆ چاوەڕوانیدەکەیت دەوێت، گرنگی زیاتر بەباری تەندروستیت بدە، گوێ لەقسەکانی کەسە نزیکەکانت بگرە، چونکە لەداهاتوودا سودیان لێدەبینیت، خۆشەویستەکەت پێویستی زیاتر پێتە پشتگوێی مەخە، رۆژی بەختت شەممەیە.

دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تیلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تیلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان. سلێمانی ـ شاری سالم.
تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٤٧٧١ & ٠٥٣٣١٨٧٨١١

ژمارە (١٨)، ساڵی یەکەم
چوارشەممە ٢٠١٠/٢/١٠
www.destur.net
info@destur.net





## دەلاقە

خالیدی حاجی ئەحمەد

# لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا

لەهەڵبژاردنی ڕابووردوودا بەشەرعیەتی زۆرینەو ڕەوایی بەرەنگاربوونەوەو شۆڕشگێڕێتی، کەم تا زۆرێک دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥ ئاشکرابوو، شیعە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێننو کوردیش وەک پێکهاتەیەکی تایبەت لەو وڵاتەدا پێگەیەکی شۆڕشگێڕی تایبەتی هەبوو. بەڕێژەش ڕەنگە دووەم پێکهاتەبێتو پێش سوونەی عەرەب بێت لەرووی ژمارەی دانیشتووانەوە، پلەی یەکەمو دووەمیان بەدەستهێناو یەکڕیزییەک لەناو ئەو دوو پێکهاتەیەدا هەبوو، سەرباری ئەوەی سوننە هێشتا لەسووڕی گێژبوونو تاساویی لەدەستدانی دەسەڵاتدابوون. پێبەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان لەوکاتەوە تائێستا کۆمەڵێک فاکتەریتر هاتوونەتە ناو ڕەوتەکەوەو کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەدەستنیشانکردنو دەرەئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەی کە لەرێدایە. لەوانە کاریگەریی‌و دەستتێوەردانە دەرەکییەکانو هاتنەناوەوەی وڵاتانی دەرەکی، سەرباری ناکۆکییە ناوخۆییەکان، کەم تا زۆر عێراق بووەتە ناوەندی ململانێی ئەمریکاو ئێران، لەهەمووشی گرنگتر دابەشبوونی هێزە دەسەڵاتدارەکانی ناوخۆو قوڵبوونەوەی ململانێکانیان لەسەر دەسەڵاتو پارەوپوولە.

هەرچی شیعەکانیشە، ئەوا لەماوەیەکی کەمدا کۆمەڵێک دەستکەوتی گەورەیان بەدەستهێنا، جگە لەگرتنەدەستی زۆرینەی پۆستە گرنگەکانی عێراق، توانیان لەرووی دیمۆگرافییەوە قەرەبووی بڕێکی ئەو زوڵمو زۆرە بکەنەوە کە لەمێژووی عێراقدا لێیانکرابوو. تەنانەت رووپەڕی بەغدا بگۆڕن بۆ پایتەختێکی شێوە شیعە. دوای شەڕە خوێناوییەکانی ٢٠٠٦_٢٠٠٧ و هاتنەناوەوەی ئەمریکیەکانو وەستاندنی پاکتاوی تائیفیانە لەناوچە جوراوجۆرەکانی عێراقدا، شیعە وەک دەسەڵاتی یەکەم خۆی چەسپاند. لەهەمان ئەو پرۆسەیەشدا سوونەکان لەدۆخێکی بەرگرییانەو سەندنەوەدا بەرەنگاری دەسەڵات لەئەلقاعیدە، گروپو حیزبو دەستە پەرتەوازەبووەکان یەکتریان دۆزییەوەو توانیان کەم تازۆرێک هێوربببنەوەو بەناچاری پێبخەنەوە بواری سیاسەت، گەرچی هێشتا وازیان لەبەرگری چەکدارانە نەهێناوە، لەهەوڵی گرتنەوە دەستی دەسەڵاتدان. لەهەمانکاتدا شیعەکان، لەژێر سێ کاریگەریی گرنگدا زیاتر شیتەڵ بوون:

١/ شیعەی عێراق بەو هۆکارەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە ناتوانن بەسانایی بانگەشەی دژ بەسوننە بکەن، وەک ئەوەی لە ٢٠٠٥ دا دەیانتوانی. لێرەدا هەرلایەنێکی شیعە بەئاستو پلەیەکی جیاوازو لەروانگەی پێگەی دەسەڵاتیانەوە لەسوننەکان دەڕوانن.

٢/ ئەمریکیەکان فشارێکی زۆر دەخە سەر شیعەکان بۆ قبوڵکردنی پێگەیەکی گونجاو بۆ سوننەکان، لەلایەکەوە وەک فشاری سیاسی‌و لەلایەکی تریشەوە وەک ترسێک تا عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی شیعەیی کە هاوکێشەی ناوچەکە بگۆڕێت.

٣/ فشاری ئێرانو چۆنێتی کارکردنو ڕەنگدانەوەی لەنێوەندە شیعەییەکاندا کە پێدەچێت لەهەندێ رووخسارەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێ، بەتایبەت لەمڕۆدا کە عێراق بۆ ئێران زیاتر لەدراوسێیەکو بوونی لێکدانەوەیەکی ستراتیژیانە، گۆڕەپانی ساخکردنەوەی ململانێ هەنووکەییەکان، بەتایبەت دژ بەئەمریکیەکانو مەرامەکانیان. وەک هەندێک هەڵوێستی روونو ئاشکرا دەبینین کە بەرەی شیعەکان بۆتە دوو گروپی گەورەو یەکدەنگی هەڵبژاردنەکەی پێشووتریان نەماوە. ئەم ڕەوتە مەترسیەکی گەورەی لەگەڕانەوەیەکی بەهێزی سوننەکاندا نەخشاند. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا، شیعەکان بەئاسانی بانگەشەی تائیفەگەرییان بۆ ناکرێت، وەک تاکتیکێکی زیرەکانە، هاتن کێشەی بەعسیبوونی بڕێک لەکاندیدە سوننەکانیان هێنایە گۆڕێ، تا هێزی سونەو عەلمانیەکان پشێوو ئاڵۆزبکەنو نەشتوانرێت لەلایەن دەرەوەو بەتایبەت وڵاتە سونییەکانەوە بەتائیفەچی ناوزەدبکرێن. ئەگەرنا زۆرێک لەو ناوانەی دورخراونەتەوە سەرباریی بەعسیبوونو کردەوە بەربەرییەکانیان کە ناسراوە، ئەوە چەند ساڵە ئەندامی پەرلەمانو ئەو دەوڵەتەن کە خودی شیعەکان بەڕێوەیدەبەن، بڵێی خێربێت دوای چەندین ساڵ ڕاببنو لەدەمەدەمی هەڵبژاردنەکاندا بیریان بکەوێتەوە کە بڕێکی زۆری ئەو سوننانە لەبکوژانی گەلانی عێراقن. (پێدەچێت ئەمە وانەیەکی گرنگ بێت بۆ کورد، هەم وەک کارکردنی تاکتیکی‌و هەم وەک ئەو ئەگەرە بەهێزەی کە سبەینێش هەمان ڕەوش بەرامبەر بەکورد بگرنەبەر کە ئەمڕۆ هاوپەیمانیانە).

دەبینین لەمخاڵەدا شیعە عەلمانیەکان نەبێت، ئەوا زۆرینەی شیعەکان کۆدەنگن لەسەر ئەم بڕیارە. کاردانەوەی کوردیش لەم رووەوە ڕۆژ ڕەشی ئەمڕۆی کوردی بەدروستی تێدا دەخوێندرێتەوە کە یەکێک دەڵێت تەنها دەبێت دژایەتی بەعسی سەدامی بکرێت (وەک جیاوازی نێوان سەگی ڕەشو سەگی سپی)و یەکێک دەڵێت موتڵەگ کەسی نەکووشتوە، یەکێکیش دەڵێت هەردوو بۆچوونەکە هەڵەن، بێئەوەی بۆچوونی خۆی هەبێت. ئەمە جگە لەدەرخستنی ئەو ڕاستیەی کە کورد ئامادەییەکی دروستی نییە لەعێراقدا،،، ئەوەش دەیسەلمێنێ کە وەک پێکهاتەیەک هیچ ئامادەییەکی لەباردا نییە بۆ خستنەگەڕی ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان شیعەو سونەدا هەن، تا بەسوودی خۆی بیانقۆزێتەوە.


دەستوور
لەسەرکەوتن نزیکتان دەکاتەوە

بۆ سەرجەم کاندیدو لیستو قەوارە سیاسییەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ڕۆژنامەی دەستوور ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانتان لەچوارچێوەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.
ڕۆژنامەی دەستوور ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات. ڕۆژانی چوارشەممە بە ٢٤ لاپەڕەو ٤ لاپەرەی ڕەنگاوڕەنگو بە تیراژی (١٠) دە هەزار دانە، لەڕێی تۆڕێکی فراوانی دابەشکردنەوە لەیەککاتدا لەتەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.



- ڕووبەری پێویست
- شوێنی گونجاو
- کوالیتی بەرز
- نرخی گونجاو

هەرێمی کوردستان. سلێمانی ـ شاری سالم.
تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٤٧٧١ & ٠٥٣٣١٨٧٨١١& ٠٧٧٠٨٦٢٦٣٦٤